# سێ ژن لە هەزاران لە ئەنفالدا

گوڵاڵەی گەرمیان

2015

پێشکەشە بە گیانی پیرۆزی ئەوانەی  شەڕ لانەی ئارامی لێ تێکدان

ناوی کتێب:  سێ ژن لە هەزاران

نووسینی: گوڵاڵەی گەرمیان

دیزاینی بەرگ ناوەڕۆك:  نەبەز مستەفا

پێشەکی و پێداچوونەوە: تەها سلێمان

سەرپەرشتیاری کتێب:  دەزگای لێکۆڵینەوە بۆ جینۆسایدو ئەنفال

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

تیراژ:  1000  دانە

نرخ "3000" هەزار دینار

ژمارەی سپاردن: ژمارە ) 504) لەوەزارەتی رۆشنبیری پێبەخشراوە

لەچاپخانەی (          ) چاپکراوە

ساڵی چاپ: 2015

ناوەڕۆك:

پێشەکی .........................................................................
چەمکی جینۆساید...................................................
پێناسەی جینۆساید..................................................................
سێ ژن لە هەزاران...........................................................................
لەم کردەوە دڕندانەیەدا...............................................
تاوانی ئەنفال....................................................................
ئەو ژنانەی لێرە..............................................................
لە هەل و مەرجێکی وادا.................................................
گەرمیان.......................................................
کانی عوبێد.............................................................
مینا هاوڵاتی.........................................................
مینا عەلی بابا.....................................................
سەبریە ئەحمەد کەریم ............................................
رێژاو بابا یابە.......................................................
بینینی تەیبە............................................
زانیارییەکانی ئەم سێ خاتوونە ............................
سوپاس و پێزانین.....................................
خاتوو کارین ...................................................
ناوی شەهیدەکان .......................................
لیستی ئەنفالکراوان.........................................
وینەکان.....................................

پێشەکی

سێ ژن یان هەزاران.. بۆ؟ کاتێك گوڵناز عەزیز، رەشنووسی ئەم کارەی خستە بەردەستم و نیازی خۆی بۆ باسکردم، دڵخۆش بووم بەوەی ژنێك دەیەوێ لە ئازاری ژن بگات، دەیەوێ بەلایەنی کەم بەشێك لەو ئازارە بە نوسین و یاداشتکردنیان لە کۆڵ بنێ، ئەم بەرپرسیارێتیە هەموو کەس ناتوانێ بیخاتە سەرشان و کار بۆ جێبەجێکردنی بکات، "گوڵناز" جگە لە بوارەکانی تری خزمەتکردن لە دۆسیەی تاوانی ئەنفال، لێرەوەو لە رێگای تۆمارکردنی ئازاری "سێ ژن"ەوە، دەیەوێ بە ئازاری هەزاران ژنمان ئاشنا بکات کە لە دووتوێی پەلامارو تاوانەکانی ئەنفال بەرکەوتوون.

مینا، سەبریە، رێژاو" ئەو سێ ژنەن، کە هەر لە سەرەتای کارەکەوە گوڵناز "گوڵاڵەی گەرمیان" ئاوا ستایشیان دەکات " مینا " ....ئەو مرۆڤە مەزنەی ناسکتر لە مینا ،ڕونتر لە مینا، بە هێزو خۆراگر وەك چیا، سەبریە.... کانگای سۆز و دایکایەتی ، "سەرکاری پرۆژە و بەرێوەبردن، ڕێژاو ....نمونەی بوێری و بەهێزی ژن لە سەخترین هەل و مەرجی ژیاندا.

چیرۆکی ئەم سێ ژنە، گوزارشتە لە هەزاران لە تاوانی ئەنفال، کە بەعسییەکان زۆر دڕندانەو لە هەشت قۆناغی یەك لە دوای یەك و لە ساڵی 1988 دژ بە خەڵکی کوردستان ئەنجامیاندا، گوندەکەی "مینا، سەبری، رێژاو" واتا "کانی عوبێد" لە قۆناغی سێیەمی پەلامارو شاڵاوەکە لە 7-4 1988 تا 20-4-1988 بە خەستی بەرشاڵاوەکە دەکەوێت و دانیشتوانەکەی وەك سەدان گوندی تر، راپێچی زیندانەکانی "نوگرە سەلمان، دبز، تۆپزاوە" دەکرێن و بێسەرو شوێندەکرێن.

چارەنوسی مان و نەمان، ئەم سێ ژنە ڕزگار دەکات، ئێدی ئەوەتانێ "گوڵناز" بە شێوە ئاخافتنی تایبەتی خۆی لە گەشتێکدا کە پێکەوە دەبن بۆ ئەڵمانیا، دەرفەت لە "میناو سەبریە" دێنێ و بەشێك لە چیرۆك و بەسەرهاتی تاوانی ئەنفالیان لە زار وەردەگرێت و تۆماری دەکات، کە ئەمەش بۆ خۆی کارێکە شایستەی ئافەرین و رێزلێنانە، چونکە لە کۆتایدا ئەم کارانە دەبنە کەرەستەی نوسینەوەی مێژووی نەتەوەیەکی ئەنفالکراو، ستەم لێکراو، خاك بە سوتماکراو، لە ناویاندا گێرانەوەی ئازاری بە سوێی ژنان و ئافرەتان کە دیارترین قوربانی ئەنجامدانی تاوانەکەن.

دەبێت ئەوەش بڵێم کاتێك هاوڕێم "گوڵناز" بیرۆکەو رەش نووسی ئەم کارەی خستە بەردەستم، پێشنیاری ئەوەم بۆی کرد، ئەم کارە وەربگێڕێتە سەرزمانی ئنگلیزی، چونکە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، ئەویش راستەو خۆ پێشنیارەکەی پەسەند کرد، هەروەك لە گەڵ چاپە کوردییەکەی چاپە ئنگلیزییەکەی لە بەردەستە.

من ئەگەر بمەوێ لە پێشەکی دوور بکەومەوەو شیکردنەوە بۆ ئازارەکانی "مینا، سەبریە، رێژاو" بکەم، بەبێ زیادڕۆیی دەتوانرێ کتێبێك بنوسین، بەڵام ئەوە جێدێڵم بۆ خوێنەری بە سەلیقە، بۆ خوێنەرێك کە خۆی مەبەستیەتی لەناو ئازاری ئەم سێ ژنە، هەزاران بخوێنێتەوە، دەیەوێ لە رێگای ئەم کارەوە لە گەورەیی "مینا، سەبری، رێژاو"و هەزارانی وەك ئەوان بگاتێ.

تەنها ماوەتەوە ئەوەندە بڵێم ئەو کارەی بەردەست لە یەککاتدا "راوسەرنجی نووسەرە لە سەر گەرمیان و شاڵاوەکانی ئەنفال، دیداری رۆژنامەوانیە، تێکەڵ بوونە لە گەڵ ئازاری ژنانی بە جێماو لە ئەنفال، هەڵگرتنەوەی برێك زانیاری و دیکۆمێنتە، هاوبەشیکردنە لە خەمی ئەوان"، واتا ستایلێکی تایبەت بە ئامادەکارونووسەری هەڵگرتوە نەك قوتابخانەیەکی رۆژنامەنووسی، بۆیە ئێمە نە ویستمان و نەش ئامانجمانە ناوەرۆکی ئیشەکە بە ئاوەزو هزرو سەلیقەی خۆمان دارێژینەوە، لە کاتێك نووسەر سەرپشکی کردبووین، پێمان وابوو نرخی زیندوییەتی ئیشەکە بەم شێوەی خۆی، "ژنێك دەیەوێ لە ئازاری سێ ژن و هەزاران بگات، سێ ژن ئازاری هەزاران ژن دەگێڕنەوە" ئەمە راستیەکەیە، هەر ئەم راستیەش وێنا راستیەکەی ژنی بە جێماوە لە تاوانی ئەنفال.

دەبێت ئەوەش بڵێم شێوازی نوسینەوەو تۆمارکردنەکان، زۆربەی کات بەلای شێوەزاری گەرمیانیدا شکاوەتەوە، ئەمەش هێندەی تر کارەکەی ناوازەترکردوەو ئێمە نەمانویست یەك رستەش بگۆڕین، کاتێکیش من چیرۆکی "مینا، سەبریە، رێژاو، تەیبە"م دەخوێندەوە تاسام، تاسانێك زۆر ئازاری دام، ئازارێك بە دەگمەن تووشم بوە، من بیست و چوارساڵە لە دۆسیەی تاوانی ئەنفالدا ئیش دەکەم، دەنوسم و دەخوێنمەوە، بەڵگەنامەو پەڕاو ئەم دیوو ئەو دیو دەکەم، پەڕاوی چیرۆکی ئەم چوار ژنە لە پەڕاوە پڕ موچڕکەکان بوو بۆ من.

چیرۆکە پڕ لە راستگۆییەکانی نێو ئەم کتێبە، جگە لەوەی مشتێکن لە گوزارشتکردن لە رابوردوویەکی تاڵ، پڕاو پڕ لە ناسۆری، شاهید حاڵ بە دیاردزێوترین تاوان ئەویش تاوانی ئەنفالە وەك بەشێك لە جینۆسایدی گەلی کوردستان لە باشووری نیشتمانەکەی، کۆکردنەوەیان لە ئێستا یەکێکە لە ئەرکە گرنگ و پڕ بایەخەکان، بۆ داهاتووش گەورەترین سەرمایەی نەتەوەیی و نیشتمانی بینادنانەوەو دامەزراندنەوەی کۆمەڵگان لە سەر هەموو ئاستەکان.

ئێمە بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونی زیاتر بدەینە خوێنەرو بەراورد کردنی تاوانەکانی دەرهەق بەم "سێ" ژنەی "گوڵاڵە" کارەکەی لە سەرئەنجامداون و دواتریش خشتەیەکی تەندروستی ناوی تەواوی قوربانیەکانی گوندی "کانی عوبێد"ی خستوتە روو، و تۆماری کردوە، بە پێویستمان زانی پاش ئەم پێشەکیە کورتە لە خوارەوە، شتێك لە بارەی چەمك و پێناسەی جینۆسایدەوە بخەینە ڕوو

تەها سلێمان

هەولێر 2015

چەمکی جینۆساید

ناساندن یان ناوەزەندکردنی کۆمەڵکوژی بە(جینۆساید) و بەرکارخستنی لەیاسای نێودەوڵەتیدا، بۆیەکەم جار لەدوای جەنگی جیهانی دووەم هاتەکایەوە، کە تێیدا گرنگترین ماف کەمافی بون و ژیانەو لە بەندی سێیەم لەجاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لەساڵی لەدوو بڕگە (genocide) 1948 پێداگیری لەسەر کراوە دەرهەق بە هەندێ گروپ و نەتەوەو کۆمەڵ. زاراوەی جینۆساید ی لاتینی، واتای کوشتن دەگەیەنێ (caedere) ی یونانیە یا(cide) ی یۆنانی بە واتای رەگەزو دووەم(genos) پێکهاتووە، یەکەمیان بەسەریەکەوە، مانای کوشتنی رەگەزی مرۆڤ دەبەخشێت و لە چەمك و مانایدا هەڵگر یاخود مەبەستی کوشتنی بەکۆمەڵ یا قڕکردنە.

بوو کەبەڕەچەڵەك "پۆلۆنی" بوو، (rafallemkeln) بۆیەکەمینجارو یەکەمین کەس کەئەم زاراوەیەیی بەکارهێناو جێگیریکرد هاوکات هەڵگری رەگەزنامەی "ئەمریکی" بوو، لەدوای جەنگی جیهانی دووەمیشەوە پلەی راوێژکاری وەزارەتی جەنگی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای پێبەخشرابوو. رەنگە ئەوەی زیاتر وای لەو زانایە کردبێ کەبیرلەو زاراوەیە بکاتەوە بەوەی کە بە

دیارترین تاوان یان تاوانی تاوانەکان پێناسەی بکات و بیناسێنێت، بەدەرلەوەی کەخۆی شارەزای ئەو بوارەبوە، ئەوەبوێت کەخۆی خانەوادەکەی دوای ئەوەی کەوتنە دەستی "نازییەکان"کۆمەڵکوژکران. ئەو بڕیارەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە یاسای ساڵی 1948 دەرچوو دڵنیای کردەوە لە سەربنەماکانی نێودەوڵەتی کە دادگای "نوێرنبێرگ" دانی پێدا ناوەو داوای دەست نیشانکردنی گشت بنەماکانی کرد کەدانی پێدا ناوە لە"میامی" و دادگای "نوێرنبێرگ"و لەحوکمی "دادگا"وە لەبڕیاری دووەم. لەهەمان ڕۆژدا کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دڵنیاییدا کەجینۆساید لە ناوبردنی کۆمەڵگاکانی مرۆڤ و لەناوبردنی مافی ژیانی تاکەکانە لە هەموو توخم و ڕەگەزەکانی مرۆڤایەتی و ڕێکەوتن نامەیەك دەربارەی جینۆساید جێبەجێکرا لە 12ی کانونی دووەم ساڵی 1951، "110" ووڵات ڕەزامەندیان لە سەری دەربڕی و لە پێشەکی ڕێکەوتننامەکەدا دەستنیشانی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانی کردووە لەبەرواری 1948/12/11 کەتیایدا هاتووە "جینۆساید تاوانە لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتیەوە، وە پێچەوانەیە لەگەڵ ئامانج و مەبەستەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەروەها جیهانی شارستانی نکۆڵی لێکردووە"، هەتاکو ئێستاش لە زۆربەی ڕوداوەکاندا وەك مەرجێکی سەرەکی و پابەندی لە سەرشانی وڵاتان دادەنرێت. لە ساڵی 1950 لیژنەی یاسای نێودەوڵەتی کە سەربەنەتەوە یەکگرتووەکانە پرنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی داڕشت کە پێناسە و شێکردنەوەی بۆ کراوە لە یاسای "نوێرنبێرگ"و ڕیزبەندی بۆ تاوانی جینۆسایدی کردوە کە لە دژی مرۆڤ و مرۆڤایەتی ئەنجام دراوە، وەك تاوانێك کە بکەرو ئەنجامدەرانی سزای یاسایی دەدرێن بە پێی یاسای نێودەوڵەتی و لەو پرنسیپانە کە باس لە جینۆساید دەکات وەکو تاوانێکی سەربەخۆو دژ بە کۆڕو کۆمەڵ و مرۆڤایەتی.

پێناسەی جینۆساید

لەبەرڕۆشنایی ئەو پێوەرو پێوانانەی کە لەپەیماننامەی پێشگرتن و سزادانی تاوانکاری جینۆسایدا هاتوون لە "9"ی دیسمبەری ساڵی 1948 لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هاتووە، وەکو بڕیارێکی تایبەت لە بەژمارە (260) بڵاوکراوەتەوە، دەتوانین کۆی تاوانەکانی دژ بە گەلی کورد وەك "ئەنفال، ئەنفالی بەرزانیەکان، کیمیابارانی هەڵەبجە، کۆمەڵکوژی و ڕاگواستنی فەیلیەکان، ڕاگواستنی پشدەرو دەوروبەری، بۆمبارانکردنی قەڵادزێ، ڕاگواستنی سەید سادق، ڕاگواستنی مەخمور، ڕاگواستنی کەرکوك و دەوروبەری، بۆردومانی ئۆردوگای زیوێ، کۆمەڵکوژی ئەشکەوتی دەکان"و زۆری تر، لە نوێترینیان "کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزدی و قەزای شەنگال و دەوروبەری" بە جینۆساید بناسێنین، بە پێی ماددەی "2"ی ئەو پەیماننامەیە کەبەم شێوەیە باس لە جینۆساید دەکات:

1- جینۆساید هەموو ئەو کردەوانەی خوارەوە دەگرێتەوە کە مەبەستی لە ناوبردنی تەواو یان بەشێك لە گروپێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی، ڕەگەزی و ئاینی ئەنجام دەدرێت، بۆنموونە:

2-کوشتنی ئەندامانی گروپەکە.

3-گەیاندنی زیانی گیانی یا ڕۆحی ترسناك بەئەندامانی گروپەکە.

4-بەمەبەست دانانی ئەندامانی گروپەکە لەژێر بارودۆخێکی وادا کەببێتە هۆی فەوتاندنی بەشێك یان تەواوی ئەندامەکانی.

5-پێشگرتن لە زاوزێکردن (منداڵ بوون) لە نێو گروپەکە.

6-دابڕانی بەزۆری منداڵان و گواستنەوەیان لەوگروپە بۆگروپێکیتر"جیاکردنەوەیان لە خانەوادەی خۆیان".

ئەگەر سەرجەم بڕگەو خاڵەکانی پێناسەکە بۆجینۆساید لێکبدرێتەوە، بەتەواوی و بە ڕوونی ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کە سەرجەم ئەمانە لە شاڵاوەکانی دژ بە گەلی کورد لە کوشتن و لە ناودان و ئەنجامدانی تاوان، کەلە سەرەوە باسمان کردو ناومان هێنا بەرامبەر بە گەلی کورد دەچنە چوارچێوەی جینۆسایدەوە.

هەروەك لەمادەی "3"ی ڕێککەوتننامەکەدا باس لەو تاوانانە دەکات کە ئەنجام دەدرێن و پێویستە بکەرو ئەنجامدەرانی سزای یاسایی بدرێن و وەربگرن، ئەوانەش ئەم کاراکتەرانەن:

1-پلاندانان بۆ ئەنجامانی جینۆساید

2-سەپەرشتیکردن و هاندان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

3-هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

4پیلان گێڕی لە چوارچێوەی جینۆساید.

بە کورتی و بەپوختی، پێناسەی جینۆساید بەپێی بڕیاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بڕیاری ژمارە (96) بوو لە 1946/12/11 دەرکرا، سەبارەت بەوەی کەجینۆساید تاوانێکە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی دەبەزێنێت و دژی ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەو لەبەرئەوەی ئەم تاوانە پێشێلکردنی تەواوی مافەکانی مرۆڤەو زۆر ترسناکەو لەدژی مافی ژیانەو تێکدەری ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەییە، بۆیە بڕیاری ئەوەی لەسەر دراوە کە تاوانێکی دڕندانەیە لە دژی مرۆڤایەتی و کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کەپشت بەبەندی"6"شەشەمی بنەماکانی دادگای "نوێرنبێرگ"دەبەستێت کەجینۆساید واتە ڕەتکردنەوەی مافی بوونی سەرجەم کۆمەڵی مرۆڤایەتی و هەروەك چۆن نیشانەی ڕەتکردنەوەی ماڤی بونی ژیانە، ئەویش ڕەدکردنەوی دانپێدانانە بەمافی بوون و سوکایەتیکردنە بەسەرجەم مرۆڤایەتی و ژیانێکی پڕلە نەهامەتی بەرهەم دێنێ. هەرلەم بارەیەوە دادگای نێودەوڵەتی "ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان" لە 28-5-1951 دا کە هۆکاری دانانی ئەوپەیماننامەیە ئامانجی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە کەجینۆساید سەرکۆنە بکات و سزای بخاتە سەر وەك تاوانێك لە یاسای نێودەوڵەتیدا. کەواتە جینۆساید تەنیا فەوتاندنی فیزیکی کۆمەڵێ خەڵکی نەتەوەیی و ئیتنیکی و ئاینی و ڕەگەزیان نیە بەڵکو هەڕەشەیە بۆ سەرکۆی مرۆڤایەتی.

هەزاران یان ژن ـــــــــسێ

چیا وەك خۆراگر و بەهێز بە مینا، لە ڕونتر، مینا لە ناسکتر مەزنەی مرۆڤە ئەو مینا،.

بەڕێوەبردن و پرۆژە سەرکاری ، دایکایەتی و سۆز کانگای سەبریە، .

ژیاندا مەرجی و هەل سەخترین لە ژن بەهێزی و بوێری نمونەی ڕێژاو،.

ئەو ژنانەی ئایندەی گەشیان خستە پاشۆڵی ڕەنج و بەرەنگاریەوەو ڕووداوەکانی ژیانیان شایەنی تۆمارکردنە بۆ مێژوو- بۆ داهاتوو،ئێمەش لێرەوە بەو ئامانجە ئەم کارەمان ئەنجامدا.

ژنانی کورد لە مێژوی  دوورو نزیکداو لە گەڵ ئەو بارودۆخەی کوردستان و ناوچەکەی پێدا تێپەڕیوە نموونەیەك بوون لە خۆڕاگری و سەلماندنی تواناو هەستانەوە.

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا سەروەرییەکانی ژنان نەبوەتە کلتورو ڕێسایەك کە بوترێت کارەکە ژنانە بوو، بەڵکو ئەگەر ژنێك کارێکی مەزنیش ئەنجام بدا بە پیاوانە ستایش دەکرێت و دەڵێن بە ڕاستی مەردە. مەرد لە زمانی فارسیدا بە پیاو دەوترێت و کوردیش بە کەسە ئازاکانی دەڵێت مەرد. تەیبە خانیش کاتێك لە بەندیخانەوە منداڵە مردووکەی مینای دەرکردو بردی لە گۆڕستان ناشتی بە چێشت لینەری ناو بەندیخانەکەی وت: تۆ یارمەتیم بدە بچمە دەرەوە  بە ڵێنی پیاوی مەرد بێت بگەڕێمەوە!!

نازانم گەرمنیش بڵێم ئەو ژنانە مەرد بوون یان نەبەردو مەزن پیاهەڵدان نیە، بەڵکو سەلماندنی ڕاستیەکە ئیلهام بەخشە بۆ نەوەی دوایی خۆیان و ئەوانەی متمانەی مرۆڤ بوون دەبەخشنە دەوروبەر وەك تاکێکی کامڵ و لێهاتوو.

لەو هەموو ڕووداو ڕووبەڕوو بوونەوەدا کە گەلان بۆ ئازادی و سەربەخۆیێ بەرەنگاری دەبنەوە داستان و چیرۆکی گەورەی تیادا ڕوودەدات و قوربانی زۆری لێدەکەوێتەوە، کە دەماو دەم و بەنوسین و وێنەگرتن بەشێکی تۆمار دەکرێت و دەبێتە پەندو وانەیەك بۆمێژوو- بۆ سەرجەم  مرۆڤایەتی .

لە تاوانی بەدناوی ئەنفالدا کە لە بەشی باشوری کوردستاندا وەك بەشێك لە کردەی جینۆسایدی گەلی کورد لەلایەن بەعسەوە ئەنجامدرا،ئەو بەشەی دەکەوێتە سنوری وڵاتی ئێراقەوە مەرگەساتێك بوو کە تەنها لە کردەوەی دیکتاتۆرە دڕندەکان دەوەشێتەوە بەرامبەر گەلێك کە لە سەر خاك و نیشتمانی خۆی بۆ ئازادی و ژیان تێدەکۆشێت.

لەم کردەوە دڕندانەیەدا

پیاو و ژن، منداڵ و پیر، سروشت و ئاژەڵ، کە بە جۆرێك کار لە سەر سڕینەوەیان دەکرێت لە مێژوی دوورو نزیکدا کەم وینەیەو ژینگەیەکی ئاوەدان سەرانسەر بڕیاری فەنابوونی بەسەر دادە سەپێنرێت  و ژیانی لێ تابۆ دەکرێت.

تاوانی ئەنفال لە ڕوبەرێکدا ئەنجام درا ناوچەیەکی گونجاو بوو بۆ ژیان و هەموو هۆیەکانی  بژێوی  تێدا بوو، جگە لە ئازادی، لە مافی مرۆڤ، لە ژیان دۆستی.

لەم سەرزەمینەدا مرۆڤەکان ڕادەگویزرێن و ماڵ و خانوەکانیان خاپور دەکرێت، کێڵگەو ڕەزوباخەکان دەسووتێنرێن یان بە t.n.t نغرۆ دەکرێن یان کیمیا باران،کانیاوەکان، کە کانی ئۆجاخی کوردە، زۆر پیرۆزە،چەند تاوانێکی گەورەیە کانیەك کوێر بکرێتەوە، بەڵێ کانیەکان پڕکرانەوەو تریفەی مانگە شەویان لێبڕا. گوندەکان و زۆر شارۆچکە و شارەدێ دەڕوخێنرێن تەنها لە سەر نەخشە ناویان دەمێنێ.

کەرەستەکانی ژیان و ماڵ و سامانی دانیشتوانەکەی لە گەڵ ئاژەڵە ماڵی یەکان لە لایەن سوپای داگیرکەری حکومەتی لە گۆڕنراوی بەعسەوە بە تاڵان دەبرێن .

هەرچی مرۆڤەکانە بە تێکراِ کە بە پێی ئامارەکانی دوایی ڕوداوەکە بە دەیان هەزار مرۆڤ  خەمڵێنراوە دەبرێنە بیابانەکانی باشوری ئێراق و لە قەڵای زیندانە ترسناکەکانی "دبز، تۆپزاوە، نوگرەسەلمان"  لە برسان و تینواندا ڕۆژانە دەیان کەسیان لێ مردوەو بە ووتەی ئەو ژمارەکەمەی لەو دۆزەخی مەرگە ڕژێم بۆ چاوترسان و ئازاری دەروونی دوای شەش تا هەشت مانگ گەڕاندیانیەوە بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان لە سنوری پارێزگاکانی دهۆك وهەولێر و سلێمانی وکەرکوك، ئەوانەی لە پێش چاویان گیانیان دەسپارد بەو شێوەیەکی ناشایستە مرۆڤەکان بە جل و بەرگی بەریانەوە بە زیندانی یەکانی تر دەیانبردنە دەرەوەی قەڵاکەو لە پێش چاوی ئەوانی ترجەستەی ئازیزەکانیان بە دەم سەگەوە دەبینی. ئەمە وتەی ئەوانەیە کە لەوێ گەڕاونەتەوە.  .

تاوانی ئەنفال

ئەو تاوانانەی بەناوی ئەنفالەوە بەرامبەر بەگەلی کوردستان ئەنجامدرا بەرنامەیەکی داڕێژراوی

بەعس و دەسڵات و سوپاکەی بوو، بەرامبەر بە نەتەوەیەك كە كوردە لە سەرخاك و زێدی خۆی کە هەڵگری ناسنامەی هەمان ئاینی ئیسلامە كە ڕژێمی فەرمان ڕەواش هەمان ئاین پێناسەی بوو، تەنها تاوانی ئەوەبوو خەونی بە سەر بەخۆیی وئاڵای ووڵاتەکەیەوە ئەبینی .

لە گەڵ قوربانیانی كورد دا ژمارەیەكیش لە دانیشتوانی كوردستان كە هەڵگری بیرو ئاینی تر بوون وەك مەسیحی و كلدو ئاشورو یەزیدی، بەر ئەم شاڵاوەكەوتن و ئەوانیش بێسەرو شوێنن و هەمان چارەنوسی كوردیان هەبوو .

لە نێو دۆزەخی ئەنفالدا، هەزاران تراژیدیای ترسناك و خەمناك ڕوویانداو هەرتاكە بە جۆرێك سەختی و سەنگی ئەم تاوانەی كەوتەسەر شان و لە گەڵ ڕوداوەكانیدا جەنگاوە. ئەوەی لێرەدا لە بارەیەوە دەدوێن بە شێكە لە بە سەرهاتی ژیانی ئەو ژنانەی كە دۆزەخی ئەنفالیان بینیوەو لە ئێستادا لە ژیاندان، "میناو سەبریەو ڕێژاو" و چەندین ژنی بزرناو كارەكتەری ئەو داستانانەن كە دەربڕین لە ئاستیاندا دەستەو وەستانە.

ئەوان و چارەنوسیان بە شێكی گەورەی مێژووی كوردن بە تایبەتی ئەو مێژووەی بەردەوام بە تراژیدیای خەمناك و پرتاواندا تێپەڕیوەو ژن نەبوەتە تۆمارێكی دیار لە ڕابوردوووداو لەم سەردەمەشدا هێشتا پیاوان خۆیان بە پاڵەوانی گۆڕەپانەكان دەزانن، لە بواری ڕامیاریەوە تا دەگاتە ئابووری و پەروەردەو هونەرو كایەكانی تری ژیان دەرفەتی زۆر كەم بۆ ژنان ڕەخساوە، لە كاتێك لە نوێترین مێژووی پرسەروەری و ڕووبەڕوو بونەوەی نابوترین هێرشهێنەری سەركوردستاندا لەو جەنگە نا ڕەوایەی (دەوڵەتی بەناو ئیسلامی ) داعش كە بەرۆكی كوردستانی گرتوە، ژنان و كچانی كوردو ئەوانەی پەروەردەی فێرگەی ئازادی نێو كوردستانن بەرزترین و گەورەترین بوێرییان نیشاندا لە بواری سەربازیدا ئەو بوارەی بە درێژایی مێژوو ژنان سوتەمەنی بوونەو كەمترین باس لە سوتماكیان كراوە.

ئەو ژنانەی لێرە لە بارەیانەوە دەدوێین

پێشتریش ئەوانم دوور بەدوور ئەناسی بە هۆی كارەكەمەوە چ لە ناو یەكێتی ژناندا چ ئەوكاتەی بووم بە بەڕێوەبەری یەكەم نوسینگەی فەرمانگەیەكی حكومەت بۆ كاروباری قوربانیانی ئەنفال و ئاوارەو مافی مرۆڤ لە گەرمیاندا. خۆ دۆزینەوەشم لەو كارانەدا زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە خێزانەكەی خۆشمان یەكێكین لە خێزانە جوتیارەكانی ناوچەی گەرمیان و لە گوندی قلآقۆچاڵی سەربەناحیەی تیلەكۆو هەرلەوێش لە دایك بووم دواتر لە كەلار نیشتەجێ بوین . لە شاڵاوی شومی ئەنفالدا ئەو گوندەش وەك گوندەكانی ناوچەكە زیانی گەورەی بەركەوت و ماڵی باپیرم و خاڵۆو پورەكانم كەوتنە بەر ئەو شاڵاوەو تا ئێستا دوو خاڵ و پورێكم و حەوت خاڵۆزاو پورزام بێسەروشوێنن.

لەم ڕێگەیەوە زیاتر بەرپرسیارێتی ئەو پرسەم گرتە ئەستۆو پرسی ئەوان بوون بە ناسنامەی كارەكانی داهاتووم لە بەهەند وەرگرتنی پرسی ژن لە هەموو بوارەكانی تریشدا، ئەمە وایكرد ئەوان و زۆر ژنی هاو ئازار و هاوتەمەنی ئەوانم ئەبینی و ڕۆژانە سەردانیان ئەكردین، جاری واش هەبوو پێویستی ئەكرد خۆمان بچینە شوێنی ژیانیان و زیاتر لە باری گوزەرانیان ئاگاداربین، یان كۆمەكێكی مرۆییان پێبگەیەنین.

ئەو ژنانە بۆ ئێمە هەمیشە سەرچاوەی هێز بوون لە بەرامبەر ئەو لەمپەرانەی ئەهاتنە پێش، ژنانی قوربانی تاوانەكانی ئەنفال ڕووی ڕاستی هێزو توانای ژنیان ئەخستە ڕوو كە چۆن ڕووبەڕووی ئەو سەختی و مەترسیانەی ژیان ئەبوونەوەو چەمكی لاوازی و بێدەسەڵاتی و نەزانی ژنیان گۆڕی بۆ كەسایەتی یەكی كامڵ و بەڕێوەبەرو سەردارێكی لێهاتوو.

مینا و هاوشێوەكانی مینا ژیانی پێشوویان زور سادەو سانا بوو، جوتیاری سەر كێڵگەو كابانی ماڵی خۆیان بوون، تا ئەو كاتەی هێرشی سوپایی عێراق ڕویكردە ناوچەكەیان.

ئەوان بە جۆرێك ژیانی پێشوو بە جێدێڵن و ئەو پێشهاتانەی دوای ئەنفال و ڕاپەڕینەكەی ساڵی 1991، بە ڕادەیەك سەخت بوو، گێرانەوە گوزارشت لە ڕاستی ژیان و توانای ئەوان ناكات. ئەوەی دەیگێرنەوە تەنها چەند سەردێرێكە لە داستانی تێكۆشانی گەلێك، ڕەگەزێك، توێژێكی كۆمەڵگە لە پێناو ژیان و ئازادیدا.

ژنانی قوربانی تاوانی نامرۆڤانەی ئەنفال لە دوایی ڕاپەڕینیشەوە، بە هاتنی ئازادی و نەمانی دێوەزمەی دەسەڵاتی بەعس وەك باڵندەی لە قەفەس دەرچوو زیاتر دەركەوتن و ئەندام و كادری چالاكی نێو ڕێكخراوەكان و دەستێكی بە هێزی ئابووری بوون لە ماوەی حەوت ساڵی سەختی ئابلۆقەی ئابووری سەر حكومەتی ئێراق لە داگیركردنی كوێتەوە لە ساڵی 1990تا ساڵی 1996و دەرچونی بڕیاری (986)ی نەتەوەیەكگرتوەكان كە بەبڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراك ناسراوە. ئەو حەوت ساڵە لە مێژووی خەڵكی كوردستاندا بە گرانیەكە ناسراوە، نرخی خۆراك و كەل وپەل بە جۆرێك بەرز بووە لە 95خەڵك ژیانیان لە سەختیدا

دەگوزەراند، خێزان هەبوو ڕۆژانە ژەمێك یان دوو ژەم خۆراكی هەبوو كە ئەویش بریتی بوولە نانی نوك و پاقلەو جۆو كەم كەس نانی گەنمی  دەست دەكەوت.

لەبەر بەرزی نرخەكەی جل و بەرگ كەمتر بیری لێدەكرایەوە، چەندین كەسم بینیوە بەتانی تەنك كە ڕێكخراوە مرۆیەكان دابەشیان ئەكرد ئەیاندوریو لەبەریان ئەكرد خوێندكاران بە پەڕاوی ساڵی پار خوێندنی ساڵێكی نویان تیادا دەنوسیەوەو بە مامۆستاكانیان ئەوت بە پێنوسی دار لە سەر پەڕاوەكەمان بنوسە بۆ ئەوەی بتوانین بیسڕینەوەو ساڵێكی تر سود لەو پەڕاوە وەربگرین مامۆستاكانیش وایان دەكرد و بە بێی موچەی بەردەوامی مانگانەش پرۆسەی خویندنیان درێژە پێئەدا.

كوردستان دوو ئابڵوقە بگرە سێشی لە سەر بوو سەرەڕایی ئابڵوقەی ئابوری نێودەوڵەتی، ئابڵوقەی حكومەتی ئێراقیشی لە سەربوو لە بەر ئەوەی ئەوكات هەرێمی كوردستان لە دوایی ڕاپەڕینی 1991وە  لە ژێر هێڵی چاودێری سەربازی نەتەوەیەكگرتوەكاندا بوو كە پێ دەوترا هێڵی (36،34) حكومەتی عێراق بۆی نەبوو فڕۆكەی سەربازی بنێرێتە سەر ئاسمانی هەرێم بەڵام لە سنورەكاندا ناو بەناو ڕوو بەڕووبوونەوەی سەربازی هەبوو لە نێوان هێزی پێشمەرگەو سوپایی عێراقدا، سەربازگەو خاڵی پشكنینی زۆر توند لە لایەن دەسەڵاتی حكومەتی ئێراقەوە دانرابوو لە سنوری ناوچە ڕزگاركراوەكاندا كە هاوسنوری  ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی بوو ڕێگەی نە ئەدا هیچ پێداویستیەكی ژیان بێتە ناو  هەرێمەوە.

ئابڵوقەی سێیەم لە سەر شانی خەڵك لە لایەن حكومەتی هەرێمەوە بوو بۆ دابینكردنی خەرجی خۆی و بەڕێوە بردنی ئەم هەرێمە باجی زۆری دەخستە سەر كەل و پەل وئەو شتانەی بە قاچاخ ئەهاتنە ناوەوە،  ئەگەر {سەلاجە}بەفرگریكی كۆنە یان  تەلەفزوێنێكی كۆنی ڕەش وسپی لە شارێكەوە ببرایەتە شارێكیتر لە ڕێگە چەند خاڵێكی گومرگی هەبوو بڕێك پارەی پێ وەردەگیرا.خەڵكی لە ژیانێكی زۆر سەختدا ئەژیان بەڵام ئازاد بوون تا ڕادەیەك .دواتر سیمای  ئەو ئازادیەش شێواو شەڕی شومی براكوژی زیاتر باری شانی خەڵكی گرانتركرد.

لە هەل و مەرجێكی وادا..

ژیان لە سەر خاكێكی بە پیت كە خوا پێ بەخشین و شەڕی نەفرەتی لێ ی تێكداین. گێڕانەوەی هەندێ لە ڕووداوەكانی ژیانی مینا خان و دراوسێكانی نمونەی ژیانی زۆر ژنی تری ئەم وڵاتەیە. بۆ دەرفەت وەرگرتن لەوەی  كە زیاتر مینا خان بدوێنم، ئەو بانگهێشتەی ڕێكخراوی( هاوكاری) جیهانی بۆ وڵاتی ئەڵمانیا بۆ یادی بیست وپێنج ساڵەی تاوانی شومی ئەنفال و  هەڵەبجە هەلێكی باش بوو كە خاتوو {كارین}ی بەڕێز پێی ڕاگەیاندم ئەگەر مینا ڕازبێت لە گەڵتان بێت شتێكی باشەو{ سەبریە}یەش كە خاتوونێكی تری هاوسەر ئەنفالە و یەكێكە لە ژنە دیارەكانی گەرمیان ئەویش باشە و بە توانایە بۆ ئەو مەبەستە هاوڕێ ی گەشتەكەمان بێت. ووتم ئەوەیان بە من بسپێرە هەوڵ ئەدەم قایل یان بكەم، هاوڕێی چوارەمان كاك دكتۆر  {فەرهاد حاتەم  } بوو كە پێشتر لەو ساڵە سەختانەی ئاماژەم پێدا پارێزەرێكی خۆبەخش و دڵسۆز بوو بۆ كێشە یاسایی یەكانی ئەوانەی لە شاڵاوی ئەنفالدا زیان لێكەوتوبوون، لەلای كەس و كاری قوربانیانی ئەنفال  ڕێزێكی تایبەتی هەیە.

كە ئامانجی سەردانەكەم پێڕاگەیاندن بە سوپاسەوە ڕازی بوون و بۆ ماوەی دە ڕۆژ لە لایەن ڕێكخراوی ناوبراوە وە  میوانداری كراین بۆ وڵاتی ئەڵمانیا.

لە زۆر شوێن و بۆنەداو بۆ زۆر كەس ژانی ئەنفال و  هەڵەبجە و ژیان و گوزەرانی ئەوان باسكرا. ئەم ڕێكخراوە  لە ساڵی 2008 وە ئەمە چوارەم سەردانە ڕێكی ئەخات و لەم گەشتانەدا سێ ژنی دیكەی هاوسەر ئەنفال بەشداربوونە كە خاتوو شازادە حسین و خاتوو ئاسكە عەلی و خاتوو ڕێژاو بابا یابە بوو.

خاتوو ڕێژاو ساڵی پێشووتر چووە ئەڵمانیاو  یەكێكە لە دانیشتوانی دێی كانی عوبێد، لە گەڵ ئەنفال كراوەكاندا چووەتە قەڵایی زیندانەكانی  كەركوك و دبس و نوگرەسەلمان و سەماوە.

لەو شاڵاوە شومەدا سێ كوڕی و  هاوسەرەكەی لە دەست داوەو خۆی و سێ كوڕی تەمەن مناڵ و دوو كچی  لە دوای حەوت مانگ لە زیندان ئازاد كراون. خاتوو ڕێژاو  یەكێك بوو لە وانەی لە دادگایی تاوانەكانەی ئێراق بەشداری كردوو ڕووبەڕوو لە گەڵ (سەدامی تاوانبارو  هاوكارەكانی) شاهیدی دا لە سەر كردوەكانی ڕژێمی لە ناو چووی بەعس  لە شاڵاوی ئەنفالدا.

بۆ تەواو كردنی ئەم گێڕانەوەیە بە پێویستمان زانی لە زاری ئەوەوە دوا هەواڵی مناڵە شەهیدەكانی میناو بەشێك لە بەسەرهاتی ئەویش بزانین  كە هەرسێكیان دانیشتوی دێی كانی عوبێدن و وەیشومەی شەڕ دووچاری ئەو چارەنوسەی كردن.

ژیان و بەسەرهاتی مینا خان و هاوڕێکانی ئەوەی تیادا دەبیسترا شایانی نووسینەوەبێ، لەو گەشتەماندا زیاتر لێهاتووی و توانای مینا خاتوون و سەبریە خاتوونم بۆ دەرکەوت و لەوێوە بڕیارمدا ئەوەی پێم دەکرێت بیکەم بۆ تۆمارکردنی بەسەر هاتەکانیان کە هەرگیز ناتوانم تەواوی بکەم لە بەر ئەوەی هەموو سات و ڕۆژێکی ژیانیان پڕە لە ڕووداوی ئەو تۆ کە شایەنی تۆمارکردنە.

ڕاستە دەڵین تا گەشت لە گەڵ کەسێك نەکەی زیاتر ناینا‌سی. سەرەداوی ئەم چیرۆکە ئەو کات زیاتر دەرکەوت کە لە دیداری دووەمدا لە بەرلین لە ڕێکەوتی 24-10-2013 کاتێك نزیکەی سەد کەسێك لە هۆڵێکدا ئامادە بوون بۆ گوێگرتن لە چیرۆکی ژیانی{ مینا ،سەبریە }، پاش تێپەڕ بوونی دەست پێکی دیدارەکە، سەرەتا کۆڕگێڕەکە ڕووی پرسیاری لە مینا خان کرد .

ووتی: میناخان ئەکرێت بە کورتی باسی خۆتمان بۆ بکەیت کە چۆن لە لایەن حکومەتی ئێراقەوە گیرای؟

مینا خان وەك ئەوەی ژمارەی میوانەکان و شوێنەکەو بەروارەکە کاریگەری یەکی تایبەتیان لە سەر دروستکردبی زۆر بەووردی گەڕایەوە سەر ئەو ڕوداوانەی کە بەسەریدا هاتووە، گەڕایەوە سەر ئەو چرکە ساتانەی کە چۆن بریندار بووە لە{ 1987-10-20} بیستی دەی هەزار و نۆسەدو هەشتاو حەوتدا بریندار بوەو لە دووەم ڕۆژدا لە نەخۆشخانەوە بەندکراوە .

کوڕگێڕ ناچار لە بەرکات و سەرنجی دانیشتوان ووتی بکرێت بە کورتی. ئەو نەیدەتوانی زنجیرەی ڕوداوەکان لە یەکدابېڕێت، ووتی: ئاخر با ئەوانەش باسکەم کاتێکی زیاتر ڕۆشت و ئەو زیاتر ڕۆچوە ناو ڕووداوەکان، سات بەسات دەیگێڕایەوەو لە گەڵیدا هەستت بە ئازارەکانی دەکرد لە تۆنی دەنگی و سوربوونەوەی ڕوخساری. ئەو ڕستە عەرەبیانەی دەوتەوە کە کاتێك گیراوە پێیان ووتوەو بە زمانی عەرەبی پێمیان ووت (تەیارە مو ئیرانی عێراقی) ( مینا علی بابافارس انتم مخربین) ئاماژەیەکی تریان پێدا تکایە بە کورتی بە کوردی بدوێ وەرگێڕەکە عەرەبی نازانێ. گریان ئەوکی گرت و نەیتوانی چیتر بدوێت و وتی ناتوانم زیاتر بدوێم.

هەمان مانگە ئەم دیدارو دەرفەتە بۆ مینا خان باسی بکات بیست و شەش ساڵ و چوار ڕۆژ پێش ئێستا ئەوەی بەسەر هاتوەوەو دوادیداری خێزانەکەی و ئازارەکانی بیر دەخرێنەوەو دەکولێنەوە.

بێدەنگبوونی ئامادەبوان

گێڕانەوەکەی بە جۆرێك کاریگەر بوو دەرنابڕێت. بیانیەکانیش بێوەرگێڕان لە ئازاری مینا ئەگەیشتن لە زۆر لاوە هەستت بە هەنسك ڕژانی فرمێسك ئەکرد ئەوەی دیدارەکەی بەڕێوە ئەبرد بۆ دەربازبوون لە دۆخەکە ڕووی پرسیاری کردە یەکێکی تر لە ئامادەبووان کە سەبریە خان بوو، سەبریەش دانیشتوی دێی کانی عوبێد بووە ئاگاداری ڕووداوەکانەو ئەو لە گوندی "ملەسورە"وە لە گەڵ کۆمەڵێك خەڵك خۆیان دەرباز ئەکەن و ناکەونە بەر شاڵاوی زیندانی کردن و دێنە ئۆردوگای ڕزگاری (صمود) و دەبنە بەشێکی تر لە چیرۆك و مەرگەساتی ئەنفال لە نێو ئۆردوگایەکی داخراودا، دوور لە کێڵگەو دێ و شوێنی ژیانی پێشویان و هاوسەرەکەی.

ئیتر لێرەوە بە پێویستم زانی زیاتر بیاندوێنم پێشتر حەزم نەئەکرد لەو بارەوە پرسیاریان لێبکەم و برینە کانیان بکولێنمەوە، بەڵام ئەوە وایکرد لە ماوەی ئەو دە ڕۆژەی پێکەوە بوین زیاتر گونجاو بێت بەشێك لەوەی ناخی میناو سەبریە بخەمە بەر دێڕی نوسین و مۆڵەت لە خۆیان وەرگرم بۆ بڵاوکردنەوەیٍ.

کە پێم ڕاگەیاندن پێیان خۆشبوو دەیانویست ئەو ئازارو ناسۆرەی ئەوان دیویانە دەرییبڕن و کەسانێك بزانن ئەوان چیان بەسەرهاتوە.

کە مینا خانم ئەدواند ئاسودە ئەبوو بە گێڕانەوەیان کە هەندێ جار پێکەنینێکی خۆش ڕووی ئەگەشانەوەو ئەگەڕایەوە بۆ ڕۆژە خۆشەکانی پێش جەنگ و ئەنفال.

زۆرجاریش لە گێڕانەوەی ساتە ناخۆشەکان گریان ڕێگەی پێنەئەدا زیاتر بیدوێنم و بابەتی گفتوگۆیەکەمان دەوەستاندو دەچوینە سەر باسێکی ترو دەڕۆیشتین بۆ شوێنێکی تر.

لە کانی عوبێدەوە گێڕانەوەی چیرۆکەکە دەستی پێکردو لە بەرلین درێژەمان پێداو لە گەرمیان لەسەر وەستاین. نالێین کۆتایی لە بەر ئەوەی بێ کۆتایە ئەم چیرۆکانە تەمەنیان درێژ بێت ژیانیان بەردەوامەو هیوادارم تەمەن ڕێگەمان پێبدات دیداری ترمان هەبێت و پرۆژەکەمان ئەنجامەکەی ببینین کە بە شێکی کەی هۆی چۆنمان بوو بۆ ئەو وڵاتە.

ئەویش دروستکردنی شوێنیکی بیرەوەری و پەیکەرێکی شایستەیە بۆ ژنانی قوربانی تاوانی ئەنفال لە ناحیەی ڕزگاری بە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئەڵمانیا.

## گەرمیان

ناوچەی گەرمیان واتە خاکی گەرمەسێرو کەش و هەوای گەرم بە تایبەت لە هاویندا، ئەم ناوچەیە سەر بە پارێزگایی کەرکوکە کە دەکەوێتە سنوری کۆتایی باشوری کوردستانەوە، دێیەکان و ناحیەو قەزاکانی بە هۆی سیاسەتی شۆڤێینانەی ڕژێمی بە عسەوە گرفتاری زۆر کێشەو دابەشکردنی سنوری کارگێری بوەتەوەو ناوچەیەکی کێشە لە سەر بووە بە بەردەوامی لە مێژووی دروست بوونی حکومەتی ئێراقەوە بە تایبەت لە دوایی دۆزینەوەی نەوت لە ناوچەکەدا دوای ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو، تەشەنەکردنی دەسەڵاتی بەعسیزمەوە. بەعس بە شێوەیەکی زۆر دڕندانەو بەرنامە بۆ داڕێژراو کەوتە تەعریبکردنی و لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە سڵی نە ئەکردەوە، هەموو ڕفتارێکی فاشیانەی گرتە بەر بۆ شێواندنی باری دێموگرافی و جوگرافی ئەم بەشەی خاکی کوردستان .

گەرمیان بووبەماڵەمیراتی، بەجۆرێك دابەشکرا بە سەر پارێزگاکانی تردا مەگەر هەر لە کردەوەی بەعس بوەشێتەوە .قەزایی کفری و خانەقین بە ژمارەیەك ناحیەو گوندەوە خرایە سەر پارێزگای (بەعقوبە) دیالە، قەزایی دووزو چەند ناحیە و گوندی خستە سەر پارێزگای ( تکریت) صلاحەدین، قەزایی کەلار و چەمچەماڵ و چەند ناحیەو گوندی خستە سەر پارێزگایی سلێمانی لە کاتێکدا ئەوانە پێشتر سەر بە پارێزگای کەرکوك بوون.

## کانی عوبێد

کانی عوبێد، یەکێکە لە گوندەکانی ناوچەی گەرمیان لە سنوری ناحیەی تیلەکۆ سەربە قەزایی کەلار.ئەم دێیە نزیکەی( 45) کیلۆمەتر لە قەزایی کەلارەوە دورەو پێش تاوانی دڕندانەی ئەنفال نزیکەی( 40) چل ماڵی زیاتری تیادا بووە، دانیشتوانەکەی بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بژێوی خۆیان دابین ئەکردو سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە کانی بوو، واتە دێیەکی دەیمەکار بوو. بە گوتەی بە تەمەنەکانی ئەو ناوە مێژووی ئاوەدانکردنەوەی نەزانراوە. مام (فایەق قادر حمەخان ) کە لە خێزانەکەی هەشت کەس ئەنفال کراوەو خۆی و یەك کوڕی دەرباز بوە لە بارەی مێژوو و ناوی کانی عوبێدەوە دەڵێت: نازانم کەی ئاوەدانکراوەتەوە پشتاوپشت باپیرانم لەوێ بونە زۆر کۆنە دەڵێن لە لایەن (علی ڕەزا ) ناوێکەوە ئاوەدان کراوەتەوەو ئەو کانیەش کە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی دێییەکە بوو (عوبێد) ناوێك هەڵیکەندوەو فراوانی کردوە هەر وتراوە کانیەکەی عوبێد و دواتر بوە بەکانی عوبێد، تەواوی خانوەکانی لە گڵ دروستکرا بوو کە لە لایەن خەڵکەکە خۆیانەوە بە قوڕ خشتیان دەبڕی و پاش وشك کردنەوەی دیواریان پێ ئەکردو هەر بە قوڕیش سواغ دەدرا و بە دارو قامیش سەری دەگیراو دواتر پوشی گەنم وگەڵایی قامیش دەکرایە سەر قامیشە تەنراوەکە کە لە سەر دارە ڕاکە ڕێکخرابوو ئەو پوشە ڕێی لە کەوتنی قوڕەکە ئەگرت و سەری سواغ ئەدراو ناوەو دەرەوەیشی پاش ڕێکخستن و سواغ دان هەر بە قوڕ ئامادە ئەبوو بۆ بەکار هێنان و کەشێکی باشی هەبوو بۆ بەر گری لە سەرما و گەرما سالانە لە وەرزی پایزدا دوبارە سەری سوغ دەدرایەوەو پێیان ئەوت دوو سواغە، ئەمە کارێکی هەرەوەزی ناودێ بوو پێویستی بەکرێکار وەستا نە ئەکرد ، مزگەوتەکەش هەر لە گڵ دروستکرابوو ، قوتابخانەکەش هەروا بوو ژورێکی گەورەی لە قوڕدروستکرابوو کە تا شاڵاوی شومی ئەنفال وانەی تێدا دەخوێنراو لە لایەن شوڕشەوە سەر پەرشتی ئەکرا ،.

ئەم دێیەش وەك دێیەکانی تری ناوچەکە بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی داگیرکەران و ڕژێمی لە ناوچووی بەعسدا دێوەزمەی ترس ومەرگ بەسەریانەوە بووە.

بەڵام لە گەڵ ئەوەشدابە هۆی جەنگی هەشت ساڵەی شەری (ئێراق –ئێران) و بە زۆر بە سەربازگرتن لە لایەن ڕژێمی سەدامی لە ناوچوو دێیەکانی کردبووە پەناگەیەکی ئارامترو ئازاد ترلە شارەکان ،خەڵکی ژیانی ئازادیی لادێی زۆر لە شار پێخۆشتر بوو دانیشتوانی لادێش لە زۆر ڕوەوە پشت بەستوو بوون بە خۆیان بەوەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریان ئەکردو خاوەنی پێگەی ئابووری خۆیان بوون .

زۆر لە گەنج و لاوی شارەکان بە خێزانەوە بێت یان هەر خۆیان ڕوویان لە لادێکان ئەکرد کە بە شێکیان ئەچونە ناو هێزەکانی پێشمەرگەو بەشێکیشیان لە دێیەکاندا جێگەی خۆیان ئەکردەوە لە پەنای خزم و ناسیاوەکاندا.

ئەوانەش کە خوێندەوار بوون دەبوونە مامۆستای شوڕش و دوور لە دەسەڵاتی بەعس لە دێیەکاندا بە سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی پێشمەرگە قوتابخانەی سەرەتاییان ئەکردەوەو وانەیان بە مناڵانی لادێ ئەوتەوە، خەڵکی دێش لە پای ئەو خزمەتە جێگەی بۆ دابین ئەکردن و هاوکاریشیان دەکرا ئەمەش دەبووە هۆی بەهێز بوونی پەیوەندی هەردوولا.

لەو سەردەمەدا بە هۆی باڵادەستی هێزی پێشمەرگەوە حکومەتی ئێراق نەیئەتوانی زۆر لە شارەکان دوور بکەوێتەوەو بەردەوام ڕووبەڕوو بونەوەو شەڕو پێکدادان هەبوو کە حکومەتی ئێراق پێشڕەوی دەکرد بۆ لادێکان و هێزی پێشمەرگەش بەرگری دەکرد،

زۆرجاریش هێزی پێشمەرگە هێرشی ئەكردە سەر ئەو ڕەبیەو مۆڵگە سەربازیانەی كە لە ناوچەكەدا بڵاوی ئەكردەوەو لە دژی خەڵك و شوڕشی چەكداری كورد بە كاری ئەهێنا.

لە ساڵانی 1980 بە دواوە پێشمەرگەو شۆڕش زیاتر گەشەیان كردو شەڕی (ئێراق –ئێران) یش هۆكارێكی تر بوو بۆ ئەوەی خەڵكی زیاتر ڕوو لە لادێكان بكەن و ژمارەی دانیشوانی زیاتر گەشە بكات زۆربەی دێهاتەكانی لە ژێردەسەڵاتی شۆڕَشدا بێت و بەڕێوەی ببات.

بۆ ئەو بەڕێوەبردنەش ئەنجومەنی دێهاتەكان لە لایەن خەڵكی دێیەكانەوە لە خۆیان هەڵدەبژێراو، ئەنجومەن بەرپرس بوولە ڕێكخستنی كاروباری دێ و پردی پەیوەندی بوو لە نێوان خەڵك و شۆڕشدا.

بۆ كێشە كۆمەڵایەتیەكانیش دادگای شورش بریاری یەك لاكەرەوەی دەداو هەموان پابەند بوون پێوە،پێویستی یان بە حكومەتی ناوەند نەبوو. ئەوانەش دەرچووی بەشی پزیشكی بوون یان یاریدەری پزیشكی وەك دكتۆری شۆڕش خزمەتی خەڵك و پێشمەرگەی بریندارایان ئەكردو مەگەر نەخۆشێك چارسەری گران بوایە ئەیانبردە شار.

ئەمە هەستێكی جوانی لەلای دانیشتوانی لادێ دروست كردبوو هۆشیاری سیاسیش لایەنێكی تری وورە بەرزی ئەوان بوون، بەو پێیەی حزبەكانی شاخ بە زۆری هەڵگری بیری چەپی ماركسی بوون گەنجەكان و ژنان بەمتمانە بە خۆ بونەوە دەچوونە ناو بازنەكانی ڕێكخستنەوەو شانە بەند ئەكران لە ڕیزەكانی حزبدا.

ژن بەژنەو كچ بە زۆر بەشودان تا ڕادەیەك كەم بووە شۆڕش ڕێگری لەو كارانە ئەكردو ئاغا وسەرەك هۆز ئەو ڕۆڵەی جارانیان نەبوو.

بە شێوەیەكی گشتی دیموكراسی و خۆ بەڕێوەبردن لای لادێنشینەكان چەكەرەی كردبوو دانیشتوانی سایەی دەسەڵاتی داپڵۆسێنەری بەعس خۆزگەیان بە لادێنشینەكان ئەبردو ئازادی ئەوان نرخەكەی زۆر لە ژیانی ناو شار بەرزتر بوو.

مینا هاووڵاتی نێو ئەم كەشە بوو

مینا كچۆڵەیەكی نەشمیلانەی پێدەشتەكانی گەرمیان، كارمامزێكی سرك و دڵ پڕ لە خەونی ڕەنگاڵەی لاوێتی سادەو ساكار، وەك پەڕە گوڵێكی بەهاری گەرمیانستانی نیشتمانی خۆی، بێ ئاگا لەچارەنوسی نادیار،لە گەڵ گزنگی بەیان، بەڕەوتی ئاسك وشنەی شەماڵ، وەك كابانێكی سەردەرچووی ماڵ بۆ ژیان پێدەكەنی و بە تریفەی مانگە شەو چاوی هیواو جەستەی ماندوی لە گەڵ خەون و خوزگەی كیژانی هاوتەمەنیدا دەچووە نێو دەریای خەوێكی ئارام بۆ دەسپێكی ڕۆژێكی نوێ، بێ ئاگا لە ڕەشەبای شومی بەعسیزم و دڕندەی ڕژێمی سەدامی لە ناوچوو، لەچ هەورازو نشێوێكدا مەلی خۆشبەختی لێ دە تۆرێنن.

مرۆڤ چ نێر بێت یان مێ ڕۆژگارو سەردەمەكەی زۆر تا كەم ڕێچكەی ژیانی بۆ دادەڕێژێت و ئەو ڕێڕەوەی ژیانی بۆ دەستنیشان دەكات كە پێویستە لە سەری بڕوات و لە گەڵ پێشهاتەكانیدا خۆی بگونجێنێت بۆ ئەوەی گرەوی ژیان بدۆڕێنێت یان بیباتەوە.

گێرانەوەی ژیان و بەسەرهاتی هەندێ كەس تەنها بۆ زانین و پاراستنی ڕوداوەكانی ژیانی ئەوان نین بە ڵكو پەند و وانەی گرنگی تێدایە بۆسەرجەم مرۆڤایەتی.

ئەو كچی خێزانیكی جوتیاری دێی (كانی عوبید)ی ناوچەی گەرمیانە سەر بە قەزایی كەلار لە سنوری پارێزگایی كەركوك. لە نێو خێزانێكی گەورە پەروەدە بووە كە چوار خوشك و سێ برا بوون بە دایك و باوكیەوە نۆ كەس بوون.

بە ووتەی خۆی، مینا منالی دووەمی دایكی بوو برایەكی لە خۆی گەورەتر بوو ئەم گەورەی خوشكەكانی بووە كچێكی پێست سورو سپی كورتە باڵای نەشمیلانە. ئێستاش كە تەمەنی نزیكی پەنجا ساڵە بەو جەستە بریندارەوە چوست و چالاك بوو كە هاوسەفەر بووین.

هەر لە سەرەتای گەشەی تەمەنیەوە هاوكاری دایكی و چاودێرێكی باشی خوشك و براكانی بوو. گێرایەوە لە گەڵ دەستە خوشكەكانی ناو دێدا پەیوەندی باش و هاوڕێ بوون كە شایی یەك دەكرا لە ناو دێ و دێیەكانی دەوروبەر ئەمان پۆلە ئاسكۆڵەی سركی ناو شایی و تابڵۆی ڕەنگینی هەڵپەركی بوون بە دنیایەك خەون و هیواوە خۆیان لە چاوی چاودێری گەورەكانی كۆمەڵگەو گەنجانی هاوتەمەنیانەوە دەپاراست و بۆ چەند ساتێك شایی و هەڵپەركێ خەم و ماندوو بوونیان لە بیر ئەچوو، ئێستا كاتێك باسی ئەو ڕۆژانەی ئەكرد خەندەو خۆشیەك ئەیگەڕاندەوە بۆ ڕابوردوو، ئەیوت شتەكانم زۆر لە بیر نەماوە بەڵام .بە تایبەت ئەو

ڕۆژانەی لە گەڵ کەنیشکەکانی دێ چوینە سەر نەزرگەی ئیمامەکە کە نزیکی دێکەی خۆمان بوو ئیمامەکە ناوی( سەید ئەبابەکر ) بوو زۆر خۆش بوو، ئەو ئەیوت پێش شوکردنیشم چوینە شایی یەك زۆر خۆش بوو شایی عوسمانی مامە حسێن بوو شەش کچ بووین لە سەربان شەو خەوتین زۆر زۆر دڵمان خۆش بوو. شاییەکەی حەسەن ژاڵەش لە هەمووی خۆشتر بوو بەدەنگی جوزەلەکەی ئەحمەد حاجی ستار هەڵپەڕین ئەوانەی ناو شاییکە زۆربەیان لە ئەنفالدا تیاچوون .

مینا عەلی بابا فارس لە دایك بووی 1963

مینا کە لە ساڵی 1980 ژن بەژنی پێکراوە لە تەمەنی 17ساڵیدا ژنی بۆ مامی کردوە و شویکردوە بە (ستار ئەحمەد محمود)لە دایك بووی 1956 ماڵی باوکی پیاوەکەی لە دێی توکن بووە دەیگێڕایەوە کە هاوسەرەکەی یەکەم جار هات بۆ بینینی لە گەڵ پیاوێکی تردا بوو بە ناوی (ڕشید فەتێ ) ئەوان لە سەر ڕێگەکە وەستابوون.

منیش مەنجەڵم هەڵگرتوو چوم بۆ ئاو هێنان لە کانی، گوێم لێ بوو ـ ڕەشید بە ستاری هاوسەرمی ووت ئەو کوڵە سورەیە؟ بەڕاست واشبوو من سوورێکی گوشتنی باڵا مام ناوەند بووم. ئەو ڕازی بوو بەمن لەو دیدارەوە منیش بەو ڕازی بووم جاران شێوازی شوکردن هەر وابوو کەمترین کەس دەرفەتی ئەوەی هەبوو پێشتر لە گەڵ دەزگیرانی بدوێ. کە هاتنە داخوازیی ومارەبڕینم. لە شەرماندا لە ناو تەپاڵدانەکە خۆم شاردەوە. باوکم و ئامۆزاکانم لە حەوشەدا وەستابوون، زۆر شەرمم کرد، دواتر ژنەخزمەکانم هاتن بانگیانکردم و لەوێ دەرچووم. مەلا عەبدوڵەی تەپە چەرموو مارەی بڕیم.پاش مانگێك لە مارەبڕین شایمان کرد،لە کانی عوبێدەوە برام بۆ توکن، کراسی بوکێنیم سەوز بوو کەواکەشم مارپێچی مۆرو چاکەتەکەشم گڵاتوتن بوو، ئاڵتوون نەبوو بەڵام مێخەك بەندیان بۆکردین شتەکانی من و خوشکی هاوسەرەکەم لەبەر ئەوەی ژن بەژنەمان پێکرابوو دەبوو هەموو شتێکمان وەکو یەك بێت دەستوری ژن بەژنە وابوو .

بە سەیارەی جێب گواسترایەنەوە لە شوێنێك کە نێوانی هەردوو دێ یەکە بوو،هەر دوو بووك بەیەك گەیشتین تا ئەوێ باوکم لە گەڵم هات لە گەڵ ژمارەیەك لە خزمان دواتر من درام بە کەس و کاری ماڵی پیاوەکەم و ئەوانیش خوشکی ئەویان برد بۆ مامم. بارگەی بووکینیم بۆ پێچرابوەوە جگە لە جل وبەرگ و نوێن ،کولیچەو گوڵە بەڕۆژەوەو جگەرەشم پێ بوو کە برامە حەوشەی ماڵی باوکی هاوسەرەکەم ستار چووە سەر خانوویەك وبە قامیش لە سەرمیدا. چکلێت نەبوو وەك نەرتێك کولیچەیان کرد بەسەرما. ئەو کولیچەو گوڵەبەڕۆژەو جگەرە لە ڕۆژانی دواتردا کە ئەهاتن بۆ سەردان و پیرۆزبایی دامان دەنا بۆ خواردن وەك نەریتی هەموو بووکێك لەو سەردەمەدا. باو بوو ئەوەی پێبێت .

شایەکی زۆر گەورەو خۆشیان بۆم کرد برامە نیو هەڵپەڕکی خوشکی هاوسەرەکەم هات ووتی ستار دەڵی دەستی بێگانە نەگریت لە کاتی هەڵپەڕکێ منیش وام کرد دوو خول هەڵپەڕم، دوو جۆر هەڵپەرکێم ئەزانی، بەڵام لە دوایی ئەنفالەوە چیتر هەڵنەپەڕیم.

زۆریش حەزم لە گۆرانی بوو..

هاوسەرەکەم بە تەمەنتر بوولە من، سەرەتا هەندێ چاودێری دەکردم دواتر شارەزام بوو دڵپیسی لێنە ئەکردم، تا ساڵێك لە گەڵ ماڵی باوکی پێکەوە ئەژیاین دواتر ماڵی خۆمان پێکەوە نا. ئەو کەسێکی کارامەو بە توانا بوولە نزیك ماڵی خۆمان شوێنێکی دابینکرد بوو هەلاجی تیادا ئەکرد، ڕادیۆی لە کارکەوتووی چاکدەکردەوە،خوێندەواربوو ژیانیکی خۆشی بۆمان دابین ئەکرد کام جل جوان و ئاڵ و واڵابوو لەبەرم ئەکرد سوورو پەمەیی و زەردو سپی و هەموو ڕەنگێکی جوان، زۆر حەزم لە گۆرانی بوو بە تایبەتی گۆرانیەکانی حەسەن زیرەك. بارو دۆخمان باش بوو ئاژەڵمان هەبوو کشتوکاڵیشمان ئەکرد هاوکاری ئەو بووم لە ماڵەوە و لە کاتی دروێنەش لە کاری دەرەوە بەشداریم ئەکرد، ماڵێکی جوانمان پێکەوە نا لە ناو ژورەکەم ڕەفەمان دروستکردبوو قاپی جوانم تیادا ڕیزکردبوو زۆر دڵمان بە ژیان خۆشبوو، کوڕێك و سێ کچم هەبوو. کچە گەورەکەم ناوی سوعاد بوو کچی دووەمم ناوی سۆماو کچی سێیەمم ناوی سەراب بوو، کوڕە گەورەکەشم ناوی هێمن بوو، بەڵام شەڕ نەیئەهێشت لە ماڵی خۆماندا ئارام بژین. لە زیندانیش کوڕێکم بە مردوی بوو ناویان نا ئەحمەد.

توکن زیاتر لە ژێر هەڕەشەی شەڕو تۆپ باراندا بوو شۆڕش و پێشمەرگەش لە گەشەدا بوو شەڕی (ئێراق -ئێران ) بەردەوام بوو هاوسەرەکەم بۆ سەربازی بانگ کرا، بەڵام نەچووە سەربازی و بەو هۆیەوە ئیتر نەیئەتوانی بچێتە شار، درێژەمان بەژیانی خۆمان ئەدا هەتا پێشمەرگەو شۆڕش زیاتر گەشەیان ئەکردو ئەچوونە سەر ڕەبیەکانی سوپایی ئێراق دێیەکەمان زیاتر تۆپ باران ئەکرا.حەشارگەشمان کردبوو کە تۆپ باران بوایە یان تەیارە بهاتایە ئەچوینە حەشارگەکە، جارێکیان هاوین بوو کاتژمێر سێی شەو دێی توکن تۆپ باران کرا تۆپێك زۆرنزیکی ماڵەکەمان کەوت زۆر ترساین بەو شەوە چوینە ماڵ باوکی هاوسەرەکەم ئەوانیش دەرگایان لێنەکردینەوە نازانم بۆ؟ وابزانم خەبەریان نەبووەو یان ترسابوون، ئیتر دوایی ئەوە بارمانکرد بۆ کانی عوبێد کە ماڵی باوکمی لێ بوو نزیك ئەوان خانوومان پەیداکرد، ئەوێ دوورتر بوولە سنورەکانی حکومەتەوە وامان ئەزانی ئێرە باشترە

منداڵەکانمان بچوك بوون باوکیشیان لە سەربازی بۆ حکومەتی سەدام هەڵاتبوو نەیئەتوانی بچێتە شار نزیکەی ساڵێك لە کانی عوبێد بووین . ئەوەی ئەو کات بۆی بڕەخسایە سەربازی نە ئەکرد شەڕێکی بێ واتا بوو سەدام سەپاندبووی بەسەر خەڵکدا.

ڕۆژی 20 /1987/10 سێ ڕۆژ بوو پرسەیەك لە دێیەکەماندا بوو ژنێك مردبوو ناوی( ڕەحمەی مەجید ئاغا) بوو، دێکە قەڵەباڵغ بوو میوانی لێ بوو بە هۆی ئەو پرسەوە. منیش تەنورم گەرم کردبوو بۆ نانکردن، کات نوێ بەیانی بوو، هەویرەکەم لەسەر کونەڵانەکە دانابوو، یەکێك لە منداڵەکان داوای ئاوی کرد چوم ئاوی بۆ بێنم دەنگێکی زۆر زۆر گەورە هات لە ژورەوە بۆ دەرەوە ئەهاتم ئاوەکەم بەدەستەوە بوو،پێی ڕاستم داناو تەیارەکەم زۆر بە گەورەیی بینی لە خوار دێوە دیار بوو ناڵەی زیاتر هات، شەقە لە قاچمەوە هات و بەرماڵمان کەوت. بریندار بووم ئاوەکەم نەگەیاندە منداڵەکەم، ئەزانم منداڵەکان بریندار نەبوون لە گەڵ ماڵی باوکم دیوارێکمان بەین بوو باوکیشم بە سەختی بریندار بوو، ئەو ڕۆژە لە کانی عوبێدا(11) یازدە کەس شەهید بوون و بە منیشەوە{34}سی و چوار کەس برینداربوو،پەناگەی ژێر زەمینمان بوو بەڵام فریا نەکەوتین بچین، تەیارەی جەنگی گەورە بوو کۆپتەر نەبوو.

لە حەوشەماندا (3)سێ بەرمیل نەوت وگازو تەراکتۆرێکی جووتمان هەبوو هەمووی گڕی گرت ،ئاگرێکی زۆر گەورە لە حەوشەکەمان بەرز دەبوەوە. دایکم هاتەلام، پاشان لە دێیەکانی ترەوە هاتنە هاوارمانەوە ئەوانەی برینەکانیان سوك بوو برانە بانی مۆرد بۆلای دکتۆری شۆڕش، من و باوکم وکچێکی ئامۆزام بەناوی( مەنیجە غالب) برینەکانمان سەخت بوو براینە ئاوای کوشك بۆ لای دکتور جاسم کە ئەویش دکتوری پێشمەرگە بوو هەندێ چارەسەری سەرتایی بۆ کردین و ووتی ئەمانە برینەکانیان زۆر سەختە دەبێ ببرێنە شار، ئەوانەش شەهید بوون هەندێکی برانە دێی عەلیان و قولیجان لەوێ بە خاکسپێردران هەندێکیشی هەر لە کانی عوبێد نێژران دواتر ئەوەم زانی.

دایکم و تەیبەی دایکی مەنیجە لە گەڵماندا بوون لە بەر سەختی برینەکانمان بە تراکتۆر بەرەو شار کەوتینە ڕێ تا سەر جادەی گشتی هاوسەرەکەم و کاکەم لە گەڵماندا هاتن، ئیتر ئەوان گەڕانەوەو ئێمەش براینە خەستەخانەی دووز خوشکێکم و براژنم لای منداڵەکانم بوون، ئەوە دواجاربوو هاوسەرەکەمم بینی ڕیشی هاتبوو کە بەڕێی کردین، دواتر بۆیان گێڕامەوە وتبوی تەراش ناکەم تا مینا نەگەڕێتەوە.بەو ئازارەوە ئەنفال کراو یەکمان نەبینیەوە .

چوینە ژورەوە بۆ نەخۆشخانەی دووز کەس لێ نەپرسین ووتیان ناتوانین چارەسەرتان بکەین ئێوە لای پێشمەرگەوە هاتوون .خراینە ئەمبلاس و براینە نەخۆشخانەیەك لە کەرکوك ناوی نەخۆشخانەی سەدام بوو ، ووتەیان لە دایکم و تەیبە وەرگرت من و مەنیجە توانای قسەکردنمان نەبوو، ووتیان تەیارەی ئێران لێداوین لە ترسا. پیاویکی قەڵەوی زل هات جلی سەربازی لە بەربوو ووتی (لا مو ئیرانی عێراقی) پێشتر عەرەبیم نە ئەزانی دواتر لە زیندان بڕیك فێر بووم و ئەو قسەیەم هەر لەبیرە کە یەکەم جار بە عەرەبی پێان وتین.باوکمیان بردە ژووری نەشتەرگەری سکی دڕابوو داوایی خوێنیانکرد بۆی خوێن نەبوو، دواتر ئێمەشیان چارەسەرکرد .دوای چارەسەرکردن کارگوزارێکی نەخۆشخانەکە هاتەلامان کورد بوو، ووتی: ئێوە بەندکران کلیل درا لە دەرگاکەتان سجنن.

هەر پێنجمان لە ژورێکدا بووین. ماوەی دوومانگ لەو نەخۆشخانەیە ماینەوە نەکەس هاتە لامان و نە هەواڵی کەسمان زانی دوای ئەو دوو مانگە برینەکانمان هەندێ سارێژبوو دایکم و تەیبە ئازادکران من و باوکم و مەنیجە گوازراینەوە بۆ تکریت بۆ بنکەی پۆلیس. مەرکەزێکی پۆلیس بوو ئێستاش بچم ئەزانم لە کوێیە لەوماوەیەدا هەر جلە خوێناویەکەی خۆمانمان لە بەردابوو کە بە برینداریش هێنامانیان بۆ شار زۆر زۆر تینووم بوو ئاویان پێم نەدا. دوایی( 15)پازدە ڕۆژ لە مانەوەمان لە لایی پۆلیسی تکرێت، مامە قادرم لە گەڵ دایکم هاتن بۆ سەردانمان ئەوان لە ڕێگەی پیاوێکی عەشیرەتی خۆمانەوە کەناوی (حمەعلی ئاغا)بوو دۆزیمانیانەوە ئەو پیاوە لە دێ خدران دادەنیشت کاربەدەست بوو لە ناو حکومەتی عێراقدا زۆر چوبوونە لای ئەوو داوایی هاوکاریان لێکردبوو ئەویش زانیاری دابوونێ کە ئێمە لە پۆلیسی تکریتین باوکم لە گواستنەوەی بەندیخانەی پیاوان بوو کە پێیان ئەوت (تفسیرات)من و مەنیجەش بەو جلە خوێناویەی خۆمانەوە لە بەندیخانەی شورتە بووین کە دایکم و مامم هاتن جل وبەرگیان بۆ هێنایین جلمان گۆڕی، نەمان ئەزانی کات کەیەو وەرزەکە چیە ژوورەکان گەرم بوون. مەنیجە زۆر خزمەتی ئەکردم ئەو برینەکەی لە سەری بوو من قاچ و پشت و دەستیشم برینداربوو لە ژوورەکەدا من و مەنیجە بووین یەك ئیسفەنجی بێبەرگ و بەتانیەکی لێبوو پۆلیسەکانیش سەرینێکیان بۆ هێنایین. مەنیجە قاپی ئەخستە ژێرم بۆ سەرئاوکردن توانای هەستانم نەبوو هەتا دوای سێ مانگیش لەو بەندیخانەیە ئەوسا ئەم توانی بجوڵێم و هەستم بە دیوارەوە دەستبگرم و بڕۆم، پۆلیسەکان باشبوون لە گەڵمان ،یەکێکیان کورد بوو ناوی( محمد) بوو خەڵکی سلێمانی بوو دوایی سێ مانگ ئەچوینە بەر خۆر لەناو بەندیخانەکە، دایکم هەفتانە سەردانی ئەکردین دایکی مەنیجەش ئەهات خواردن و جلیان بۆ ئەهێنان. تەیبەی دایکی مەنیجە ژنێکی زۆر ئازابوو هەندێ جار کە ئەهات بۆ سەردانمان بە شەویش ئەمایەوە لامان لە بەر ئەوەی هەر لە سەرە تاوە لە گەڵمان بوو پۆلیسەکانیش ئێمەیان ئەناسی بێکەسین و تەنها دایکم و تەیبە سەردانمان ئەکەن ڕێگەیان دا بمێنێتەوە زیاتر لە بەر باری تەندروستی من بوو کە هەندێ تەندروستیم باش بوو هەستم بە خۆم کرد دووگیانم. ڕۆژێك تەیبەی دایکی مەنیجەش لامان بوو ئازارێکی زۆرم بوو وەك ئازاری

منداڵبوون تەندروستیم زۆر تێکچوو کوڕێکم بوو بە مردووی کە پۆلیسەکان بەمەیان زانی بردمانیانە نەخۆشخانە هەندێ چارەسەریان پێدام و گەڕێنراینەوە بۆ بەندیخانەکە.تەیبەش کوڕەکەی بردو دواتر تەیبە هاتەوە هەواڵم بیست ناویان ناوە (ئەحمەد) و لە یەکێك لە گۆڕستانەکانی کفری ناشتویانە.

ئێمە بەتەنها لە ژورێکدا بووین لە بەر ئەوەی هێشتا هەربریندار بوین، دوای ماوەیەك ئێمەشیان کردە ناو کۆمەڵێك. زۆر ژنی ترمان ئەبینی بە عەرەبی قسەیان ئەکرد خەڵکی بەسرە وموسڵ وبەغدا بوون، ڕۆژێکیان لە حەوشەکە بووین پیاوێکیان هێنا کورد بوو زۆریان لێدابوو قاچی ئاوسابوو، ژنێکی کوردیش لەوێ بوو ناوی شوکریە بوو قژ زەردێکی سورو سپی پێست بوو بەتەمەنیش بوو، دوو گیان بوو .نەیوت بۆ گیراوم و خەڵکی کوێم، زۆریان لەو ژنانە ئەدا .

ژنێك لە وێ بوو خێزانی گیرابوو چوار کەس بوون کچێکی ناوی (حمدیە) بوو قوتابی بوو بردیان کە هێنایانەوە زۆریان لێدابوو قژەکەی لە ناو چەوانیەوە هەڵکەنرابوو ،دایکی لە ئازاری کچەکەیدا یەخەی خۆی دادڕی و زۆر لە خۆی داو گریا.

ئەو ژورە ڕاگوزەر بوو زۆری بۆ ئەهات و زوو دەرئەکران و نەمان ئەزانی بۆ کوێیان ئەبەن ئەیان ووت هەندێکیان لە سەر کاری بەدڕەوشتی دەگیرێن زۆریان لێ ئەدان.

لە ئێمەیان نەئەداو ڕەفتاریان،باش بوو لەگەڵمان دواتر ئەفسەرەکە هات ئێمەی لای ئەوان دەرکردو چوینەوە ژورەکەی پێشوو ترمان .

ڕۆژێکیان چوارشەمە بوو تەیبەی دایکی مەنیجەو من و مەنیجە دانیشتبوین، تەیبە وتی مینا ئەگەر من مەنیجە ببەم تۆ چی ئەکەیت ؟ ووتم تەیبە ئەگەر مەنیجە بوەی من چیبکەم. دەستم کردە گریان ووتم منیش بوەن لە گەڵ خۆتان. وتی هەر ئەتوانم مەنیجە بوەم ناتوانم دووان بوەم تۆ توانایی ڕێکردنت نیەو هێشتا برینت زۆرە.من نەمزانی ئەوان پێشتر تەگبیری خۆیان کردوە کە مەنیجە لە زیندان بە نهێنی بفڕینێ،حەمام و ئاودەستێك لە نزیکی ژورەکەمان بوو بە ڕێڕەویکی باریکدا بۆی ئەچوین، لەسەر ئاودەستەکە تەنکیەکی گەورەی ئاو بوو تەنکیەکە کوون بوو شۆلاوەی ئاوەکە دیواری ئاودەستەکەی خوساند بوو وەك کونێك وابوو پشتی دیواری ئاودەستەکە ئەکەوتە دەرەوەی دیواری بەندیخانەکەو لە گەراجێکەوە نزیك بوو .ئێمە لە ژووری چاوپێکەوتن دانیشتبووین . تەیبە هەستاو لێم وون بوو، مەنیجەش ووتی ئەچمە سەر ئاو، زۆر چاوەڕێم کرد مەنیجە نەهاتەوە وامزانی نوستوە کە گەڕامەوە ژووری نوستنەکە وامزانی، لە ژێر جێگەکەدا خەوتوە بەتانیەکەم لادا سەرینەکەی خستوە ژێر بەتانیەکەو بەتانیەکەی وادانابوو کە خۆی لە ژێریدایە کە بینیم مەنیجە نەماوە پاشان لە سەرخۆ چووم بۆ ئاودەستەکە مەنیجە لە کونی ناو ئاودەستەکەوە هەڵاتبوو، ئەو کیسەیەم بینی کەدایکی عەبایەکی بۆی تیادا هێنابوو کیسەکە بە دڕاوی مابوو، مەنیجەش عەباکەی لەسەرکردبوو دەرچوو، گەڕامەوە ژوورەکەی خۆم زۆر ترسام ووتم ئێستا چی لەمن ئەکەن؟ گریام زۆر گریام .. یەکێك لە پۆلیسەکان عەرەب بوو ناوی (گەیلان)بوو ووتی (لاتبچی اللە کریم) زۆری پێنەچوو بەڕێوەبەری بنکەکە لە گەڵ (محمد)ە کوردەکە هاتن . لێیان پرسیم چۆن ڕایانکرد ووتم هیچ دەسەڵاتم نەبوو دایکی خۆی هاتوو بردی .

هەر ئەو ڕۆژە وەك سزایەك برامە ژووریکی تر بە بێئەوەی شتەکانم لە گەڵ خۆم ببەم دەرگایان لە سەرم داخست، نەترسام دام لە دەرگاکە دوایی (20)چرکەیەك برامەوە ژوورەکەی خۆمان و لە وێ دانیشتم پۆلیسەکە ووتی کەس حەقی لەسەر تۆ نیە تا چوار پێنج ڕۆژ دەرگاکەیان لە سەرم کلیل ئەدا دواتر دەرگاکە دانە ئەخرا بەویستی خۆم ئەچومە حەمام و سەر ئاوو باخچەیەکی بچوکیشی لێ بوو ئەچووم .دواتر کرامە ناو ژنی تردا کە لەوێ بەند بوون. ئیتر هەر دایکم ئەهاتە سەردانم و هەواڵی ئەوەی پێدام کە مەنیجەو دایکی بە سەلامەتی گەیشتوونەتەوە ماڵەوە .دایکم هەر ئەگریا هەرکات بهاتایە. ئەمووت بۆ ئەگری ئەیوت بۆتۆ ئەگریم. ووتم بۆ منداڵەکانم یان کەسی تر نایەت ئەیوت ئەوان لە ئاواین هاتوو چۆ زەحمەتە پیاوەکەشت ناتوانێ بیتە شارەوە دایك و باوکی پیاوەکەت لە گەڵ منداڵەکانن زۆر کەسیش بە هاوسەرەکەمی ووتبوو بڕۆ شارو خۆت بدە بەدەستەوە بەڵام ئەو ڕازی نەبوو .

منیش بڕوام ئەکرد ئەمزانی بارودۆخی نێوان شارو لادی چەند سەختە. شەش مانگ لە گەڵ مەنیجە پێکەوە بوین دوای دەرچوونی ئەویش شەش مانگی تر مامەوە لە تکریت. دواتر برامە دۆرە لە دۆرە کوردی تریشی لێبوو بەڵام قسەم لە گەڵ نە ئەکردن زۆر ترساو بێدەنگ بووم، دواتر برامە کەرکوك لە بەندیخانەی کەرکوك ژن و منداڵی کوردی زۆر زۆری لێ بوو شوێنەکەش زۆر گەورە بوو نەم ئەزانی ئەنفال ڕویداوەو نەشم ئەزانی ئەو خەڵکە بۆچی گیراوە ئەو کاتە کەس نەیئەزانی ئەنفال چیە هەر ئەیانوت نازانین بۆچی گیراوین.

لە کەرکوك وتیان ئازاد ئەکرێت تا ئەو کاتە ساڵێك و یەك مانگ بوو گیرابوین بە یانیەکیان باوکم بە تەکسیەك هاتە شوێنم ئەو یان هێنابوو پۆلیسێکی لە گەڵدابوو بانگ کرام باوکمم بینی وتی بێ ئازاد ئەوین دواتر بە تەکسیەك براینە سلێمانی پۆلیسەکەمان هەر لە گەڵبوو باوکم کرێی تەکسیەکەی دا لە سلێمانی براینە بنکەیەکی تری پۆلیس و لەویش لێپرسینەوەیان لێکردین و دواتر براین بۆ عەربەت لە عەربەت بەدوا ئیتر پۆلیس لە گەڵمان نەهات و ووتی ئازادن بڕۆن بۆ کەلار.

بەمجۆرە کات کەوتە دوانیوەڕۆو عەسرێکی درەنگ گەیشتینە ڕزگاری ئێستاو صمودی کۆن، چوینە ماڵ ئاسکەی خوشکم دایکم وهەندێ خزمم بینی و تەنها سوعادی کچم هاتە لام لە بەر ماندووی خۆم هیچم نەپرسیو کەسیش هیچی پێم نەوت. شەو کاتێك چووین بخەوین سوعادی کچم ووتی دایە منالّەکانی تر کەسیان نەماوە هەموو گیران ئەوان سورێژەیان گرت و مردن.

باوکیشم گیراوەو بەرنەبووە ئەوشەوە تابەیانی نە خەوتم بەیانی بۆمیان ڕوون کردەوە چی قەوماوەو چی ڕوویداوە منالەَکانم کە سوعاد گەورەکەیان بوولە دایك بووی 1981و بچوکەکەشم کە بریندداربووم تازە پێی گرتبوو لە گەڵ نەنك وباپیریان دەکەونەبەر شاڵاوی ئەنفال و لە نوگرەسەلمان نەخۆشی سورێژە دەگرن سیانیان لەوێ دەمرن و سوعاد دەمێنیتەوە لە گەڵ ئەو ژمارەکەمەی خەڵك کە ئازادکران. ئەو و نەنك وباپیری ئەگەڕینەوەو هاوسەرەکەشم نەگەڕاوە، دووبراو خوشکێکم وبراژنم و دوومناڵی ئەوانیش لە گەڵ سەدان خزم و ناسیاودا بێسەروشوێنن.

ٍدوایی دوو ڕۆژ بەو ئازارو خەمەوە لە ماڵ ئاسکەی خوشکمەوە ڕۆیشتین بۆ ماڵی باوکم، ماڵی چی؟؟ ماڵێکی وێرانە خانویەکی قوڕ بێدەرگاو پەنجەرە یەك سەرینمان بوو لە گەڵ پارچەیەك گونیەی سپی بۆ ڕایەخ، تەباخێکی بچووکی نەوت شەش کەس پێکەوە من و کچەکەم دایکم و باکم لە گەڵ خوشك وبرایەکمدا.دووریش بووین لە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە کە بیرێکی ئیرتیوازی بوو دەبوو بە تەنەکە ئاو بە سەربێنین.

مینا ماڵی لە کوێ و چۆن جێهیشت و هاتەوە کوێ؟؟

مینا خان ووتی: ئەو خانوەش تیایدا بووین خانووی ماڵی مامم بوو ئەو زەویەیەی درابووە ماڵی باوکم دوور بوو لە ئاوەدانیەوە لەو ماوەیەی پێش ڕاپەڕین هەتا گرانیەکە واتا تاداگیرکردنی کویت لە لایەن ڕژێمی سەدامەوە لە ساڵی 1990 خەڵك باش بوون هاوکاری زۆریان ئەکردین و پێداویستیان بۆ دەهێناین کارمان نە ئەکرد، بەڵام کە ئابڵوقەی ئابووری خرایە سەر ئێراق ناچار بووین بڕۆین بۆ کرێکاری کە ڕوبەرێکی کەم لە ناوچەی زەنگابادو گردەگوزێنە خەڵکی دەیتوانی کشتوکاڵ بکات، بەڵام تەواوی دێهاتەکانی تر هاتووچۆکردنی لێ قەدەغە کرابوو، هەرکەس بچوایە سزای مردن بوو لەو کرێکاری کردنەش خاوەن کارەکە چاودێری ئەکردین. هەرکەسێ باش کاری نەکردایە ئێوارە پێئەوت سبەی تۆ مەگەڕێوە. هەرچەند تەندروستیم باش نەبوو بەڵام نا چاربووم کاربکەم لە دوایی ڕاپەڕینەوە دەستمکردەوە بە کرێکاری .خاوەن کارەکە ئەوەنە نانی نەئەداینی تێر بخوَین.

لە کۆڕەودا بە پێ چووینە ئێران

لە هەمووی ناخۆشترلە ساڵی 1991 محمدی برام لە لایەن مجاهیدنی خەڵقەوە گیرا ئەوانیش هاوکاری سەدامیان ئەکرد بەو هەواڵەی محمد زۆر خەمبار بووین دوو پەلکی درێژم بوو بڕیم. ئاوارەی خاکی ئێران بوین . لە ئێران گەڕاینەوە ئەوسا محمد ئازاد بوو هێشتا دۆخەکە باش نەبوو بە هۆی کۆڕەوە وە هەر لە گەڵ ماڵی باوکم بوم نە چومەوە لای ماڵی خەزورانم. ماوەیەکی کەم هاتینەوە ڕزگاری و دواتر چوینە شارەزوور تا ساڵی 1993 لە ناحیەی سیروان لە شارە زوور جێگیر بووین هەر لەوێ باوکم مردو لەو ساڵەشدا کارەبا گرتمی ئەو برینەی بە دەم و لوتمەوەیە کارەبا سوتاندی ویستم بە فڕنی تەنەکە سەموون بکەم سەری وایەرەکە ڕووت بوو سەرێکی لە ناو سویچی کارەباکە بوو سەرەکەی تری بە دەستمەوە بوو سیمەکەی کورت بوو گەرەکم بوو بە دان وایەرەکەی پاك کەم نەمزانی کارەبای تیایە ئەو کارەبا گرتنە وای لێکردم و بە هۆی ئەو ڕوداوەوە سێ مانگ لە نە خۆشخانە کەوتم ژیانمان زۆر قورس بوو، بەڵام ئازاد بووین کە گەڕاینەوە لە گەڵ ماڵ باوکم لە ڕزگاری (صمود) خانوی قوڕمان دروستکردو ئەو زەوی یە درابوو پێیان زۆر دور بوولە ئاوەدانیەوە فرۆشتمان بە(300) سێ سەد دیناری ئەوکاتەو لە نزیکتر لە ماڵەکان زەوییەکی ترمان کڕی بە گرانتر، بە خشتی قوڕ کە خۆمان دروستمان ئەکرد خانوومان کرد.

ئیتر دەسەڵاتی سەدام نەمابوو، بە ئازادی کرێکاریمان ئەکرد زەویەکانی لادێمان چاند بە سادەیی ئەژیاین کچەکەشم ناردە بەرخۆیندن، ڕێکخراوی ٍمناڵ پارێزی کوردستانیش یارمەتی ئەداین بە هۆی کچەکەمەوە مانگی (100) سەد دینارمان وەرئەگرت.

دواتر لە گەڵ ڕێکخراوی یەکێتی ژنان و ژنانی ڕێکخستنەکانی یەکێتیشدا کارم ئەکرد، پلەم ئەندام کەرت بوو بۆ ئەو پلەیەش مانگی(40) چل دینارم وەرئەگرت.لە ساڵی (2001) وەك خێزانی قوربانیانی ئەنفال مووچەمان بۆ بڕایەوەو مانگی( 200) دووسەد دینارمان وەرئەگرت ژیانمان بەرە بەرە باشتر بوو. محمدی برام لە ساڵی ( 2004) ژنی هێناو خوشکەکەشم لە( 2006) شویکرد.

لە ساڵی( 2004) لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە لە ناو قەزای کەلار( 200) مەتر زەویان پێماندداو پارەشیان پێداین کردمانە خانوو لە دوایی ساڵی (2010) وە بوومە خاوەن خانووی خۆم و سێ ساڵە سەلاجەو ناوماڵەی باشم هەیەو لە گەڵ دایکم ئەژیمٍِِ.

له ساڵی 2013 چووم بۆ عەمرە بۆ سعودیە سەردانی ماڵی خوام کردو لەم ساڵەدا کچەکەم شویکردو هەرلەم ساڵەشدا هاتم بۆ ئەڵمانیا. سێ ڕۆژ پێش هاتنم بۆ ئەڵمانیا پیاوەکەم هاتە خەوم ووتی چیە بۆ سەفەر ئەچیت، ووتم بەڵی قسەمان ئەکرد پێکەوە لە بەر چاوم ئەو کەوتە ناو ئاوێکی لیٚلەوەو لێم وون بوو. ئەزانم مانای ئەو خەوە چی بوو، هەست بەوە ئەکەم ئەو ئاگایی لەم هاتنەی منە .

هەموو ئەوەی بینیم ئەگەر سەیری کەسانی ترم نەکردایە کەوەك خۆم چیان لە دەستداوە بەرگەم نە ئەگرت و نە ئەگەشتمە ئەم ڕۆژە. بە لێدانی فڕۆکە برینداربووم و وام بە سەر هات وا ئێستاش بە فڕۆکە هاتووم بۆ ئەوروپا.

خۆشحاڵم بەم گەشتە دەرفەتێکی خۆش بوو کەشتی تریشتان هەبێت دێم من ئیتر کار بۆ ئەوە ئەکەم هەموو جیهان بزانێت چیمان بەسەر هاتووە .ئەو شوێنانەی بینیمان زۆر شتی گرنگ بوو ئێمە لە سەردەمی سەدامدا لێمان قەدەغە بوو شارەکانی خۆمان ببینین لە ئەڵمانیا چومە سەر بینایی پەرلەمانی ئەڵمانیا و سەیری شاری بەرلینمانکرد چوینە ناو پەرلەمان و بە دڵی خۆمان بەشەکانمان بینی و وێنەمان تیادا گرت ، لە زۆر شوێن شوێنەواری تاوانەکانی هیتلەرمان بینی و زیاتر وەك تاوانەکانی سەدام بوو ، خەڵکی ئەوێ گوێیان لێگرتین و هاو خەممان بوون ئەوانە بۆ ئێمە واتایی گەورەی هەیە و زیاتر بە ئازادی ئاشنامان ئەکات.

مینا خان هەرچەندە ماندووم کردی و لە زۆر لایەنی تایبەتی ژیانیشت نەدوام لەبەر باری دەرونی و تایبەتی خۆت وەك ژنێکی نێو کۆمەڵگەیەك کە زۆر تابۆ لە سەر ژیانی تایبەتیتان هەیە دەکرێت بپرسم تۆ لە تەمەنێکی گەنجیدا بەو ڕوداوانەدا تێپەڕیت و ئێستاش کچەکەت شوی کردوەو لە گەڵ دایکت ئەژێت دەرفەتی ئەوە نەبوو جارێکی کە شووبکەیتەوە؟ .

بە خەندەوە ووتی: دەرفەت هەبوو چەند کەسێکیش داخوازی کردم بەڵام خۆم نەمکردو بیریشی لێناکەمەوە. کە مینا خانم بینینەوە لە گەرمیان لە گەڵ دایکی ئەژیا سێبەری خەمی زیاتری لە سەر بوو دایکی بە تەمەن بوو تەندروستی باش نەبوو ئەمەش بۆ مینا خان سەختە لە بەر ئەوەی لە ڕۆژی ڕوودانی بۆمب بارانکردنی کانی عوبێدەوەو لەو کاتەوەی بریندار بووە و لە ئامێزی گەرمی هاوسەرو سیمای پڕهیوایی منداڵەکانی دابڕاوەو جارێکی تر گەڕاوەتەوە سایەو ئامێزی دایکی خۆی ترسی لە دەست دانی دایکیشی غەمێکی ترە بۆ ئەو.

سەبریە احمەد کریم لە دایك بوی 1970

سەبریە خان تۆو مینا خان چۆن یەکتر ئەناسن؟ -

منیش کچێکی خەڵکی دێی عەزیز قادرم کە لە دێیەکانی توکن و کانی عوبێدەوە نزیکەو شومکرد بە کوڕی خێزانێك کە لە کانی عوبێد بوون.

واتە لە وێوە مینا خان ئەناسی؟-

بەڵێ وایە کە شومکرد لە ساڵی 1984و چومە کانی عوبێد مینا شویکرد بوو لە دێی توکن بوو، بەڵام دواتر بە ماڵەوە باریان کرد - هاتنە کانی عوبێدو لەوێوە زیاتر ناسیم، ئەو کاتە مینا بریندار بوو. برا بۆ کەرکوك من لە دێکەدا بووم هەموو ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەم بینی.

- لە ڕووداوەکە بدوێین یان تۆش باس سەرەتایی ژیانی خۆت و چۆنیەتی شوکردنت ئەکەیت و چۆن تۆش لە دێی عەزیز قادرەوە چویتە کانی عوبێدو لە گەڵ مینا خان بونە ئاشناو هاو غەم ؟.

-بەدڵی ئێوە لە کوێوە دەتانەوێ بۆتان دەگێڕمەوە.

با بگەڕێینەوە سەرەتاکانی تەمەنت و لە وێوە دەست پێبکەین ؟-

لە ناو خێزانێکی گەورەدا بووم چواربراو شەش خوشك بوین باوکم دوو ژنی هەبوو من لە ژنی دووەمم و دووەم منداڵی دایکی خۆمم. وەك نەریتی ئەو کاتە منیش ژن بەژنم پێکراوەو ژنم بۆ برام کردووە. ژیانی ئێمەش لە عەزیز قادر ژیانێکی جوتیارانەی سادەبوو زۆر دڵخۆش بووین بە ژیانی خۆمان ئازاد بوین بەڵام شەڕ نەیئەهێشت.

خوێندەواریت ؟ بە منداڵی چویتەتە بەرخوێندن؟-

- نەخێر کە منالبووم لەلادێ تازە قوتابخانە کرابوەوە لە دێیەکەماندا کچ نەی ئەخوێند ماڵەوەش ئەیان ووت ئەگەر کچێکی کە بڕوات ئەوا تۆش ئەنێرین ئەوە بوو تا شومکرد ئەوە نەبوو بەڵام لە ساڵی (2010)دا چووومە قوتابخانەی خوێندنی گەورەکان و بە چەند مانگێك فێری ئەوە بووم ژمارەو ناوەکان بناسمەوە بۆ پێویستی خۆم باشە ئێستا.

کە تەمەنیشم گەیشتە کەمتر لە شازدە ساڵ بڕیاریاندا بمدەن بە ژن بۆ برایەکم من سەرەتا ئەو هاوسەرگیریەم پێناخۆش بوو هاوسەرەکەم نەبینی بوو هیچیشم لە بارەیەوە نە ئەزانی پێم باشتر بوو شوو بە یەکێك لە خزمەکانی خۆمان بکەم .

-کەسێکی دیاری کراو هەبوو لە خزمەکانت کە بتەوێت شوی پێبکەیت؟

- نەخێر بەس هەر ئەوەم لاگران بوو شوو بە کەسێك بکەم هیچ لە بارەیەوە نازانم، هەردوعام دەکرد ئەم شایە بە خۆشی نەبێت، ئەوە بوو ئەو ساڵەی مارەبڕام کوڕێکی گەنجی خزمان لە شاخ کەوتە خوارەوەو مرد خێزانی ئێمە شایی گەورەیان نەکردو بە بێدەنگی بەڕیانکردم بەڵام خێزانی هاوسەرەکەم شاییەکی زۆر گەورەیان کردو نانێکی زۆر درا بە میوانەکان و شاییەکی خۆش بوو شاییەکەم، کە ئاشنایی هاوسەرەکەم بووم ئەو کەسێکی زۆر جوان و ڕۆشەنبیر بوو لە لایەن شۆڕشیشەوە ئەرکی پێ دەسپێردراو سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانی ئەکرد لە دێیەکەی خۆمان و دێیەکانی نزیکماندا.

زوو هۆگری بووم و ئەو ناڕازییەی پێشووم نەما

خێزانێکی دڵخۆش بوین ساڵی1985 یەکەم منالمان بوو کە شوانەی کوڕمە ،دوایی ئەویش بێگەردی کچم لە ساڵی 1987بوو.

. مینا باسی هەل و مەرجی ئەو کاتەی کرد من ناچمەوسەری بەڵام باسی ئەو ساڵە ئەکەم لە دوایی بریندار بوونی میناوە

-واتە ئەو کاتە تۆش لە کانی عوبێد بووی ؟

- بەڵێ. کە مینا برینداربوو ئەو برایە شار بۆ دکتۆرو ئەوە بوو بەند کرا. بە میناوە سی وچوار کەس برینداربوون یازدە کەسیش شەهید بوون خەڵکی ئاوایەکانی دەورو بەرهاتنە هاوارمانەوە، شەهیدەکان کە ژن و منال و پیاوبوون هەندێکی برانە دێی عەلیان و قولیجان، بریندارەکانیش پزیشکی شۆڕش چارەسەری کردن جگە لە میناو باوکی و مەنیجە کە برینەکانیان سەخت بوو برانە شار.

وەك مینا باسی کرد سێ ڕۆژ پێش ئەوەی تەیارە بدات لە کانی عوبێد پرسەیەك بوو ژنێك مردوو بوو ئاوایی هاتو چۆی زۆری لە سەربوو، ژنێك ناوی {باشە محمد بۆیلان } بوو خەرێکی پاکردنی سەرو پێی ئاژەڵە سەربڕاوەکانی خواردنی پرسەکاران بوو کە تەیارەکە لێی دا شەهید بوو، ناشتیان قاچێکی پەڕیبوو دوای سێ ڕۆژ لە شوێنەکەی قاچەکەیان دۆزیەوە. خۆیشم لە ناو تابوتێکدا پرچ و پارچە پێستی شەهیدێکم بینی کە پرسیم کێ بەم تابوتە براوەتە گۆڕستان؟ ووتیان شەهید {گورجی عەلی کەرەم }بوو ئەو ژنە چەند بەتەمەن بوو بەڵام وەك هاوڕی و دایکی خۆم زۆرم خۆشدەویست زۆر ئازارم چەشت بەو دیمەنە ئەو پرچ و پارچە گۆشتانەی ناو تابوتەکەم کۆکردەوە خستمە ناوپارچە قوماشێك و بردم لە شوێنێك خستمە ژێر گڵەوە زیاتر بەوەش خەمبار بووم کە نەمزانی ئەوکات گۆڕەکەی لە کوێیە تا ئەو بەشەی جەستەشی ببەمەلای. کارەسات بوو ئەو ساڵە هەموو ڕۆژێ ترس و شەڕ بەردەوام بوو لە بەر هاوسەرەکانمان و براو پیاوەکان کە نەیان ئەتوانی بچنە شارەوە خۆمان حەشارئەدا لە دەشت و کێوەکان .

کەمینا ڕۆشت دایك و باوکی هاوسەرەکەی هاتنە لای منالەکانی ئەوندە ترس و کارەساتی تر بەڕێوە بوو نەمان ئەپەرژایە سەر یەك جار جار منالەکانیم ئەبینی کزوو خەمبار بوون هەموو زۆر بە داخ بووین بۆیان.

پایز بوو فڕۆکە لە دێیەکەمانی دا تا بەهار هات شاڵاوی ئەنفال دەستی پێکرد پێش ئەوەی بکەوینە بەر ئەو شاڵاوە مانگێك زیاتر بوو لە دەشت ئەخەوتین و نەمان ئەوێرا بێینەوە ناو ماڵەکانی خۆمان لە ترسی تۆپ باران و هاتنی سوپای ئێراق ئێوارەیەك پێش دەرچوونمان شەهید { سلێمان } شەهید بوو تەرمەکەیان هێناوەو پێشمەرگەیەکی زۆری لە گەڵدابوو تەرمەکە نێژرا، تا ئەو کاتەش پێشمەرگە بەرگری ئەکردو باوکی شوانەشیان لە گەڵبوو لە گەڵ ئێمە نەهات.ئاگادارکراین پێشمەرگەکان ووتویانە با ژن ومنال لە دێ دەرچن سوپای ئێراق زیاتر هاتوەتە پێش دواترناچار کەوتینە ڕی لە کانی عوبێدەوە بۆ کاکە برا کە دێیەکە هاوسنوری کانی عوبێدە، خەڵکێکی زۆر لەوێ بوو لە دێهاتەکانی تریشەوە ئەهات وەك ڕێڕەوێك وابوو شەو و ڕۆژێك لە ماڵی {حەمەساڵەی حەمەعەزیز } ماینەوە گەوڕو شوێنی ئاژەڵەکانیش خەڵکی تیابوو، بارانیش بەخوڕ ئەباری لە وێ ماڵی باوکمم بینی و یەکمانگرت بۆ ڕۆژی دوایی کەوتینە ڕێ بەرەو ملەسورە ووتیان (فەتاح بەگ) مستەشارێکی جاشبوو ووتیەتی با خەڵکەکە بێتە ملەسورە لێبووردنم بۆ (500) پێنج سەد ئاوایی وەرگرتوە دەبرێنە ئۆردوگا. ئەو شوێنەی بە هەزاران خەڵکی ئەو دێهاتانە ڕویتێدەکردو سوپای ئێراق گەمارۆی ئەدان تەیارە وەسەرمانۆ ئەسوڕایەوە ئەیان بینی واخەڵکە کە ئەڕوات تەقەیان لێنە ئەکردین لە زەویش جاش و جێش خەڵکیان ئەدا لە بەر.. ئێمە لە قلاقۆچاڵی بوین پێش ئەوەی بگەینە ملە سورە ئەمان بینی وا جاش و جێش دەستە دەستە خەڵك ئەگرن

و باریەکەن بەرەو ملەکەی ملەسورە.پیاوەکان و گەنجەکان لە ئێمە دابڕان بەو هیوایەی ئەوان نەگیرێن و دەربازبن، هەردوو منالّە بچووکەکەم و یەك لێفەو شیری منالّەکەم و کەمێك شەکرو چا.گوێدرێژێکمان پێبوو خزم و ناسیاوی زۆر بووین پێکەوە مالّی باوکیشم لە گەڵ بوو.

بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە ملەسورە خۆمان حەشاردا لە ناو کایەنێك. پێنج شەش خێزان بوین دواتر هەستمان کرد وا خەڵك دەگیرێت و سوپای ئێراق زیاتر ئابلۆقەی خەڵکەکە ئەدات هەندێ لە جاشەکان و سەرەك هۆزەکانیش ئەیانوت خۆتان بدەن بە دەستەوە حکومەت ناتان کوژێت و دەبرێنە ئەو بەر سیروان.لەو دوو ڕۆژەدا (فاتیح ) شوبرام مامەی منالّەکان لە گەڵ ( حمەخان حمە عەلی زخە ) باوکی سالار حمەخان کە ئێستاش پێشمەرگەیە چووبە دوایی باوکی شوانەو سالارو خالۆیەکی سالار کە ناوی ئەحمەد محمەد بوو بە حمە سێخرانی ناسراو بوو، بەڵام نەیان توانی بوو لەو دۆخەدا بیاندۆزنەوە کەسانی ناسیاومان ووتبویان لە گەڵَ عەلی برایەتی لە گەڵ پێشمەرگەیەو بڕوایان بەوەیە شەڕ بکەن و خۆیان نەدەن بە دەستەوە دواتر نازانم چۆن ئەو و شەهید ئیکرام کەوتنە بۆسەی دوژمنەوە.

کە کاك (فاتیح )گەڕاوە ووتی جێش وجاش گەیشتوەتە کانی عوبێدو سوتاندویەتی، باوکم چووبوە ناو خەڵکەکەو چاودێری کردبوو هاتەوە ووتی من بڕوا بەم قسانە ناکەم حکومەت نیازی خراپە با جارێ خۆمان نەدەین بە دەستەوە نزیکەی شەست کەس ئەبوین. باوکم و ئەوانیتر ووتیان ئەمشەو ئەکەوینە ڕێ بەرەو ناحیەی ڕزگاری ئاگادارین هەندێ ڕەبیەی جاشەکان هاوکاریمان ئەکەن بۆ دەربازبوون ئەوانیش خەڵکی باشیان تیادابوو دوو ڕۆژ لەوێ بوین بینیمان مالّی ڕێژاو و ئەوان بران تەراکتۆریان پێبوو ئیتر جیش و جاش هاتنە پێشەوەو بە خەڵکەکە دەیانووت دەی بکەونە ڕێ بەرەو شارو گەمارۆ درابوون دەیان ووت شوێنتان دەدرێتێ بڕۆن مەمێنن. عەسرو خۆرئاوابوو دووکەس هاتن بە دوای خزمی خۆیاندا ئەگەڕان ئێمە یەکێکیانمان ئەناسی ناوی (سلاح) بوو خوشکەزای حمەی حمەعەلی بوو بە داخەوە لە ڕاپەڕین لە شاری دووز شەهید بوو، ووتمان کاك سەلاح تۆی؟ ووتی کاکە چیئەکەن ؟ باوکم و ئەوان ووتیان نامانەوێ لێرە خۆمان بدەین بە دەستەوە، ئەویش ووتی من ناسنامەی جاشیم پێیە وناسنامەیەکی زیادەی ساختەشم لایە کەسێکی تریشم لە گەڵە، چەند خێزانن بکەونە ڕێ بەڵام بەرپرسیارێتی خۆتان لە ئەستۆی خۆتانە خوا یاربێ لە نێوان دوو ڕەبیەوە دەربازتان ئەکەم جاشی لێە ئەیان ناسم سەربازی لێنیە. نزیکەی بیست خێزان زیاتر ئەبوین ئیتر ئەوان ئەکەوتنە پێشمان کە دڵنیا ئەبوون ڕێگەکە باشە و بۆسە نیە ئەیانوت بکەونە ڕێ. بە دەم ڕێکردنەوە مەمکم نابوە دەمی بێگەردی کچم (ساوابوو لە ترس ئەوەی نەوەك بگریەت و ئاشکرابین. ئیتر ئەو بیست خێزانە پێکەوە بووین هەتا گەیشتینە ڕزگاری (صمود

گەنم و جۆ لە زەویدا بوو، دروێنە نەکرابوو ماڵ و خواردنێکی زۆرمان لە مالّە کانماندا بوو هیچمان بۆ نەهات (300) سێ سەد سەر ئاژەڵمان بوو برازای پیاوەکەم کوڕی ( ڕێژاو ) شوانی بوو پێکەوە بران و نەمان بینیەوە. بەڵام ئەحمەدی برام لە گەڵمان بوو ناسنامە جاشی یەکەی لای کاك (سەلاح) ی پێبوو هەرچەندە خۆی پێشمەرگە بوو. بە پێ و لەبەر باو باران ئەوان ڕێنوێنیان کردین و لە ملە سورەوە نزیك کات پێنجی ئێوارە بوو کەوتینە ڕی بۆ چوارو پێنجی بەیانی گەیشتینە ڕزگاری. ئێمە بووین ماڵ فاتیحی شوبرام بوو ماڵ باوکم و ئەمینی برام بوو زۆر خێزانی تر ئێستا لە بیرم نیە.

چوینە مالّێك ناوی (ڕەمەزان ) بوو خەڵکی دێی زەرداو بوو، ئەوان سالّێك پێشتر بە زۆر ڕاگوێزرابوون بۆ ئۆردوگای ڕزگاری. مالّەکەیان پڕ بوو لە خەڵکی وەك ئێمە بارانیش بە خوڕ ئەباری، وەرزی بەهار بوو. دواتر چوینە مالّێکی تر ناوی (علی حمك) بوو قەرەیاتاخی بوون،.باوکم ووتی زۆرین چوار خێزان بووین دەست و قاچمان شۆرد هەموو لە قوڕابووین شەوالّێکی پیاوانەم لە پێدابوو.نان و چایان بۆ هێناین و خواردمان پاشان خەوم لێکەوت ووتیان مردوە ئەوەندە ماندو بوم. کە ڕۆژ بووەوە بە زۆر لە خەو هەڵیان ساندم .لەوێش چوینە مالّی حاجی لەیلێ ناوێك. ناردیانە شوێن برایەکی هاوسەرەکەم ئەو پێشتر مالّی لە شاربوو لە وێش لە گەڵ منالّەکانم و خەسووم چوینە مالّی ئامۆزایەکیان و ماوەی پازدە ڕۆژ لەوێ ماینەوەو هەوالّی هاوسەرەکەم نە ئەزانی کەوتینە سۆراخی ئەو جا زانیمان گیراوەو کەوتۆتە نێو شالّاوی ئەنفالەوەو تا ئێستا بێ سەرو شوێنە . ئاژەڵەکانیش هەمووی جاش و جێش بردی

خزمەکانمان ئەوانەی پێشتر لە شاربوون هەندێ جل و پێویستیان بۆ هێناین و چووینە خانویەکی کەلاوە کە دەرگاو پەنجەرەی پێوە نەبوو لەو هەموو ماڵ و ئاژەڵە تەنها گوێدرێژەکەم بینیەوە. حەوشەش نەبوو هەندێ بەرمیلی کۆنەمان ڕیزکردو وەك حەوشە کردمانە پەنایەك ئەوخانوە هی ماڵ مامە نەجم غەنی بوو مامەی هاوسەرەکەم، ئەو خانوەیان لە ڕزگاری کردبوو خۆیان لە کفری دا ئەنیشتن کاتێك کاربەدەستێکی ڕژێم بهاتایە بۆ سەر ژمێریکردن من خۆم ئەکرد بە کچی مام نەجم و ناوی خۆم گۆڕی بوو بۆ ئافتاو لە بەر ئەوەی مام نەجم کچێکی هاو تەمەنی منی بوو ناوی ئافتاو بوو ناسنامەکەیان هێنا بوو بۆ من ئەو لە کفری بوو. منالّەکانیشم بە ناوی منالّەکانی (عاسی نەجم ) بوو (شوانەمان ناو نابوو دارا بێگەردیش ناومان گۆڕی بوو بۆ دلّسۆز، منالّەکانی خۆم بە برازام ئەناساند بە پیاوانی حکومەت. ڕۆژێك لەسەر تەنور نانم ئەکرد هەندێ لە پیاوانی ڕژێم هاتن لە منیان پرسی بە زمانی عەرەبی هیچ تێنەگەیشتم دواتر چوون وەرگێڕێکی ژنیان هێنا لێمی پرسی تۆ لە کوێوە هاتوی لە خەڵکی لادێ ئەچیت ؟وتم نەخێر خەڵکی کفریم ناوم ئافتاوەو کچی نەجم غەنیم بە خەسوم ووتم ئەوە نەنکمە، دیار بوو بڕوایان پێم نەئەکرد دواتر ڕۆیشتن کە

دوور کەوتنەوە زۆر ترسام نان و هەویرەکەم بە جێهێشت مناڵەکانم بردوو چومە ماڵی حاجی عەلی محمد نازار ئەوان خەڵکی دێی کارێزە بوون ساڵێ پێش ئەنفال ڕاگوێزرابوونە ئەوێ لە بە یانیەوە تا ئێوارە لە ژورێکی ئەواندا نەهاتمە دەرەوە. کوڕەکەم داوای نانی ئەکرد لە ڕووم نە ئەهات داوای خواردن بکەم درەنگێ ژنی خاوەن ماڵەکە هات ووتی تۆ لە بەیانیەوە لێرەی هیچتان نە خواردوە ووتم خۆم هیچم ناوێت بەڵام منداڵەکانم داوای نان ئەکەن ژنی خاوەن ماڵەکە گریا بۆمان و چوو نانی هێنا. بەو جۆرە تا ئێوارە خۆمان حەشاردا ودواتر گەڕامەوە کەلاوەکە زۆر بە سەختی ئەژیاین، دوای ساڵێ زیاتر ئینجا بە بیانووی هاوکاری و یارمەتی دانی بێوەژن دەیان ویست ئاشکرامان بکەن ئەوکات من تەمەنم نەچووە بیست ساڵ لە دادگای شاریش مارەبڕینمان بۆ نەکرابوو ناسنامەمان نەبوو بەو جۆرە خۆمان پەنادا تا دوای ڕاپەڕین .

لە دوایی ڕاپەڕینیش لە ساڵی 1997 ناسنامەی شارستانیمان وەرگرت لە سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لە پێش ڕاپەڕیندا لەم کۆمەڵگە زۆرە ملێیەدا بۆ شارەکان نەبێت بۆمان نەبوو بچینەوە لادێکان، دەورمان گیرابوو بە شوێنەکانی پێشومان ئەیانووت (ئەرزل حەرام) ئەوەی سنوری پشت ئۆردگاکەی ببڕیایە مەرگ چاوەڕێ ی ئەکرد.

هەر لەو شاڵاوەدا منداڵەکانی میناو هاوسەرەکەی گیران و ئەوە بوو دواتر تەنها سوعادی کچی گەڕاوە. لەوێ بە دواوە کەوتینە ناو گێژاوی خۆپاراستن لە ڕژێمی بەعس و چاوەڕوانی گەڕانەوەی کەس وکارو هاوسەرەکەم.

لەوەش سەختر هەوڵدان بۆ دابینکردنی بژێوی خۆمان و منداڵەکانمان کە هەر ڕۆژێکی ئەو چوارساڵەی پێش ڕاپەڕین بە ساڵێك تێنەئەپەڕی، ئەچووین بۆ کرێکاری بۆ ناو گوندە عەرەب نشینەکانی سەرخاکی داگیرکراوی کوردستان وەك زەنگاباد. عەرەب لە سەرخاك و کێڵگەی کوردبوو، هەنارمان ئەچنی پەمومان (لۆکە) ئەچنی، مەرەزەمان دروێنە ئەکرد، هەرکارێکی کرێکاری بۆ بژێوی خۆمان ومنداڵەکانمان لە کاتێکدا لە ژیانی پێشوماندا لە گوندو کێڵگەکانی خۆمان دوور نەئەکەوتینەوە.

یەکەم ڕۆژ کە چووم بۆ کرێکاری خەسووم دەستی کرد بەگریان ووتی چۆن ئەبێ خێزانی حەمەی کوڕم کرێکاری بکات وام ئەزانی ئەو ڕەنجەی چەندین ساڵە داومە بەشی هەزار ساڵمان ئەکات ؟!

لەگەڵ ڕێژاو بووم دوو سێ جار چووم تا نزیك ئۆتۆمبیلی کرێکارەکان و گەڕامەوە لە شەرمان گریام، نەم ئەتوانی لە شەرماندا بڕۆم دواتر شۆفێرەکە ووتی،کچم وەرە من وەك باوکت وام مەترسە. لە بەر بژێوی منداڵەکانم ناچار بووم بڕۆم و کرێکاری بکەم شەڕی داگیرکردنی کوەیت دەستی پێکرد بوو گرانی بوو ناچار بووین .چیتر خەڵکی نەیئەتوانی وەك جاران هاوکاریمان بکات، ئەو ڕۆژە چووینە بەراوێك بامیەمان ئەچنی لە دوورەوە خاوەن بەراوەکەم بینی لە شەرما ڕامکردە لای ڕێژاو ووتی چیتە مارت بینی؟ وتم نا، لەو پیاوە ئەترسم . وتی مەترسە ئێمە کاری خۆمان ئەکەین .

دوای ڕاپەڕینیش کە ئاوارە بووین چووینە ئێران ئەوەی هەمانبوو نەما، بەڵام کە گەڕاینەوە ئازاد بووین لە دەسەڵاتی بەعس و سەدام.لەلایەك لە هەوڵی نان پەیداکردن بووین،لە لایەك سەلماندنی شکۆی ژنانەو لاوێتیمان. کەوتینە ناو بزوتنەی ڕزگاری خوازی کوردستان و ژنان. وەك کادرێکی ژن لە زۆر بواردا کارم کرد پێنج شەش ژنی تری بووین چووینە ناو ڕێکخراوی ژنانەوە ئەوکات بە یەکێتی ژنانی کوردستان ئاشنا بووین.لە مانگی (1993-4) هەزارو نۆسەد و نەودو سێ کۆمیتەی ژنانمان کردەوە لە ڕزگاری کورسی و مێز نەبوو هەریەکەمان لە ماڵی خۆیەوە پارچە ڕایەخێکی برد دامان خست لە بارەگاکەدا شوێنەکەش بنکەیەکی پۆلیسی ڕژێمی لە ناوچوو بوو.لە دوای ڕاپەڕین زۆر لە دیوارەکانی ڕوو خاوبوو بەڵام بۆ ئێمە باش بوو لە ناو ئۆردووگاکەی خۆماندا بوو. نزیك ماڵەکان بۆ خۆمان و بۆ ژنانی تریش سودمەند بوو. هۆیەك بوو بۆ هۆشیاربوونەمان خۆمان پرۆژەمان دادەڕێژاو هاوکاری خێزانەکانی تریشمان ئەکرد .ئێمە ئەو ژنانە بووین کە بەو مەرگەساتانەدا هاتین، خەڵکی خێری پێ ئەکردین، لە گەڵ ئەوەشدا هەرچاوەڕێی کەسە ون بوەکانمان ئەکرد. بەڵام توانیمان منداڵەکانمان بە باشی پەروەردە بکەین و بگەینە ئەمڕۆ کە کەسی بە تواناو شارەزایان تێادایەو هەڵگری بڕوانامەی بەرزن و داوایی مافی یاسایی گەلەکەیان ئەکەن. هەرلەو سەردەمەدا زۆر ڕێکخراوی خێرخوازی بیانی و ناوخۆیی ڕوویان لە سنورەکە کرد، لە وانە ڕێکخراوی (هاوکاری پیران) لە بەر ئەوەی ئۆردوگای ڕزگاری و ناوچەکە کەسانێکی زۆری بەتەمەن و بێسەرپەرشتی تیادا بوو بە تایبەت ئەوانەی لە شاڵاوی ئەنفال دەرباز بوون، وە لە گەڵ ڕێکخراوی(شنەبایی یابانی) کارم کردووە.

ماوەی سێ ساڵیش لە گەڵ ڕێکخراوی (کیدۆ) وەك کادری چاودێر کارم کرد کارەکەی ئەوان بۆ ئەو کاتە زۆر باش بوو پارەیان بە قەرز ئەدا بە بێوەژنەکان بۆ ئەوەی کارێکی پێوە بکەن کە بڕی (3000))سێ هەزار دیناری ئەو کاتە بوو، دواتر مانگانە (150)دیناریان وەردەگرتەوەو کۆمان دەکردەوە لە هاوبەشەکان و کە دەبوەوە بە (3000)سێ هەزار دینار دەماندا بە بێوەژنێکی تر بەمەش کارمان بۆ ئەکردن کە ببنە خاوەن کارو داهاتی خۆیان . کە ئێستا بەرهەمەکەی دیارە زۆربەی منداڵانی سەردەمی ئەنفال و ئەوانەی باوك یان دایکیان بێسەروشوێنە خوێندنیان تەواوکردووەو خاوەنی بڕوانامەو کاری خۆیانن سوپاس بۆ خوا منیش بێگەردی

کچم مامۆستایەو ژیانی خێزانی پێك هێناوە، وا بووم بە نەنك شوانەی کوڕیشم لە زانکۆیە. خۆیشم گەشتم کردووە بۆ ئەوروپا بۆ ?. ئەوەی ڕابردوومان لە بیرنەکرێت و ئایندەمان دوور بێت لە شەڕ

لەو گەشتەماندا برادەرێکی کوردی سلێمانی لە بەرلین میوانداری کردین لە کاتی گفتوگۆدا ووتی ناوی خۆم نووسیوە لە کۆمەڵەی - جەستە بە خشان بۆ ئەوەی پاش مردنم ئەندامەکانی جەستەم ببەخشم.

سەبریە خان بە دڵ گەرمی یەوە وتی ((وەڵا من ئەوە ناکەم ئەگەر چاوم ببەخشم لە و دونیا چۆن سەیری محەمەد بکەم))..لە ڕاستیشدا سەبریە خان خاوەنی دوو چاوی گەش و جوانە.. ئەم گفتوگۆیەمان لە ئەڵمانیا ئەنجامداو دوایی دە ڕۆژ گەڕاینەوە کوردستان.لە مانگی [2013/10] ئەو مانگەی مینای تیادا بریندار بوو لە ساڵی 1987.

لە گەرمیان لە گەڵ سەبریەخان کەوتینەوە پەیوەندی کردن بۆ تەواوکردنی ئەم باسە. وا دووساڵە خەریکین، ئەوەندە لام پڕ بەرپرسیارێتی یە نازانم لە کوێی ڕوداوەکاندا بوەستم و کتێبەکە چ ناوێکی لەسەردابنێم.

بۆ زانینی لایەنێکی تری ئەو تاوانانەی ڕژێمی لەناو چوو ئەویش لە زاری یەکێك لە ژنەکانی دراوسێی (سەبریە و مینا) وە کە([ڕێژاو] خانە، لە سەبریەخانم پرسی تۆ باسی ئەوەتکرد کە خزم وناسیاو زۆر گیراون بەتایبەت هاوسەرەکەت و برایەکی و منداڵەکانی کە کوڕە گەورەکەی شوانتان بوو .

-ووتی بەڵی خێزانی برای هاوسەرەکەم دایکی شوانەکە ناوی [ ڕێژاو ]لە نوگرە سەلمان گەڕاوەتەوە.

دەکرێت ببینین بۆ ئەوەی لە زاری ئەویشەوە دۆخی زیندان و دوا هەواڵی شەهید بوونی منداڵەکانی مینامان پێ بڵێ؟-

-سەبریەخان وەك هەمیشە بە دڵسۆزیەوە ووتی (( بە چاوان پێکەوە ئەچین بۆ ماڵیان))

کاتێکمان دیاری کردو ڕێژاو خانمان بینی، بە داخەوە ناساغ بوو .بە داوای لێ بووردنەوە داوامان لێکرد لەو بارەوە گفتو گۆ بکەین ؟

ڕێژاو بابا یابەلە دایك بووی ساڵی 1953

ئەو خانمە ماندووە: وتی باسی چی بکەم هەرچی بڵێم هەرکەمە؟

-وتم خاتوون ئەزانم چەند ماندووی بەڵام ئەکرێت گەر کەمیش بێت بدوێین ؟

.بە سووپاسەوە ڕازی بوو

-لێم پرسی خاتوو ڕێژاو ناوی باوکی تۆ ( بابا)یە ئایا هیچ خزمایەتی یەکتان هەیە لە گەڵ مینا خان ؟

فەرموی نەخێر.. ڕێکەوتەو هیچی یەك نین جگە لە دراوسێتی و هاو خەمی. ماڵی باوکی من لە سێخڕان بوو کە دێیەکی ناوچەی - گەرمیانە منیش شووم کرد چوومە کانی عوبێد.

-پرسیم تۆش وەك مینا و سەبریە ژن بەژنت پێکراوە؟

بە خەندەوە ووتی ((نا من هەر وادرام بە عەلی هاوسەرم بێبەرامبەر لە بەر ئەوەی کوڕی پوورم بوو. زۆریش منداڵ بووم - کەمیوانی ماڵی خەزوورم ئەهات منیان نە ئەناسی کە بووکیانم، ئەیانوت دایك و باوکت لە کوێ یە وایان ئەزانی منداڵی ئەو ماڵەم.

-خاتوون ببورە دەپرسم تۆ بە ئۆتۆمبیل برای لە سێ خڕانەوە بۆ کانی عوبێد؟

-نا ،بەدەستگرتن .

-چۆن؟

وابزانم ساڵی 1968 بوو بەعس تازە هاتبووە سەردەسەڵات ئەوکاتیش هەر پەلاماری کوردستانیان ئەدا لەو ساڵەدا کانی عوبێد ماڵەکانی سووتێنرا بوو،ماڵی خەزوورم بە ئاوارەیی هاتبوونە[ سێ خڕان] هەر لەوێ داخوازی منیان کردو گوێزرامەوە بۆ ماڵی هاوسەرەکەم لە یەکتر نزیك بووین.

ئیتر لەوە بەدوا دوای ماوەیەك گەڕاینەوە کانی عوبێدو دیسان دەستکرایەوە بە خانوو کردن و ئێمەش بووینە ماڵێك لە ڕیزی ماڵان، خەریکی ژیانی ئاسایی خۆمان بووین جووتیاری و ئاژەڵداریمان ئەکرد. لە ساڵی 1971 یەکەم مناڵم بوو کوڕە گەورەکەم (حسین) کە لە گەڵ ئاژەڵەکاندا بوو ئەنفال کرا. دواتر بووم بەدایکی شەش کوڕو دوو کچ. دوا مناڵم کوڕێك بوو چەند ڕۆژێك پێش دەرچوونمان لە کانی عوبێد لە دایك بوو. .

خاتوون دۆخی ئەوکاتەت لێناپرسمەوە سەبریە خان باسی کرد بەڵام بۆ لە گەڵ سەبریەدا نەهاتی بۆ ڕزگاری کاتێك لە ملە سورە بوون ؟ -

ئەی نەم ووت تازە مناڵم بوو! لە ئاوایی خۆمان دەرچووین لە وێوە چووینە دێی کاکەبرا کە هاوسنووری دێیەکەی خۆمانە لە ماڵێك ئەو شەوەماینەوە، دنیا ڕژابووە ئەوێ کەس نەی ئەزانی چی ئەکات. چووم لە چەمەکە مەنجەڵێك ئاو بێنم تا هاتمەوە کوڕەکەم مردبوو هەر نەیشم بینیەوە خەڵك لە وێ ناشتیان ناوی ئازاد بوو. تەندروستیم زۆر خراپ بوو شەش مناڵی ترم پێ بوو کوڕە گەورەکەیشم (حسین) شوانی مەڕەکان بوو ئەو بە دەشت و دەرا ئەڕوی و هەموو بە ئاراستەی شار ڕووەو کەلار ئەڕویشتین خەڵکی ناوچەکانی تریش هەروایان ئەکرد. -

مناڵەکانم . حسین لە دایك بووی 71 19،جەیران 75 19 ،ئاواز 76 19، سیروان 77 19، پشتیوان 84 19، ئارام 83 19، ووشیار 1984 و ئازادیش 1988 تەنها چەند ڕۆژێك ژیا.

بەو خێزانەوە کەوتینە ڕێ لە بەرئەوەی سەدام بە چەکی کیمیایی دابووی لە هەڵەبجە بیست ڕۆژێك لەوەو پێش و لە زۆر شوێنی تریش کیمیایی دابوو پەیتا پەیتا هەواڵ ئەهات کەوا دەورە دراوین سوپا وسەربازو تۆپ و تەیارەی حکومەت هێرش دێنێ، حەشر بوو، قیامەت بوو، نازانم چی بڵێم کەس بە کەس نەبوو، هاوسەرەکەشم پێشمەرگەبوو لە[سەرگەڵو بەرگەڵو] لای مامۆستا جەلال جەوهەر دواتر لە ڕێگە یەکمان بینیەوە.لە بەرئەوەی نەخۆش بووم ماڵ باوکمم دۆزیەوە. ئەوان تەرەکتۆریان پێ بوو سواری تەرەکتۆرەکە بووم لە ماڵی خەزوورانم و سەبریە دابڕاین. سەبریەش کەوتە تەك ماڵ باوکی، ئاوا دابڕاین لە یەك.

لە ملەسورە سەربازەکان کەوتنە ناو خەڵکەکە ،ووتیان ( دەی بڕۆن مەوەستن) ئێمە پێنج تەرەکتۆر لە دوایی یەك بووین دوو سەیارەی سەربازی نەجدە بەرەودوایی لێگرتبووین گەیشتینە سەرجادەی کەلار. چەند جاشێك هاتنە نزیکمان ووتیان (ئەگەر پیاوی (هارب) سەربازی هەڵاتوتان لە گەڵە با خۆی فڕێداتە خوارەوە لە تەراکتۆرەکان هاوکاریتان ئەکەین دەرەچن) پیاوەکان ووتیان (ناوێرین سەربازەکان نزیکن خراپمان پێ ئەکەن. لە ڕێی کەلارەوە براینە قەڵایی قۆرەتوو، هاوسەرەکەی سەبریەش گیرابوو لە قورەتوو بینیمان، ئەو شەوە پێکەوە بووین تا کەرکوکیش لە گەڵمان بوون، ئەو شەوە لەوێ بووین تراکتۆرو کەل و پەلەکانیان لێ سەندین و بە ئۆتۆمبیلی خۆیان کە زیل و لۆری بوو سوارکراین بۆ کەرکوك. لە کەرکوك یەك شەوێك ماینەوە وەك ئاخری زەمان بێت وا بوو ژن و پیاو لە یەك جیاکرایەوە تا ئەوێ باوکی مناڵەکانی خۆم و هاوسەرەکەی سەبریمان لە گەڵ بوو، ئیتر لە دوای کەرکوك نەمان بینینەوە، دوای پیاوەکان سەیارەیان هاورد ووتیان (ژنی پیر وەجیاو ژنی گەنج وەجیا) من مناڵەکانم ورد بوون، گەنج بووم، کەوتمە ناو ژنە گەنجەکان.لە کەرکوکەوە براین بۆ دبس. سێ مانگ لە دبس بووین. کەوتنە بارکردن لێمان سەیارە ئەهات و پڕیان ئەکرد لە ژن و مناڵ سێ قافڵەیان بارکرد. سەربازیکی کورد لە وێ بوو ووتم (توخوا ئەوە بۆ کوێ یان ئەبەن) دەستی کرد بە گریان وتی ( وەڵا ئەیانکەنە ژێر خۆڵەوە) ئیتر منیش هاتمەوە ووتم وای ووتوە ژنەکان کەوتنە قسەوباس لە ناو خۆیاندا. ژنێکمان لە گەڵ بوو تازە مناڵی بوو بووخەڵکی ( ئۆمەربل) بوو چوو بۆلای پۆلیسەکە وتی (توو بیت وخاتری ئەم قورئانە چیمان لێئەکەن ؟) سەربازەکە گریا وتی زمانم دەبڕن ناوێرم هیچ بڵێم خواڕەحمتان پێبکات هەتا پێم بکرێت ناهێڵم بتان بەن. ئیتر ئێمە خۆمان دا یەپەنایەکی هۆڵەکەو لە بەرچاومان هەرخەڵکیان بارئەکرد. ژوورێك چۆڵ ئەبوو خۆمان زیاتر ئەخستە دواوە. ئەو قاعەیەش تەواو بوو ئێمە نزیکەی پەنجا کەس مابووین براژنم لە گەڵ بوو ووتی ( بچنە ئەو لاوە با لە پێشەوە نەبن ) دیارە چارەنوسمان وابوو، کاتێك زانیان کەس نەماو کەوتینە دوا. چوون لە قاعەکانی تر دوو سەد کەسیان هێنا. تا سێ مانگ لەوێ بووین دواتر بارکراین بۆ نوگرەسەلمان.

گوزەرانتان چۆن بوو خواردن، خەوتن.؟-

چۆن بوو؟ لە سندوقە فیشەکدا خواردنم وەرگرتوەو خواردومانە. کەمێك نیسك و برنج بوو، حەبییەی ژن ئەحمەد مەجید ئەناسی؟ - سندوقێکی تەنەکەی ژەنگنی پێ بوو خواردنی تێکرد بوو ئەویش مناڵی ووردی زۆر پێ بوو کیسە نایلۆنێکم لابوو دامپێی چێشتەکەی تێبکات ووتی ( بە خوا وا ئەزانم مەنجەڵێکت داوە پێم) بە سەدان کەس لە هۆڵی گەورە گەورەدا بوون جێگە وبان هەر نەبوو خواخوات بووبستێك زەویت بەرکەوێت . لە دبس خواردنمان باشتر بوو لە خۆراکی سەربازەکانیان پێمان ئەدا هەندێ برنجی بەرماوەم ووشك کردەوە لەو ماوەداو لە گەڵ خۆمان بردم بۆ نوگرە سەلمان ڕۆژێك زۆر برسی بووین لە نوگرە سەلمان برنجەکەم

دەرکرد کردمە قوتیەکەوە ئاوم تێکردو بە پەڕۆکۆنە ویستم گەرمی بکەم ئاگرم لە پەڕۆکان بەرداو خستمە ژێری. حەجاج بینیمی .هات شەقی دا لە خواردنەکەو هەمووی ڕژاند

تواليت و حەمام زۆر پیس بوو. شوێنی سەربازگە بوو، باس ناکرێت بڵێم چۆن بوو لە بەرئەوەی خواردن و خواردنەوە زۆر کەم بوو. کەمتر ئەو شتانەش پێویست بوو خۆشوردنی چی ؟ ئەسپێ لە پێش چاوت ڕێی ئەکرد. سێ کاروانیان بارکرد لە دبسەوە نەمان ئەزانی چیان بە سەرهات ئەوانە هەر نەبینرانەوە بەڵام کە چووینە نوگرەسەلمان ئێمە دووەم کاروان بووین کاروانێکی پێش .خۆمان لە وێ بوو لە دبسیش ئێمە دوا کاروان بووین

دوو سەدو پەنجا پاسی گەورە بوو پڕ بوو لە ژن و منداڵ لە کاتژمێر پێنجی بەیانی لە دبسەوە بارکراین براینە سەماوە. دوانیوەڕۆ بوو، ئەویش پڕی بەندکراو بوو. هەر نەیانهێشت دابەزین ووتیان جێگە نیە گوێم لێ بوو پۆلیسێك بە شۆفێرەکەی ووت (نوگرە نوگرە ) لە وێ براینە ناحیەیەك لە خوار سەماوەوە ناوی سەلمان بوو لە وێش ووتیان جێگە نیە بڕۆنە نوگرە لەوێ هەندێ خەڵك بەردراوە شوێن هەیە. شەو بوو گەیشتینە نوگرەسەلمان لە دوای سەماوەوە دەستمان کردە گریان و هاوار وتمان ئەمان کوژن. سەربازەکان پێمان پێیئەکەنین ئەیان ووت (ناتان کوژین ئەتان خەینە دەریاوە) ئێمە عەرەبیمان نە ئەزانی (حەنیفە خەڵك فەتاح هۆمەر عارەب بوو شووی بەکورد کردبوو کوردی ئەزانی ئەویش لە گەڵمان بوو ئەو بۆی وەر ئەگێراین سەربازەکان چیمان .پێئەڵێن

منیش حەنیفەم بینیوە ئەویش ئەیوت لە نوگرە سەلمان کچێکم بووە ناوم ناوە دیلان ئەیوت ئەفسەرەکان قسەیان پێ ئەکردم ئەیانووت - بۆ شووت بە کورد کردووە؟

.لە نوگرە سەلمان کاروانێکمان بینی دوو ڕۆژ پێش ئێمە هێنرا بوون لەوانەی دبس.لە وێ ژن و پیاو تێکەڵ بوون -

ببورە زۆر ماندووم کردی. منداڵەکانی ( مینا) ت نە بینی لەوێ ؟-

نەخێر. لە ڕێگەش نەیانمبینی. دواتریش لە بەر ئەوەی ئەوان لە گەڵ نەنکیان بوون کەوتنە ناوپیرە کانەوە ئەوەبوو لە کەرکوکەوە - پیرو گەنج لە یەکتر جیا کرانەوە لە نوگرە سەلمانیش وەك سزایەك لە بەر ئەوەی ئەو گروپەی ئەوان شیوەن و گریانیان کردبوو لە زۆربەی خەڵکەکە جیاکرابوونەوەو بە ئێمەیان ئەوت ئەوانە بەندکراوی هەمیشەیین . هۆڵەکانیان لە ئێمە دابڕاو بوو. ئۆمەربلیەکانیش لە وێ بوون. بەڵام دواتر دەرکەوت ئەوانیش نەخۆشی یەکی تریان تێکەوتووە، منداڵەکانی مینا بەنەخۆشی .(سورێژە) شەهید بوون و تەنها کچێکی هاتەوە

بیستوتانە،نوگرەسەلمان زۆر لە دبس خراپتر بوو یاخوا بەرازیش ڕووی تێنەکات خەڵکی لە وێ ماندوتر بوون هەڵەبجەیەکانیشیان هێنایە ئەوێ. ئەوانیش ژن و پیاو تێکەڵ بوون. لەو ڕۆژانەدا دوو تانکەر ئاویان هێنا یەکێکیان زۆر تاڵ و پیس بوو. بە خواردنەوەی ئەو ئاوە خەڵکەکە دووچاری سکچون و ڕشانەوەیەك بوون لە ماوەی سێ ڕۆژدا بە سەدان کەس مردن کوڕێکی چوار ساڵانم مرد. ناچار بوون دکتۆریان هێناو مغەزی یان (ئاوی خۆراکیان) ئەکردە گیانی نەخۆشەکانەوە .سێ لە منداڵەکانم تووش بوون (ئاوازو سیروان) یان بردە ژوورێکی تر کە (وشیار)م مرد. کوڕەکەی ترم دوو مغەزی پێوە بوو، لە خەمی ئەمەکەمدا ئاگام لە مردوەکە نەمابوو. دوو کوڕی زۆر جوانی هەڵەبجەیم بینی گەنج بوون یەکێکیان مرد، براکەی تەرمەکەی بە عەرەبانە بردە دەرەوەی زیندانەکە. گۆڕو کفن نەبوو. ئەبوونە خۆراکی سەگە ڕەشەکان کە هاتەوە خۆیشی ڕشایەوەو مرد لە پێش چاوم.. ئەیانوت ئەم نەخۆشیە کولێرایە نازانم وابوو یان بە بۆنی جل و بەرگ و کیمیایی هەڵەبجەییەکان بوو یان ئاوەکە. هەر بە هاتنی ئەوان ئەو .نەخۆشی یە بڵاو بووەوە

گوڵەی دێوانە مەحمودو کوڕێکی لای من گیانیان دەرچوو. کوڕەکەی خۆم و ژنێکی خەڵکی کانی ماران ناوی (درەسە) بوو ئەویش دوو کوڕی لەو کاتەدا مرد .بوو بە قیژەو هەرا ووتیان گوڵە مرد. گوڵە ژنێکی زۆر جوان و نازدار بوو. کوڕەکەی ترم ( سیروان) دوو مغەزی لە گیانیا بوو کەس بە تەمای نەبوو هەر خوا دایەوە.ئەوەندە خەڵك مردن لەو سێ ڕۆژەدا وتمان ڕەنگە .دەوڵەتەکان زانیبێتیان بۆیە دکتۆریان بۆ هێناین

ڕۆژێك بوو بە هەراو تەقەکردن سەربازەکان وتیان شەڕی نێوان (ئێراق –ئێران) وەستاوە .ئێمەش هاتینە حەوشەی زیندانەکە تەلە فیزوینێکیان هێنا هەندێ وێنەی پیشان ئەدا هیچی وا تێنەگەیشتین .دواتر لێمان تووڕەبوون و کراینەوە ژوورەوەو دەرگاکەیان .لێمان داخست دوو ڕۆژ نەیان کردەوە

پیاوێك لە وێ بوو خوشکەکەی ژنێکی جوانی گەنج بوو، منداڵێکی کۆرپەی زۆر جوانی پێ بوو بەیانیانێك (شەمقی) یان (شەوقی) دادە ڕێژاو ئەڵێت (شەمقی) منیش وا ئەینووسمەوە کە ئەفسەرێکی هاوکاری حەجاج بوو لەناو قەڵای زیندانی نوگرەسەلمان

(شەمقی ) ئەفسەر هات منالّەکەی لێسەند بردی تا ئێوارە نەیهێنایەوە دایکەکە زۆر پەرۆش بوو بۆ منالّەکەی . ئێوارە منالّەکە وەباوەش ئەفسەرەکەوە بوو. ژوورێکیان بوو ئەکەوتە پشتی ئێمەوە پەنجەرەیەکی پێ وە بوو ناو ژوورەکە لە ئێمەوە دیاربوو. قەرەوێڵەیەکی یەك کەسی تیا بوو ژووری پشووی ئەفسەرکان بوو یان هی پاسەوانەکان نازانم . منالّەکەی لە سەر قەرەوێڵەکە داناو پەردەیەکی شینی بە ڕووی پەنجەرەکەدا دادایەوەو بە ژنەکەی وت وەرە منالّەکەت ببە. بانگی کرد بۆ ناو ژوورەکەو دەرگاکەی لێ داخست براکەی کەوتە دوای خوشکەکەی. ئەفسەرەکە گەڕایەوە دەستی براکەی بەستەوە منیش سەیرێکی پەنجەرەکەم کردو ژنەکەم بینی لە گەڵ کوڕەکەی لە ژورەکەدا. ئەفسەرەکە بینی من سەیرەکەم گەڕایەوە دایلێم کچەکەی برازایشم لە لامابوو. ئیتر زۆر تووڕە بوو کەوتە لێدانی برای ژنەکە زۆر زۆری لێدا، عەسرو خۆر ئاوا بوو برای ژنەکە کەوتولە سەرزەویەکە ئاوسا بوو وا بزانم مرد .ژنەکەش ئیتر نەمان بینیەوەو نە گەڕایەوە نازانم چی بەسەر هات ؟

لە نوگرە سەلمان ڕۆژی سێ سەموونی ڕەقیان پێ ئەداین مەگەر وە بەرد بشکیایە، ڕۆژێك سێ و چوار کەسیان بانگ کرد ووتیان وەرن سەموون کۆبکەنەوە منیش چووم ووتم با خۆم بچم منالّەکانم و برازاکەم نەچن ئەگەر شتێکیش بوو با خۆم سزا بدرێم کاتێك چووم وەك خەرمان سەموونی کۆنە هەڵچنرابوو پشیلە بەناویا هاتوو چۆی ئەکرد (گووی پشیلە) لە ناو سەمونەکەدا بوو، بە خۆمم ووت ئەی هاوار ئەمە ئەخۆین بۆیە وا نە خۆش ئەکەوین. دواى کۆکردنەوەی هێنایان دابەشیان ئەکرد بەسەر خەڵکەکەدا ئەوە .. خواردنمان بوو ئاوەکەش زۆر تاڵ و سوێر بوو

مەحسومە دوو منالّی لە وێ مرد کوڕەکەیم بینی لە باوەشیا مردبوو خۆیشی ئەگریا، ئەسمەر هۆمەر دوو منالّی مرد، ژنێك خەڵکی کانی مارانە ئەو شەوە دوانی مرد. پیاوم ئە بینی مردبوو لەو بەر خۆرە فڕێ درا بوو نەیان ئەناشت یان بڵێم نەیان ئەبردە دەرەوەی زیندانەکە. پیاوێکی تر لە بەندی یەکان کوتە چینکۆیەکی هێنا بۆی کردە سێبەر، حەجاج چاوی لێ بوو هات وەك دڕندە دای لە پیاوەکە. جگە لە شەمقی و حەجاج پاسەوانەکانی تر نەیان ئەتوانی بێنە ناو خەڵکەکە.

ڕۆژێکی تر (شەمقی) هاتە ناومان جلێکی کوردی پیاوانەی لەبەر کرد بوو گاڵتەی پێ ئەکردین ئەیوت من پێشمەرگەم. ژنێکی خەڵکی دێی کانی ماران ناوی نازانم مشکیەك لە ملیا بوو هی هاوسەرەکەی بوو(شەمقی) وتی ئەو مشکیەم بدەرێ بیبەستمە سەرمەوە. ژنەکەش نەیدایە شەمقی ویستی بەزۆر لێسێنێت ژنەکە شقارتەی پێ بوو ئاگری لە مشکیەکە بەرداو سوتاندی. شەمقی زۆر زۆری لە ژنەکە دا ژنەکە وتی مشکی پیاوەکەم نادەم بە تۆ لە سەری کەیت. ئەو ژنەش یەك منالّی پێ بوو بەر بوو، ئێستاش ماوە.

دۆخی ژن چۆن بوو لەوێ .؟ -

چۆنی چی ؟خۆشۆردن نەبوو سپێ ڕێی ئەکرد پیاوێکم بینی جلەکەی لە پێش خۆرەکە تەکاند سپێ ئەکەوت ووتم براکەم بچۆ - ئەولاوە ئێستا دێتە گیانی ئێمە ووتی چیبکەم گیانم دەخورێت. شەوێك ژنێك ئاماژەیەکی پێدام ، وتم چیتە ؟ وتی ئازارم هەیە منالّم ئەبێت. چووینە پەنای پەیژەیەکی چیمەنتۆ لەناو بەندیخانەکە منالّەکەی بوو هیچمان پێنەبوو بە دەزووی گونیەی پەتاتە ناوکی منالّەکەمان تووند جەڕاندو بڕیمان دواتریش هەربەدەزووی گونیەی پەتاتەکە ناوکیمان بەست ژێر کراسەکەی خۆی دڕی و لە منالّەکەی پێچا سبەینێ کەسانی دەورووبەرمان هەندێ پەڕوی زیاتریان دایە منالّەکە ژیاو لە گەڵ دایکی هاتنەوە ئێستا گەورە بوە.

ڕۆژێك دوومناڵ چوونە دەرەوە حەجاج کەوتە لێدان خەڵکەکە لە سەربانەکەوە وە لێدان پیاوێك خەڵکی چەمچەماڵ بوو خستیە خوارەوە خوێن لە دەم و لوت و مەغزیەوە هاتە دەرەوە.

هەر بەو هۆوە حمەخولەیەك بوو خەڵك دێ (عەزیز قادر)بوو دوو کچی لە گەڵ دابوو حەجاج زۆری لێدان و کردنیە ناو ئەوسیانکا وو قوڕاوەی پێش زیندانەکە دەی ووت خۆتانی تیادا بتلێنەوە و ئەویش و ئێمەش سەیرمان ئەکردو حەجاج ئاوی پیادا ئەکردن ئەگەر بوەستانایە لێی ئەدان تا خۆی هیلاك بوو ئازاری دان.

نەخۆشی زۆر پیس بڵاو بوەوە زۆر کەس دوو مەڵیان دەرکرد بوو من و منالّەکانم لە بن پەیژەیەکدا بووین ژێرمان زەوی و بانمان ئاسمان بوو .

زۆر شتی تر بوو نازانم چی باس بکەم ئەم نەخۆشیەی ئێستام زۆری لە بیرم بردوەتەوە.

ئیتر کەوتنە بارکردنی خەڵکەکەو وتیان لێبوردن دەرچووە ئازاد ئەکرێن ئێمە لە نوگرەسەلمانیش دوا کاروان بووین بەربوین دوای ئێمە کەس لە نوگرە نە بوو، هێنراینە سەماوە دوو شەو لە سەماوە ماینەوە خەڵکەکە کەمی کردبوو خواردنمان باشتر بوو، گیراوی ترم نە بینی بەڵام ئەمبینی خواردنی زۆر ئەبەنە شوێنێکی تر لە پشتمانەوە هێلکەیان ئەکوڵاندوو ئەیان برد. ئێوارە سەر بازەکان کەوتنە ناومان ووتیان بێن هەڵپەڕن بەرئەبن منیش لە ترسان قاچی خۆم پێچا ووتم شکاوە ناتوانم دواتر بارکراینەوە بۆ دبس لە

دبس براینەوە هەمان شوێن کە پێش ئەوەی ببرێنە نوگرە لێ بووین چەند ژنێك بووین چووینە لای بەرمیلێك ئاو ئاو بێنین، حەوشەیکی گەورە بوو پاسەوانەکە خەوی لێکەوتبوو لەو لاوە دەنگی ژن و منداڵ ئەهات ژنێك هات کەوتینە گفتوگۆ ووتی ئێوە لە کوێوە هاتون ووتمان لە نوگرە بوین، لەم گفتوگۆیە پاسەوانەکە بە خەبەرهات تورە بوو کەوتە دارکاریمان لەو شوێنە دەرکراین و لە نزیك هەندێ دارودرەخت ڕایانگرتین و تابەیانی لەوێ بوین، ڕۆژ بوەوە بارکراین بۆ کەرکوك لەوێ پڕی گیراو بوو نازانم شوێنەکە ناوی چی بوو ئێوارە بوو. جێگە نە بوو، دامانگرن ئەو شەوە هەر لەناو پاسەکان بووین. بەیانی براینە سلێمانی تا ئێوارە لە وێش گیردراین پاسەکان داوای کرێ یان ئەکرد دواتر پۆلیسەکان بەزۆر شۆفێرەکانیان ناچارکرد بمان بەن بۆ کەلار ئیوارە گەیشتینە کەلارو لە وێوە بۆ ڕزگاری و کەسوکارمان هات بوونە (کەفیل) گرەنتی بۆ بەربونمان گرەنتی ئەوەیان لەوان وەرئەگرت کە ئێمە ئەناسن و لەوێ ئەمینینەوە، گرەنتیان کرد بۆ هاوڕێکانم منیان لە بیرچوو کەسوکارم لە بنەماڵەی ماڵ باوکم زۆربەیان گرابوون و پێکەوە بەربووین دواتر بیریان کەوتەوە هاتن کەفالەتیان بۆ منیش کرد، دواتر ئێمەش هاتینە لای ماڵی سەبریەو پێکەوە ئەژیاین پێکەوە کارمان ئەکرد. خزمەکان هەندێ پێویستی وەك قاپ و قاچاخ و نوێنیان بۆ هێنایین. کەوتینەوە سەر ڕێڕەوی ژیان و هەر چاوەڕێی گەڕانەوەی باوکیشیان بووم .

ڕۆژێك خزمێکمان هات ووتی ژنێکم ئەوێت چێشت لێنێت بۆ دکتۆرەکان لە نەخۆشخانەی کەلار لە ساڵی 1989 مانگی بە سی(30)دینار ووتم من ئەیکەم. دەست بەکاربووم دکتۆرەکانیش خێرو زەکاتی خۆیان و خزمەکانیان بۆ ئەهێنام لەو کاتەدا بۆ من باش بوو لە بەرئەوەی خۆم کارم ئەکرد نەم بوو منداڵەکانیشم بخوێنن کرێکاریشم ئەکرد سەبریە باسی کرد دواتر لە ئێران گەڕاینەوە، چووین بارەگای یەکێتی ژنانمان کردەوەو دۆشەکێك خەڵك بۆی هێنابووم بردم لە ناو بارەگای ژنان دامان خست کورسی نەبوو ئیتر دەستمان کردە کارکردن و بووم بە ئەندامی کەرت لەناو ڕیکخستنەکانی ژنان زۆر کەسی ترم هێنایە پێشەوە بۆ کارکردن دواتریش لە نەخوشخانەش وەك کارگوزار دامەزرام .

یەکێتی ژنان فێری چی کردن؟-

زۆر شت لەوێ وشیارتر بووین. ئەمان توانی داوای مافی ژن بکەین فێری قسە بووین، دەیان ژنی ترمان لە ماڵ هێنایە دەرەوە، لەبەرئەوەی باوکی منداڵەکانم پێشمەرگە بوو گیرا حکومەتی کوردستان مووچەی بۆ دابینکردین و ژیانمان باشتر بوو. لە ئێستادا کوڕەکانم و دوو کچەکەم هاوسەر گیریان کردووەو بووم بەنەنك.

تۆ لە دادگایی باڵای تاوانەکان لە ئێراق بەشدابووی ئەوەیان چۆن بوو؟ -

ئەوە ساڵی 2005 چەند کەسێك هاتن بۆ وەرگرتنی وتەمان وەك گەواهی دەر لە دادگا زۆر کەسیان کۆکردەوە ژنەکان شەرمیان ئەکرد باسی تاوانەکانی ناو زیندان بکەن من ووتم بیشم کوژن ڕاستی ئەڵێم ئەوە بوو وتەمیان وەرگرتوو کە کاتی دادگایی سەدام هات بانگ کرام بۆ بەغدا ووتیان ئەگەر ناتەوێ دەرکەویت لە پشت پەردەوە ووتەی گەواهیت بدە ووتم نا بەرامبەر ئەو (سەدامە) خوێن ڕێژە قسەی خۆم ئەکەم. کە باسی نوگرەسەلمان وتاوانەکانی شەمقیم کرد سەدام هەستایە سەرپێ و وتی ئەگەر سەربازی من وای کردبێت سمێڵم ئەتاشم. دادوەر بێدەنگی کردوو منیش وتەی خۆم دا زۆر زۆر ئاسودە بووم کە ئەو ڕۆژەم بە چاوی خۆم بینی.

تۆش لە ساڵی 2011 چویتە وڵاتی ئەڵمانیا لەوێ چیت بینی و چیت ووت ؟ -

وڵاتێکی زۆر خۆش بوو، بەڵام بۆمن کەشەکەی ساردبوو. تۆزێك نە خۆش بووم هەر خۆمم ئەپێچایەوە سوپاس بۆ کارین خان ئەو - شوێنانەی نیشانی ئێمەدا ئەوەی هیتلەر کردبووی بەرامبەر بە جولەکەو گەلانی ئەو وڵاتانە هەروەك ئەنفالەکان وابوو هەر شوێنێکم ئەبینی خۆمانم بیر ئەکەوتەوە خۆزگە ئەو تاوانانەی بەرانبەر ئێمەش کراوە ئاوا دەخرایە ڕوو کە چوومە شوێنی بیرەوەری و مۆنۆمێنتی هۆڵۆکۆست لە بەرلین ئەوانیش وەك ئێمەیان بەسەرهاتبوو. لە زۆر شوێنیش خەڵکیان کۆدەکردەوەو من و شازادە باسی ئەنفالمان ئەکردو کارین خان ئێمەی بە ئەوان ئەناساند.

گەر بتوانم حەز ئەکەم بچمە وڵاتی ترو ئەزمونی ئەوان ببینم، ئێوەش هەوڵ بدەن شتەکانی ئێمە بگەیەنن و شوێنی وادروست بکەن کە باسی ئەنفال و نەهامەتیەکانی کورد بکات و خەڵك بیبنێ.

زۆر سوپاس ڕێژاو خان ماندومان کردی خوا یارمەتیمان بدات ئەو داخوازیانەتان جێبەجێبێت.-

بینینی تەیبە خان

بە سەبریە خانم ووت: بکرێت (تەیبە)خانیش ببینین بزانین چۆن مەنیجەی لە زیندان دەرکرد کە لە گەڵ مینا دا بوو.

ووتی ئەویش ئەدۆزینەوە ماڵی لە ڕزگاری یە. -

.دوو  ڕۆژ دوای ئەم گفتوگۆیە ئاگاداریکردمەوە، وەرە بچینەوە ماڵی ڕێژاو خان و تەیبەش دێتە ئەوێ و بیدوێنە

پاش نیوەڕۆی  ئەو ڕۆژە چوینەوە ماڵی ڕێژاو خان و لە وێ خاتوو (تەیبە)مان بینی، بە داخەوە ڕێژاو خان هێشتا لە سەر جێگەی نەخۆشی بوو دوای سڵاوکردن مۆڵەتمان لێ وەرگرت تەیبەخان بدوێنین، بە سوپاسەوە ئەویش و سەبریەخانیش هاوکاربوون و هەرسێ خاتونی دراوسێ یەك لە دوایی یەك ڕووداو وناوی بریندارو شەهیدو ئەنفالکراوەکانیان بیری یەکتر ئەخستەوەو زۆریان .پێخۆشبوو کە تۆمار ئەکرێت

.تەیبە والی بابا فارس ئامۆزای مینا خانە

.بەناسنامە لە دایکبوی 1950یە بەڵام دەڵێت ئەوە وانیەو گەورەترلە تەمەنی خۆم  نوسراوە

لە شێوەو سیماشیا دیارە گەنج ترە ژنێکی بە خۆوە بوو،  چوست و چالاکە. کوردەواری ووتەنی وەك (ترشە سماقە) کە یەکەم جار بینیم بە هاوڕیکانم ووت ئەم خاتونە ئەگەر فێرگەی تایبەتی هەبوایە باشترین سەرکردەی سەربازی یان بەڕێوەبەری سەرکەوتوو .دەبوو، بەڵام لە ناوخەڵکی کوردستانی بەشمەینەتدا دەبێتە  پاڵەوانی  ڕێکەوتە پڕناسۆرەکانی جەنگ

.تەیبەخان ووتی زۆر جار لە ماڵی خۆمانەوە ئەڵێن ئەو هەموو شتەمان بینی بۆ کەسێ لێنەپرسین چۆن بوو-

ووتم خاتونی بەڕێز بفەرموو، ئەمڕۆ بۆ ئەو مەبەستە هاتوین؟-

چی باس بکەم؟-

.مینا خان باسی ئەوەی کرد کە بریندار بوو تۆی لە گەڵدا بووی بەو  هۆیەی تۆش مەنیجەی کچت بریندار‌بوو-

بەڵێ کە تەیارەکە هات بوو بە هۆسەو  هەرا ماڵمان نزیك ماڵی مینا بوو، باوکی مینا مامەمە پرشی تۆپ باران بەرماڵی ئێمەش کەوت و خانووەکە ڕووخا بەسەرمانا،  خۆم سەرم بریندار بوو، مەنیجەی کچم پارچە بەرسەری کەوت  هاوارم بردە ماڵی مامە عەلی باوکی مینا. بینیم  ئەو لەسکی داوەو ڕیخۆڵەی هاتوەتە دەرەوەٍ، مینا بەرپشت و قاچی کەوتبوو، خەڵکی تر بە هانامانەوە هاتن، لە دێکانی دەورو بەرەوە کە تەیارەکە ڕۆی. مینایان خستە سەر جاجمێك و بە چەند کەسێك هەڵیانگرت توانای ڕۆیشتنی نەبوو، منیش کچەکەم لە باوەش گرت و چوومە ناو تەراکتۆرەکە، کچێکی ترم کۆرپە بوو، شیری خۆمی ئەخوارد ئەویشم لە گەڵ خۆم برد، لە پەرۆشی خۆمان نازانم چەند کەس بووین، کارمەندە تەندروستیەکانی شۆڕش هاتن کەوتنە چارەسەری بریندارەکان، بریندارەکانی ئێمە برینیان سەخت بوو، ووتیان مەترسی لە سەر ژیانیان هەیە بیان بەنەشار بە ئێمە چارەسەر ناکرێت، ئێتر ئێمە بەرەو دووز بەڕێکەوتین لەدێی  (پیرە مۆنی)وە تا سەر جادەی قیر لە تراکتۆرەکانی لای خۆمان بووین، لە سەر جادە وەستاین. تا ئەمە بوو کات بوو بە سەر لەبەیانی ڕۆژی دووەم لای قادر کەرەم خزم و ناسیاوی شار  هاتن بە فریامانەوە، بە سەیارەی .خزمێکمان بردینیە نەخۆشخانەی دووزو خۆی ڕۆیشت  ووتی ئەترسم ناوم مەبەن

کە کارمەندانی تەندروستی ئەوێ لیان پرسین بۆ واتان لێهاتوە لە سەیارە وەرگەڕاون؟  ووتمان تەیارە لێداوین، وتیان ناتوانین چارەسەرتان بۆ بکەین دەزگا ئەمنیەکانی حکومەتی ئێراق ئێمەش سزا ئەدا نا چار من توانام باش بوو، گەنج بووم ئەوکات  ووتم چیبکەین؟ وتیان بڕۆن بۆ کەرکوك. سەیارەی ئیسعافیان بۆ هێنایین و نێراین بۆ نەخۆشخانەی کەرکوك ئەوکات پێیان ئەوت نەخۆشخانەی (سەدام)  لە وێ خراینە ناو ژورێکی بچوکو دەستیان نا بە پلاکدا براینە سەرەوە، لێیان پرسین بۆ واتان بەسەر  هاتووە خەڵکی کوێن؟ وتم خەڵکی دێی (کەریم بارسام) ین تەیارەی ئێرانی لێداوین. وتی کێ ئەو چارەسەرەی  بۆکردوون نەمزانی بڵێم چی خۆیان ووتیان بۆ قسە ناکەن پێشمەرگە بۆی کردوون  کەوتنە چارەسەرمان باوکی مینایان بردە ژووری نەشتەرگەری  زکی .دڕابوو مەنیجەو میناشیان تیمار کرد. ئێتر خزمەکان زانیان ئێمە بەندین و پۆلیس لێمان کۆبووەوە ترسان بە جێیان هێشتین

دوانیوەڕۆ کابرایەکی زل هات خەت وئەستێرەی سەربازی پێوە بوو تورە بوو  بە عەرەبی ووتی (تەیارە عێراقی مو ئێرانی )  ئێمە هیچ تێنە دەگەیشتین وەرگێڕ هات ووتی (دەڵێت من لێم داون بۆ وا دەڵێن درۆ دەکەن کانی عوبێد بوو نەك کەریم بارسام ) ووتمان ترساین بۆیە وا دەڵێین بەڵێ وایە دوای کارگوزارەکانی نەخۆشخانەکە پێیان وتین ئەوە فرۆکەوانەکە بوو دەیوت بەزەیم پێایاندا هاتووە دەنا بڕیارم پێ بوو تەواوی دێکە خاپوور بکەم لە سەر ئەو وتەیەی ئێوەش کە ووتان فڕۆکەی ئێرانی بووە لێپرسینەوەی لە گەڵکراوە بۆیە خۆی هات بتان بینێ. ووتمان چیبکەین ترساین. دوایی ئەو دەرگایان لە سەرداخستین مینا هۆشی نەبوو قسە بکات من و مامۆژنە ئامین دایکی میناو کچێکی بچوکیشم پێ بوو مەنیجەش باش بوو برینەکەی لە سەری بوو، بانگم کرد بۆ دەرگاتان لە .سەرداخستوین پیاوێك بە کوردی دەدوا وتی دایکەکەم هیچ مەڵێ ئێوە تازە (سجنن)بەندن

ئێواره درەنگێ دوو دكتۆری عەرەب هات كچ و كوڕێك بوون برێك سەیری برینداره‌كانیان كردو هەندێ قسەیان كرد هیچ تێنەگەیشتین ویستم شتێ بڵێم دایكی مینا گریاو وتی بێدەنگ به بانەمانكوژن هەندێ پسكیتیان پێداین بیخۆین.

ئەو شەوەمان بەوه به سەربرد بۆ بەیانی كابرای كارگوزار هاتەوه كورد بوو وتم كاكه چییكەم ئەم منالّەم پێیەو جل و پەڕۆی پێویستم پێ نیه. وتی ناتوانم هیچتان بۆ بكەم نابێ قسەشتان له گەڵ بكەین. ناچار بێدەنگ بووم باش بوو منالّەكەم هێمن ئارام بوو. ئێتر نزیك كات نۆ بوو خزمێكمان هات براكەی شوكری ناوی قادر بوو شوەكەی (شیرین) بیستبووی ئێمه لێرەین له پشت دەرگاكەوه قسەی له گەڵ كردین. وتی چیتان پێویسته ووتم هیچم پێ نیه ئەم منالّه ببەنه ماڵی خۆتان تەمەنی پێنج مانگ ئەبوو. وتی ئەی تۆی ناوێ ؟ وتم چارنیه هێمنه مەترسن ناگریه بكرێت ڕۆژانه بیهێنیتەوه شیری بدەمێ. نازانم چۆن كاربەدەستەكانی ئەوێ ڕازی كرد دەرگایان كردەوه منالّەكەی برد ووتی ئەگەر بهێڵن دەیهینمەوه، سێ ڕۆژی پێچوو ئەوجا (ئایشێ ) ی بۆم هێنامەوه مەمكم ئاوسا له بەر شیرەكەی زۆر پەریشان بووم دواتر منالّەكەم ئەدا بەوان و دوو سێ ڕۆژ جارێك بۆیان ئەهێنامەوەو خۆیشم خزمەتی برینداره‌كانم ئەكرد شەوێكی تر مامەم (عەلی)یان بردەوه بۆ چارەسەرو دواتر هێنایانەوەو هەندێ باشتر بوو ئێتر بردیان نه یان هێناوه نازانم بۆ كوێ یان برد.

میناوكچەكەشم بیدەنگ بوون توانای هیچیان نەبوو نەیان ئەزانی چیمان به سەر هاتووه نزیكەی دوومانگ بوو له وێ بووین هیچ هەواڵی دەرەوەمان نه ئەزانی ، ڕۆژێك كابرایەكی تەنگه قەوی (وورگ زل) هات ئەفسەر بوو ووتی: ها بۆ لێرەی كەم نانت بۆ پێشمەرگه كردوە؟ وتم من هاوڵاتیم چیم كردووه پێشمەرگه ناناسم. وتی نا ئەیان ناسی. منیش وتم بەڵی ئەیانناسم له توڕەیدا ئەوەم ووت. ئەفسەرەكه ووتی ئەگەر ئەقڵت بوایه برینداره‌كانت ئەبرده ئەشكەوت نەت ئەهێنا بۆ ئێره ئەزانی لێره چیتان لێ ئەكەن وتم نەوەڵا چوزانم چیمان لێ ئەكەن بۆ چارەسەر هاتین. كابرا وتی ئەبینی و لێیدا ڕۆیشت. ماوەیەك وامایەنەوه كچەكەم با شتربوو، ڕۆژێك من و كچەكەمیان هێنایه دەرەوه له نەخۆشخانه به چاوبەستراوی خستینیانه سەیارەی نەخۆشخانەوەو براین له میناو دایكیشی دابڕاین براینه نزیك شوێنێ. دەنگی تەیاره ئەهات من ئەوكات نەم ئەزانی ئەمه فرۆكەخانەی سەربازیه له كەركوك ، لەوێ كچەكەمیان لێسەندو منیان بەرەڵاكرد هەرچی هاوارم كرد كەس گوێی لێینەگرتم.

ناچار بەرەو ناوشار هاتم هیچ كوێش شارەزا نەبووم پێشتر تەنها كفریم بینیبوو كه قەزایەكی بچووكه ئێستا له كەركوكدا بۆ كوێ بڕۆم. دواتر بیرم كەوتەوه ماڵی خزمێكمان له شۆریجەی بان كارێزه، پارەم پێ بوو تەكسیەكم ڕاگرت و پێم ووت بمبه (شۆریجەی بان كارێز) به پرسیار چوومه پێش ماڵ خزمەكەمان كه دابەزیم له تەكسیەكه و له دەرگام دا میم ئامین هاته دەرەوه ووتی ها (تەیبه) ئەوه تۆی چی ئەكەی لێره ؟ وتم تۆ میم ئامین خزم باوكمی ووتی بەڵێ زۆر ڕێزی گرتم و بۆم گێڕاوه چیمان بەسەر هاتوه. ووتی ئاگادارم بڕۆ خۆت بشۆ. وتم ناخۆم ناشۆم.چارەیەكم بۆ بدۆزەوه. وتی ئەمه ماڵێكه پیاوەكەیان دەسەڵاتداره له ناو حكومەت پیان ئەوت (ئەمن) سیخوڕی حكومەت بوو دراوسێمانه بچین بزانین هاوكاریەكت ئەكات، ووتم بەڵێ دێم با بچین چووین ژنەكەی له ماڵ بوو ووتم كچەكەم له فلانه شوێن لێیان سەندووم یارمەتیمان بده. ووتی شوێنەكه ئەزانی؟ ووتم بەڵێ . ووتی باشه پێی دەڵێم. دوایش وەڵامی نەبوو. ئەو شەوه له ماڵی میم ئامین بووم هەندێ پێویستیم لێوەرگرت بۆ كچەكەم وەك جل و بەرگ و خواردن و پێویستی ئەمزانی چی پێویسته بەیانی له گەڵ زەینەبی پورزام چووم كەوتینه ڕێ بۆ زیندانی لای فڕۆكه خانەی كەركوك (زەینەب) وتی من ناوێرم بێمه پێشەوه هەمووی ئەفسەری جل سەوزه لەم دوورەوه ئەوەستم. ووتم باشه خۆم چوومه لای پاسەوانەكه وتم ( كچێكم لێرەیه بەناوی (مەنیجه غالب) خواردن و شتم بۆ هێناوه) ووتی لێره دایبنێ پارچه كاغەزێكی پێدام و وتی خۆت بڕۆ بۆ ئەو دەرگایەی تر.

لەو دەرگایەوه چوومه ژوورەوه كونایەكی بچووكم بینی له دیوارەكەی ناوەوه وەك ژێر زەمین وا بوو سەیرم كرد له دڵی خۆما ووتم جارێ بزانم لێره چی هەیه پڕ بوو له پیاوی ڕیش درێژ هەموو زیندانی بوو كورد بوون، یه كێكیان كەوته وتن له گەڵم . وتی له سەرەتای شەڕی ئێراق –ئێرانەوه لێرەین دەرفەتی زۆر نەبوو وتی كەس و كارمان نازانێت ئێمه ماوین ڕۆژانه دانەدانه لێمان دەبەن نازانین چیان لێبەسەردێ دەمویست پرسیارێ بكەم بزانم خەڵكی كوێ یه پۆلیسێك له پشتەوه پاڵی پێوەنام وتی بڕۆ لێره.

هاتمەوه لای زەینەب وتم چی بكەم نەیان هیشت ببینم . ووتی به خوا ناوێرم بێم. خۆم دیسانەوه چوومەوه لای پۆلیسەكه ووتم له ڕێی خوادا با ئەو كچەم ببینم دوێنێ هێنایانه نازانم لێم تێگەیشت یانا ئاماژەیەكی بۆكردم ووتی وا بڕۆ. چوومه لای پەنجەرەیەك هەر لەو ناوەدا پڕی ژن ومناڵ بوو، چاوم گڕدا شوێنێكی گەوره بوو ژنێك سەری ئەشۆرد لێم پرسین كچەكەمتان نه بینی ناوی (مەنیجه غالیب)ە كەوتنه بانگ كردنی مەنیجه به گریان هات ووتی دایەگیان به جێم مه هێڵە. دەستی گەیشته دەستم وتم كچم مەترسەو پۆلیسەكه له دواوه ڕایكێشام.. هەرئەوەنده بینیم ...

لێرەدا دیاربوو ئەو ڕووداوه بیرهێنانەوەی چەند گرانه ووتی جارێ لێم مەپرسه ماندوو بووم.

ساتێك بێدەنگ بووین

دواتر خاتوو تەیبە هاتەوە سەر خۆو ووتی چومەوە لای زەینەب و پێم وت هەر ئەوەندە بینیمە. وتی با بڕۆینەوە گەڕامەوە بۆ سبەینێ دیسان کەوتمەوە ڕێ زەینەب وتی من ناوێرم بێمە پێشەوە . وتم تۆ مەیە گلەیت لێناکەم بەڵام من جەرگم لە وێیە هەردەچم. بە یانی چوومەوە پیاوێك لە وێ بوو ناوی (ئیسماعیل ) بوو کورد بوو وتم کاك ئیسماعیل کچەکەم لێرە ماوە ؟ وتی بەڵی ماوە لێرە ناتوانم هیچت پێ بڵێم وەرەماڵمان بۆت باس ئەکەم وتم بابیبینم وتی ناتوانم. وتم ماڵتان نازانم ؟وتی زەینەب ئەزانێت. شەو چووینە ماڵی ئیسماعیل باسی بەسەرهاتەکەی خۆمانم بۆ کرد. وتی سبەی وەرە دەتبەمە لای گەورەکەمان. بۆ سبەینێ لە گەڵی ڕۆیشتم لە دەدوازدە پەیژە سەرکەوتین نازانم چەند نهۆم بوو، شوێنەکە وتیان ئەمە بەرپرسەکەیە. وتم من عارەبی نازانم وەرگێڕیان هێنا. وتم ئێمە هاوڵاتین تەیارە هاتووە لێی داوین کچەکەم بریندار بووە. نازانم تەیارەی کوێ بووە هاتوین بۆ دکتۆر ئێستا بەند کراوین. وتی ئێوە سەربە حکومەتی ئێمە نین سەربە حکومەتێکی ترن، کچەکەت بەندە زۆر پاڕامەوە ووتی خواکەریمە. بە کاك ئیسماعیلم ووت .با کچەکەم ببینمەوە ووتی بە خوا ناتوانم

ئەو ماوەیە نەگەڕایتەوە لادێ؟ -

نەخێر لادێی چی؟ هەر لە کەرکوك بووم کچە بچوکەکەشم لە ماڵی قادر بوو هەر نەم ئەبینی ئیسماعیل وتی بچنەماڵی (فڵانە - کەس) ناوی نازانم زەینەب ئەیناسین بەڵکو هەولێکتان بۆ بدات. گەڕامەوەو نزیك نیوەڕۆ بوو لە گەڵ زەینەب چووینە ئەو ماڵە دراوسێیان بوو، دوو پیاو جلی سەربازی سەوزیان لە بەردابوو لە حەوشدا خەریکی دروستکردنی قولابی ماسی گرتن بوون، دیاربوو نیازی ڕاوە ماسیان هەبوو. زەینەب باسی منی بۆکردن خۆمیش باسی خۆمانم بۆ کردن میناو ئەوانیشم لە بیر بوو. یەکێکیان وتی بە شەرەفم ئەم سمێڵەم سمێڵی پیاو نەبێت ئەو شوێنانەتان بۆ دەگەڕێم چیم لە تواناادا بێت ئەیکەم ئەگەر هیچیشم پێنە کرا گلەیی مەکەن. ئیتر جلێکی ئەفسەری بوو نازانم چیبوو لەبەری کردوو وتی تا سبەی کاتژمێر دە وەڵامتان ئەدەمەوە. کات دە تێپەڕی دەنگی نە بوو ناچار بۆ سبەینێ خۆم و زەینەب چووینەوە ماڵەکەی. وتی پرسیارم کردوە ئێوە لە (ئەرز حەرامەوە) هاتوون هیچم پێناکرێت زۆر هەوڵم داوە بە کەفالەت بێنە ماڵەکەم تا پشویەك بدەن و خۆیان بشۆن ڕازی نەبوونە ئەو وتی ئەو کچەکەش .مینا. وتم کچی چی ژنەو دووگیانیشە

وتی بە خوا هیچم پێناکرێت بە نا ئومێدی لە وێ هەستام، شەوم بردە سەر. باسی خاوەن چێشتخانەیەکیان بۆ کردم وتیان ئەویش کوردە دەستی دەڕوا لە ناو حکومەتدا بڕۆ لای بزانە چیت بۆ ئەکات؟چوومە لای و سڵاوم کرد ووتی چیت ئەوێ بۆت بکەم. وتم ئەوە کێشەکەمانە هەندێ نوسراوم پێ بوو وەك سکاڵایەك وتم ئەڵێن بچۆ بۆ لای پارێزگار، زمان نازانم و کەسیش ناناسم. ووتی بەسەر چاو دێم لە گەڵت. تەکسی بانگ کرد ڕۆیشتین ئەش ترسام لە گەڵی بڕۆم، بەڵام چارم نەبوو لە گەڵی ڕۆیشتم چوینە لای پارێزگار، بۆیان باسکرد کێشەمان چی یە. بە عەرەبی هەنێ شتی وت. کردیانە کوردی وتیان دەڵێ تۆ ئەتوانی تفەنگێکی بڕناو بۆ من بێنی؟ وتم بڕنەوی چی من بڕنەو لە کۆێ بێنم؟ سەیر ئەوە بوو لە ماڵ هاتم تفەنگێکی بڕنەومان بوو لە دڵی خۆمدا وتم بڵێ بزانێ هەمانە دوای تۆزێ هاتمەوە سەرخۆو وتم نا ئەمە ئەیەوێ بمخەڵەتێنی و بم ترسێنێ. هیچم نەوت ترسام. ئینجا وتی ئەی ئەتوانی پارەمان پێ بدەی کچەکەت بەردەین؟ ووتم نەوەڵا پارەم نیە. وتی ئەی ئەتەوێ یەکێکیان بەردەین و ئەوی تریان بەرنەدەین وتم نەوەڵا هەموویان پێکەوە. زۆری وت و ئەنجامی کەم دواتر وتی کچە گەورەکەو پیاوەکە وتەیان لێوەرگیراوە بەڵام بچوکەکە هیچی نەوتوە دوو گەورەکە مەبەستی میناو باوکی بوو بچوکەکەش مەنیجە. نوسراوێکی بۆ کردم و وتی بڕۆ کە نوسینەکەم پیشان پیاوەکەدا وتی ئەمەنوسراوە. گیراوەکان لە فڵان شوێنن بڕۆ سەردانیان بکە ئەوە هەموو کارێك بوو کە بۆم کرا.. وتم هەرباشە .چوومەوە بۆ سەردانی مەنیجە ئەم جارە ڕێگەیان دام کات زیاتر بوو بۆ مانەوە لای. وتی دایە دەڵێن میناش دێنن بۆ ئێرە

.دووبارە چوومەوە پێکەوە بوون میناشیان هێنابوە لایی مەنیجە دایکی مینا ئازاد کرابوو هەواڵی باوکیمان پرسی ئەویش بەند کرابوو

جارێکی تریش سەردانم کردەوە ئەم جارەیان لەوێ نەبوون زۆر ترسام ئەوانەی لەوێ گیرابوون ووتیان چاویان بەستن و بردیانن چومەوە لای ئەو پۆلیسەی چەند جارێك بینیبووم کەمێك کوردی ئەزانی لێی پاڕامەوە وتم کچەکەمیان بۆ کوێ برد؟ بەترسەوە .وتی پێت ئەڵێم بەڵام ناوم نەبەیت ووتم باشە، وتی بردیان بۆ تکریت

هاتمە دەرەوەو چوم بۆ گەراج و سواری سەیارەی تکریت بووم هیچ کوێش شارەزا نەبووم و تائێستا تکریتم نەبینی بوو لە ڕێگە بە شۆفێرەکەم ووت بەندیخانەی پۆلیسی تکریت لە کوێ یە ؟ وتی دەتبەم. بردمیە نزیك بەندیخانەکەو خۆی ڕۆیشت چوومە پێشەوە وتم مناڵم لێرەیە گیراوە. کاغەزەکانم پێ بوو ڕێگەیاندام لە پێش پەنجەرەی گیراوەکان پیاوێکم بینی خەڵکی هەولێر بوو لێم پرسی وتی نازانم. وتم بۆ گیراوی؟ ووتی مریشکم بە گران فرۆشتوە. وتم من دووکچم گیراوە لێرەن. ئاماژەیەکی کرد بە دەست وتی وا بڕۆ . میناش بە لەش و لار بچووك بوو هەردەموت کچمە لەوێ هەردووکیانم پێکەوە بینی لە ژوورێکی بچوکدا بوون زۆر دڵ خۆش بووم کەبینیمنەوە ووتم ئۆخەی ئەوە ئێوەن لایان مامەوە، دایکی میناش لە ڕێگەی خزمێکیانەوە هەواڵی زانیبوو هات . بە پۆلیسەکانم ووت ئەو ژنە دووگیانە لایی دەمینمەوە ووتیان باشە. بینیم مینا دۆخی باشنیە چومە لای پۆلیسەکە چێشت لێنەرەکە ناوی .(مەهدی ) بوو وتم هیچمان پێ نیە لەوانەیە مناڵی ببێت؟ وتی چی بکەم منیش دەسەڵاتم نیە

کورد بوو دوایی وتم ئەتوانم لە خۆڵی ئەو باخچە ببەم پێتان ناخۆش نیە ؟ وتی نا ببیە. هەندێ خۆڵم هێنایە ژورەوە لە پەنایەك دامنا مینا ژان گرتی خۆڵەکەم لە ژێری دانا تا خوێنی منالْ بوونەکە بڵاوەنەکات پەڕۆی پێویستمان پێنەبوو ،کوڕێکی بوو یەك جار منالْەکە دەستی جوڵاندو مرد. میناش بوورایەوە تەندروستی زۆر خراپ بوو هاوارم برد بۆ پۆلیسەکان هاتن( مینا) یان بە ( ئەمبلاس )برد بۆ نەخۆشخانە منیش منالْەکەم بەو پەڕۆیانە پێچیاوە کەلامان بوو، لای ئەوان نەمووت مردووە چووینە نەخۆشخانە مەنیجەشمان لە گەڵ بوو، پیاوێکی ناسیاوم بینی لە نە خۆشخانەکە ناوی( مام مەجید) بوو وتی تۆ خێزانەکەی غالب نیت؟ وتم بەڵێ وتی چییەکەیت لێرە؟ ووتم گیراوین وا ئەو منالْە مردووەمان بووە هاوکاریەکمان بکە ئەو منالْە بووە بینێژە. وتی ناشتنی چی فڕێی بدە شەتەکە. ووتم وەڵا واناکەم. دەستی کردە گیرفانیا پێنج دینارم بداتێ . وتم پارەی تۆم بۆچیە پارەم پێ یە، ئەو ڕۆی، هەندێ چارەسەریان بۆمینا کردوو هینامانیانەوە بەندیخانەکە منیش منالْە مردووەکەم هەڵگرت و ئەو شەوەش هەر لامان بوو پاش نیوەڕۆ دەوامی ئاسایی تەواو بوو، هەر پاسەوانەکان مابوون بە پۆلیسەکەم وت بەڵکو ڕێگەم بدەی ئەم منالْە بنێژم بەڵێن بێ بە لێنی پیاوی مەرد ئەگەڕێمەوە. ووتی بڕوات پێئەکەم بگەڕێیتەوە ئەگەر نە گەڕێیتەوە من بەند ئەکەن. ووتم چۆن ناگەڕێمەوە منالْەکانم لێرەن بەڵێن ئەدەم بە لێنی پیاو بێت نەك هی ژن ئەگەڕێمەوە، بە میناو مەنیجەشم وت هەر نەمرم ئەگەڕێمەوە. مینا وتی بۆ نایبەیتە ماڵ (سەید غەفور ) لە دووز کەوتمەڕێ بۆ گەراج بە شۆفێرەکان نەمووت منالْەکە مردووە ، دوای وتم ئەچمە کفری بە لْکو هەواڵێکی ئاوایش بزانم چوومە کفری بۆ ماڵی خالۆ نوری، سەرەتا ترسان وتیان ئەترسین لێمان بپرسن بڵێن منالْی کێ یە؟ وتم مەترسن ئەڵێم منالْی خۆمە خۆیشم گەنج بووم دوای ئەو ڕووداوە گەڕامەوە ناو خێزانەکەم دوو منالْی ترم بوو. ئیتر ئاوامنیان بینی ناترسم (تۆفیق مامەم و خالۆ نوری) چوون بۆ گۆڕ هەڵکەندن. خۆمیش منالْەکەم شۆردو کفنم لێپێچا لە ماڵ (تاتە زوبێدە) تەرەکتۆرێکی دراوسێەکیان بوو سوار تەرەکتۆر بووم و منالْم برد بۆ گۆڕستانی باوەشاسوار لە کفری، منالْمان بە بێدەنگی ناشت ناومان نا( ئەحمەد) و تا ئەمەمان کرد بوو بە شەو. ئەو شەوە چوومە ماڵی (بەسێ ) خوشکم ) ماڵیان لە کفری بوو لەوێ مامەوە ویستیان پرسیارم لێبکەن وتم هیچم لێمەپرسن زۆر ماندوم با ئێستا بخەوم سبەی بۆتان باس ئەکەم. سبەی هەستام هەمووم بۆ باسکردن و هەواڵی لادێکەمانم پرسی وتیان هاتوو چۆنیەو بەردەوام شەڕە. بە (بەسیەی ) خوشکم ووت کچەکەم (ئایشێ ) لە ماڵ قادرە لە کەرکوك بیهێنە لای خۆت. نەوەستام چیتر لە کفری گەڕامەوە بۆ تکرێت بۆ لای میناو مەنیجە بۆ ناو بەندیخانەکە. مەهدی ترسی نەما منی بینی. لە وێ مامەوە ڕۆژێك (مەهدی )چێشت لێنەری بەندیخانەکە پێی ووتم (میمی ئەتوانیت بچیت کەس و کارت بێنی ببنە کەفیلتان تا ئازاد بن) ووتم نەخێر کەسی وا شك نابەم کەس وکارمان لە لادێ یە. خزمەکانی شاریش نەیان ئەوێرا ببنە کەفیلمان وتی من زۆر بڕوام بە تۆیە ژنێکی ئازای ئەوەی پێم بکرێت هاوکاریت ئەکەم پیاوێك هەیە بە دەسەڵاتە نازانم ئەمنە چی یە بەڵکو یارمەتیتان بدات لە ژوورێکی ناو فەرمانگەکە بوو ئەو شوێنەی ئێمەی لێ بووین زۆر گەورە نەبوو وا دیاربوو بنکەیەکی پۆلیس بێت. پۆلیسیش لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا دەزگایەکی کەم بایەخ بوو زیاتر بەندکراوی کاتی تیادا ڕادەگیرا دەزگای ئاسایش(ئەمن) ئەوان ترسێنەربوون، ئێمە لە بەرئەوەی لە پۆلیس بووین دەرفەتی زۆرترمان بوو ، چوینە لای ئەو کەسە باسی خۆمانم بۆ کرد ئەویش ووتی کچە بچووکەکە هیچ وتەی نەداوە بەردانی ئاسانە بەڵام بۆ مینا ناتوانم. هەولێکتان بۆ ئەدەم. چەند ڕۆژ تێپەڕی وەڵامی نەبوو دواتر وتی هیچم پێناکرێت. دوای ماوەیەك هەندێ خزمان هات بۆ سەردانمان وتیان بۆ منالْەکەی مینات نە هێناوەتەوە لادێ بینێژی ؟ وتم چۆن بێم من دەبوو بگەرَێمەوە بۆ لای ئەمان. ئەوانیش ڕۆشتن و هیچیان لە دەست نەهات . وا زیاتر لە چل شەو تێدە پەڕێ بەسەر منالْ بوونی میناداخۆم ئەم شۆردن و خزمەتی هەردوکیانم ئەکرد میناش توانایی هیچی نەبوو ژوورەکە پیس بوو سپێ تێی دابوین. ڕۆژێك مەهدی پیاوێکی تری هێنا وتی ئەم پیاوە ئەڵێت ئەگەر ئەتوانێت با کچە بچوکەکەی دەرکات هیچی لەسەر نیە. ئیتر کەوتمە بیرکردنەوە چیبکەم ، شەوان تابەیانی بیرم ئەکردەوە چ ڕێگەیەك بدۆزمەوەو چۆن دەرچم ئێمە پایز بوو گیراین وا ئێستا بە هارە کچە بچوکەکەشم براوەتە کفری هەر لەماڵی خوشکەکەمە بە مینام ووت ئەگەر من مەنیجە دەرکەم چی ئەڵێت مینا خەمبار بوو وتی ئەی من چیبکەم؟ مینا قاچی هەر برینی مابوو نەی ئەتوانی بڕوات بۆیە نەم توانی ئەویش دەربکەم. وتم چی هەوڵم داوە بێسود بووە ئیتر ئەبێ خۆم هەوڵ بدەم کەس فریامان ناکەوێت. ئینجا مینا وتی ئەگەر دەرچوون هەوڵێك بۆ منیش بدەن. وام لێهاتبوو لە گەڵ پۆلیسەکان بوومە ئاشناو ناسیاو متمانەیان پێم ئەکرد لە بەرئەوەی من فەرمانی گرتنم نە بوو ئازاد بووم بەڵام لەبەر کچەکەم ئەهاتمەوە ناو بەندیخانەکە. ڕۆژێك دوانیوەڕۆبوو بە پۆلیسەکەم ووت دەرفەتم بدە بچمە دەرەوە کارێکی زۆر پێویستم هەیە، ڕێگەی دام چووم سەیرێکی دەوروبەری بنکەکەم کردو شوێنێکم دیاری کرد گەراجێکی نزیك بوو گەڕامەوە حەمام و ئاودەستەکە لای ژورەکەمان پشتی لەوناوە بوو دەمزانی دیوارەکەی خرمۆکە دەستێکم لێ دا کونێکی تێ بوو خواکردی.. خوا یارمەتی دام بانگی مەنیجەم کردو دەرچووین پێشتر پێم وتبوو ئامادەبە مەنیجەش ئەیوت چاوم نابێنی چەند مانگە دەشتم نەبینیوە هەرچۆن بوو بردم منالْ بوو. تەمەنی دە ساڵ بوو ، هەندێ لە وێ دورکەوتینەوە تەکسیەکم ڕاگرت وتم نا شارەزاین بۆ دکتۆر هاتووین بمانبە گەراجی دووز. هاتمە دووز لە ڕێگە زۆر لە پرسگەکان ترسام بگیرێینەوە بەڵام باش بوو دەرچووین و لە وێوە هاتین بۆ کفری خزمەکان پێیان زانیم زۆر لێم تورە بوون وتیان چۆن ئەم کچەت دەرکردوە بۆ( مینا) شت نە هێناوە؟ وتم چەند مانگە گیراوین کەستان دیار نەبوون ئێستا قسەی چی ئەکەن خۆ ئێوە زۆرتان جاش و عەسکەرن چەنێکە لە کوێن؟ ئەو هەموو ماوەیە خزمەتی مینام کردووە بە برینداری ئێوە چیتانکرد هەر ئەوەندەم پێکرا کچەکەم دەرکەم مینا قاچی برینە توانای ڕێکردنی نەبوو بۆیە نەم هێنا. ئیتر بێدەنگ بوون کەوتمە سۆراخی ئەوەی چۆن بگەمەوە بۆلادێ ڕێگەی لای دووزو کفری گیرابوو لە شارەوە لادێکان تۆپ باران ئەکرا ترسم بوو بۆم بگەڕێن و بگیرێنەوە. لە کفری نەمامەوە هاتمە کەلار. وتیان لە لای (تازە دێ )وە ڕێگەیەك هەیە شەو بە قاچاخ دەرئەچن ئەوشەوە لە کەلار بووین خاوەن ماڵەکەش لە ترسا شەو لە ماڵ

دەرچوون ئێمە بێ خاوەن ماڵ لە ماڵەکە ماینەوە مەنیجەش زۆر ئەترسا هەر دڵنەوایم ئەکرد، بەیانی ڕۆژ بوەوە چوومە تازەدێ سێ شەو لەوێ مامەوە ئەو کاتە بوو کە( هەڵبجە کیمیاباران کرا ) بە تەواوی( 3-16 -1988) بوو کوردستان تێکچوو بوو کەس بە کەس نەبوو بە تەراکتۆرو بە قاچاخە ڕێی گەیشتمەوە کانی عوبێد بۆ ناو خێزانەکەم کە دووکچی ترو کوڕێکیشم لە کاتی هاتنی فڕۆکەکەدا بریندار بووبون و تا ئێستا گاریگەری لە سەر هەستی بیستنیان هەیەو گوێیان گرانە، لەویش کەس بەکەس نەبوو خەڵك لە ترسی بەعس و سوپاکەی بە دەشت و دەرەوە بوون.

سەبریە خان ووتی بیستمان تەیبەو کچەکەی گەڕاونەتەوە بەڵام دەرفەتی ئەوە نەبوو سەردانی بکەین و هەواڵی مینا بپرسین.

وا پێنج شەش مانگ بەسەر ڕووداوی تۆپبارانەکەی فڕۆکەکەدا تێپەڕ دەبێت و تەیبە خان گەڕاوەتەوە ڕەشەبای کیمیاباران و ئەنفال بەڕێوەیە بۆ خەڵکی ئازادی خوازی کوردستان.

تەیبە خان وتی کە هاتمەوە ماڵی میناو مناڵ و هاوسەرەکەی گەڕابوونەوە دێ (توکن) لەبەر ئەوەی دایك و باوکی هاوسەرەکەی مناڵەکانیان بردبوەوە لای خۆیان دوو سێ هەفتەی پێنەچوو ئێمەش لە گەڵ ئەو خەڵکە کەوتینە نێو شاڵاوی ئەنفال و بەرەو کوڵەجۆو قەڵاقۆچاڵی و ملەسورە کەوتینە ڕێ لە کوڵەجۆ زانیم دۆخەکە خراپەو ئەو هەموو ئازارەی ناو زیندانەکانی کەرکوك و تکریتم بینیبوو. بە هاوسەرەکەمم وت با خۆمان بگرین بەدواوەو چاوەڕێی کاتێکی گونجاو بکەین. من (صمود) م بینیوە ئەزانم لە بەین کەلارو کارێزەدایە غالبیی هاوسەریشم وتی منیش زوو لە کارێزە درەوم کردوە شارەزام، مەنیجەش هەر ئەیوت توخوا دایە گیان جاریکی تر نەگیرێینەوە. ئیتر وامان کرد شەو لە گوندی کوڵەجۆ ماینەوە سێ گویدرێژمان بارکردبوو لە نوێن و خواردن و پێویستی، شەش مریشك و تەلە فیزوێنێکی ڕەش و سپیشمان پێ بوو، لە لادێ بە باتری کارمان پێ ئەکرد جێم نەهێشت. لە ڕێگە لە سەرکانی تەشتێك نانم کردبوو زۆر ئەو نانە بە کەڵکمان هات لە ڕێگە لە گەڵ ڕۆنی ئاژەڵی خۆمان ئەمان خوارد بە شی زۆر کەسیشم لێدا، هەرکەس لێ دەخوارد نزایی خێری بۆ ئەکردین، ئەو نزایانە ڕزگاریان کردین. لە گوڵەجۆ چەند چەکدارێکی جاشمان بینی. من چومەنزیکیان ووتم چیبکەین چ باسە؟ وتیان هەموو شتێکتان دەستی بە سەرا گیراوە، خاوەنی خۆشتان نین. بە هاوسەرەکەمم وت ئەچینە صمود ئەویش ووتی منیش خۆم نادەم بە دەستەوە تا چەند ڕۆژێك پێش ئێستا شەڕی ئەم داگیرکەرانەمان ئەکرد، هێشتا برینی ئەو شەڕەم پێوەیە چۆن ئەچمە بەردەستیان. ئیتر شەوی دواتر لە دەرفەتێکدا بە شەو لە گەڵ چەند خێزانی تردا لە ڕێگەی کارێزەوە هاتینە ئوردوگای ڕزگاری و لە پەنایەکدا خۆمان گیردا لە ماڵێك بووین ماوەی هەفتەیەك غالبییش گەڕاوە بۆ سۆراخی خزم و براکانی و ئاژەڵە کانمان دوای چوار ڕۆژ هاتەوە، بەرخێکی پێ بوو وتی ئاژەڵەکانمان هێناوە تا ئەم نزیکانە مەڕەکان خەوتن و بۆمان نەجوڵان سوپاو جاش هاتن کەوتنە بردنی. مەڕێك زابوو لە گەڵ بەرخەکەی هێنام. بەڵام چەند کەسێکم ڕێنوێننی کردو ئەوانیش دەربازبوون. وتم باشت کرد دانیشە خواکەریمە. کازمی کوڕم تازە لاو بوو ناردمە ماڵە ناسیاوێك وتم نەوەك بگیرێت غالبیش چووە ماڵ خزمەکانی خۆی حەشاردا تا حەوت ڕۆژ لەو ماڵە بووین هەستم کرد وا خەریکە لێمان بێزار ئەبن لەو ناوە خانوویەك هەبوو سەری تەنها بەحەسیر گیرابوو چووینە ناوی نایلۆنێکی گەورە لەوناوە بوو سەری کیسەچێمەنتۆی پێداپۆشرابوو، هێنام دام بە سەر مناڵەکانمدا کە باران ئەباری دواتر شوێن و جێمان هەندێ باش بوو ئەوسا توانیم کچە بچوکەکەم لە ماڵ (بەسێ) خوشکم بێنمەوە کە هێنامەوە بینیم پێ یگرتبوو بە داخەوە لە ساڵی 1991 لە کاتی ڕاکە ڕاکەو ئاوارەبوون کەوتە چاڵێك ئاوی بارانەوە لە ڕزگاری(صمود) خنکاو مرد. لەساڵی 1986 لە کانی عوبێد کچێکی گەنجم بە ناوی (گەلاوێژ) بوو بە گولەی وێڵەوەو شەهید بوو. دوای تاوانی ئەنفالیش کە لە ڕزگاری بووین کازمی کوڕم چوو بۆ کرێکاری لە بەغدا لە ڕێگەی سلێمان بە گ بۆ ماوەی ساڵێك گیراو دواتر ئازاد بوو. هونەری کوڕیشم بەهۆی بۆمبی تەیارەکەوە گوێ گران بووە. لە گەڵ ئەوەش ئێستا ئەندازیارەو لە ئەمریکایە مەنیجەش شوی کردوەو ماڵی لە چەمچەماڵە، من و هاوسەرەکەم و سێ مناڵی دیکەم و کوڕەزاکەم لە ڕزگارین و ژیان دەرفەتی ئەوەی پێداین تا ئێرە بێین بەڵام ڕەخنەم لە حکومەتی هەرێم هەیە کچەکانم بە شەهید تۆمار نە کراون، خۆم و مەنیجەو کازمیش کاری زیندانی ڕامیاریمان بۆ نەکراوە، مافی خۆمانە ئەو پاداشتانە وەرگرم هاوسەرەکەشم ماڵی برایەکی بەخێزانەوە ئەنفال کراوەو دایکی لە نوگرە سەلمان گەڕاوەتەوە، خوشکە زایەکیشی ئەنفال کراوە، خوشکەزاکەشی کچی نەمام بوو کە بە دووگیانی تەیارەکە شەهیدی کرد.

تائیرە دواو زوو زوو دەیوت زۆر شتم لە بیر نەماوە نازانم چیم بۆ وتی. منیش دەڵێم ئەو ڕوداوانە هەرگیز وەك خۆی تۆمار ناکرێت و خستنە ڕووی ئەو هەموو ناخۆشیە باری دەرونی ئەوانیش ئازار دەدات، تا ئێرە دەخەینە ڕوو خوا تەمەن و دەرفەتمان پێبدات زیاتر لەم بابەتانە تۆمار بکەین بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی ڕێگری بکات لەم جۆرە تاوانانە کە مرۆڤە دەسەڵاتدارەکان ڕووبەڕووی یەکتری ئەکەنەوە.

زانیاریەکانی ئەو سێ خاتونە

بە پێی زانیاریەکانی ئەو سێ خاتونە (ڕێژاو و سەبری و تەیبە) لە کۆی (45) چل و پێنج خیزانی دانیشتوی دێی کانی عوبێد لە پێش تاوانی شومی ئەنفالدا تەنها چوار خێزان لە ئەنفالدا، ئەنفال کراویان نی یە، ئەوانیش لە دەرەوەی خێزانەکەی خۆیان براو

خوشك و خزمانیان بەرکەوتووە. لەو تۆمارەی ئاماری قوربانیەکان دەست کەوتن (34)سی و چوار خێزان ئەنفال کراون و زۆربەشیان کەسیان دەرباز نەبوونەو هەندێ لە خێزانەکانیش لە سەر ماڵی باوکیان تۆمار کراون، وەك ئەو کوڕانەی پاش خێزان پێك هێنان لە گەڵ ماڵی باوکیان ژیاون. بەم ئامارەش لە دانیشتوانی ئەو دێیە (181)سەدو هەشتاو یەك کەس بێسەرو شوێنەو ئەنفال کراوە کە (95)کەسیان لە ڕەگەزی مێ یەو (86)کەسیان لە ڕەگەزی نێر، لەو بڕوایەدام ژمارەکە زیاتریش بێت لە بەرئەوەی ئەوانەی دەرباز بوون ناوی منالە ساواکانی دراوسێکانیان بە تەواوی نە ئەزانی، دوای بڵاوبونەوەی ئەمە هیوادارم ئامارێکی تەواو دەستکەوێت. ئەگەر تاوانی شومی ئەنفال نەبوایە ئێستا ژمارەی دانیشتوانی دێی کانی عوبێدو کوردستان چەند دەبوو؟!! کە لە ئێستا دا کانی عوبێد یەك ماڵ واتە یەك خێزان لە کۆی (45) خێزان گەڕاوەتەوەو ئەوانەش دەربازبوون و ئەوانەش نەوەی نوێی دوای ئەو ڕوداوەن بە جۆرێك لە زێدی کۆنیان دابڕاون، ئاستەمە تا مێژویەکی دووری داهاتوو بتوانن دۆخی ئاسایی بگێرنەوە بۆ سەردەمی ئاوەدانی و ژیانی لادێ لەپێش ئەنفالدا.

حکومەتی عێراق دوای ڕاگواستنی دێیەکانی نزیك شارەکان لە ساڵی 1987وە چەند ئۆردوگایەکی زۆرەملێی دروستکرد، لە نزیك شارەکان کە یەکێك لەوانە ئۆردوگا( صمود ) بوو لەگەرمیان نزیك قەزای کەلار. شوێنەکەی پێشتر کێڵگەی گەنم و جۆ بوو، هیچ مەرجێکی ژیان و نیشتە جێبوونی تیادا نەبوو، تەنها هەر خێزانەی (200) مەتر زەوی پێدرا (9000) نۆ هەزار پارچە زەوی بە سەر نۆ هەزار خیزاندا دابەشکرا، ئەویش ئەوانەی پێش ئەنفال ڕاگوێزرابوون، لەو ڕووبەرەشدا سی و چوار بیری ئێرتیوازی لێدراو هێڵێکی لاوازی کارەباش بە دارتیلی ئاسن و تەزوی کەم ووزەوە کە زوو زوو دەسوتا خزمەت گوزاری بوو بۆ ئەم شوێنە.

مینا و دراوسیکانی لێرەوە دەستیان کردەوە بە ژیان، مینا لەو ماوەیەی گیرابوو، تەواوی دێیەکانی کوردستان بە کانی عوبێدو توکنیشەوە ڕوخێنران و سوتێنران و تەواوی دانیشتوانەکەشی کەوتنە ناو هێرشێکی دڕندانەی حکومەتی عێراقەوە، بە ناوی کردەوەی ئەنفال. (عملیات انفال) کە لەو ڕووداوەدا مینا چوارمناڵ و هاوسەرەکەی و دوبراو خوشکێکی تیادا شەهیدو بێ سەروشوێنن و ماڵ و سامان و ئاژەڵەکانیشیان لە دەست چوو، لێشیان قەدەغە بوو بچنەوە سەر کێڵگەو شوێنی پێشویان. ئەوانەی لەو شوێنە زەوی یان وەرئەگرت حکومەتی عێراق بڕی (4500) دیناری ئەوکاتەی وەك پێشینەی قەرزی خانوو بەرە پێئەدان بەڵام میناو ئەو خێزانانەی بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتن و لە سەرژمێری 1987 سەرژمیر نەکرابوون، لە لایەن ڕژێمی لە ناو چوەوە زەوی و ئەو قەرزەیان پێنەدرا. میناو سەبریەو ئەوانەی وەك ئەوان بەومێژووەدا تێپەڕین هەریەکە داستانێکن لە نموونەی تێکۆشان و بەرگری لە بوون و مانەوەیان لە سەخترین هەل و مەرجی ژیاندا، ئەوان لە ئێستادا ژنانێکن مایەی شانازی هەموو ژنێکن. بەلام ئەنفال و ئەو سیاسەتەی ڕژێمی لە ناوچوو کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر دروست کردوون لە دوای بیست و حەوت ساڵ هێشتا ڕەش پۆش و لێو بەبارن، هێشتا خەمێکی گران و چاوەڕوانیەکی نا ئومێد سیمایی ژیانیانە، لادێکانیش ئەو دێهاتانەی پێشوو نیەو لە ئێستادا کەمتر لە سەدا بیست و پێنجی ئاوەدانە. کانیاوەکان نەکەوتنەوە سەر ڕێڕەوی خۆیان، نەوەی دوای شاڵاوی ئەنفال بە میوانی بۆ سەردانێك سەر لە زێدی دایك و باوکی و خۆی ئەدات، شمشاڵی شوان و سەوزە وە سەوزەی وەرزێر لە گەرمیان و زۆر ناوچەی تری کوردستاندا وەك جاران دەنگ ناداتەوە ، لە جۆری ئەو شاییەی میناو هاو تەمەنەکانی بە دەنگی جوزەلەکەی ئەحمەدی حاجی ستار گێڕایان، ئەستەمە دووبار ببێتەوە. تەنها پاداشتی قوربانیدانیان ئازادی کوردستان و دەستکەوتەکانی بەری ڕەنجی ئەوان و ئەو هەزارن شەهیدەیە گیانیان بەخشی لەو پێناوەدا.

سوپاس و پێزانین

سوپاسی تایبەتیم بۆ ئەو بەڕێزانەی بە گیڕانەوەی ڕابوردویان هەرچەند ئازار بەخش بوو، بە لێبوردەی خۆیان ئەم لاپەڕانەیان پێم داڕشت. سوپاسی زۆرم بۆ سەبریە خان و کاکە شوانەی کوڕی کە هاوکارم بوون بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان.

زۆر سوپاسی تایبەتیم بۆ هاوڕی و هاوکارم نووسەرو لێکۆڵەری دیاری بواری ئەنفال و جینۆساید" تەها سلێمان " کە ئەرکی پیاچونەوەو پێشەکیەکەی گرتە ئەستۆو هاوکارو هاندەرم بوو بۆ ئەوەی بیگەنم بە چاپ و وەرگێڕان بۆ زمانی ئنگلیزی.

خاتوو کارین ملۆدۆچ

کارین:، خانمێکی به ڕەگەز ئەلمانیەو به کوردیەکی باش و خۆش دەدوێت ماوەی سەردانەکەی به جۆرێك ڕێکخستبوو که ئەو ده ڕۆژه زۆر زوو تێپەڕی و زۆر شوێنمان بێنی و زۆر دیداری باش هەبوو چ له گەڵ کەسانی بیانی یان کوردانی تاراوگه. ئەو خاتوونه به ووتەی خۆی له ساڵی 1988 ئاشنایی کێشەی کوردەو له دوای ڕاپەڕینەکەی ( 1991)شەوە هاتوەتە کوردستان.

له گەڵ ڕێکخراوه مرۆڤ دۆستەکاندا کاری کردوەو کەسێکی به ڕێزو خۆشەویسته لای ژنانی گەرمیان بەگشتی و ژنانی زەرەرمەندی ئەنفال بەتایبەتی. ئەم خانمه تێزی دکتۆراکەی له سەر باری دەروونی ژنانی دەرباز بووی شاڵاوی شومی ئەنفاله، یەکێکه لەوکەسه دەگمەنانەی که زۆر هاوڕیانه لەوانەوه نزیکه. ئەم خاتونەو ڕێکخراوه بەخشندەکەی له ساڵی( 1994) گەشتێکی تایبەتی بۆ ژمارەیەکی زۆر لەو ژنانه ڕێکخست که له دوای هێرشی بەدناوی ئەنفالەوه نەگەڕابونەوه گوندەکانی خویان و بوێری ئەوەیان نەبوو هەواری خاڵی ئازیزانیان ببینن. ئەوو هاوسەره بەڕێزەکەی که کوردێکی گەرمیانی برا ئەنفال کراوه له گەڵ ئەو گروپەی ووڵاتی خۆی له ساڵی (1995) ڕێکخراوێکیان دامەزراند بەناوی (هاوکاری) بارەگای سەرەکی له ووڵاتی ئەڵمانیایه له شاری فرانکفۆرت، لەلایەن حکومەتی ئەڵمانیاوه کۆمەك دەکرێت. ڕێکخراوەکه کاردەکات له بواری مافی مرۆڤ و کەیسی جینۆسایدی کوردو بابەتی مافەکانی تایبەت به ژنان. له کوردستانیش دوو بارەگایان هەیه که یەکەمیان له سلێمانیەو دووەمیشیان له گەرمیانه له ناحیەی ڕزگاری. تا ئێستا چوار گەشتی پڕبایەخ و ئەزمونیان بۆ ژنانی گەرمیان ڕەخساندوه له گەڵ دەیان گەشتی هونەری بۆ نمایش کردنی ئەو فلم و وێنەو بەڵگانەی پەیوەستن به پرسی جینۆ سایدەوه.

هەروەها له ساڵی (1996) هاوکاریەکی زۆری ناوچەی (داودەو بناری گل)یان کرد له چاککردنی ڕێگەو پرد بۆ دیهاتەکانی ئەو سنورەو ئاوەدانکردنەوەی دەیان گوند له گەڵ دروستکردنی خوێندنگەو گەیاندنی هێڵی کارەبا بۆ یەکەم جار لەو ناوچانه، هەروەها بۆیەکەم جاریش لەو شوێنانه گەرماوی گشتیان دروستکرد له گەڵ کارگەی بەفر له ناحیەی زینانه. له ئێستاشدا له هەوڵدان بۆ کردنەوەی سەنتەرێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دەرونی له گەڵ پەیکەرێکی شایسته بۆ ژنانی قوربانی ناو تاوانەکانی ئەنفال له ناحیەی ڕزگاری له گەرمیان به هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئەڵمانیا.

له کوتایدا زۆر سوپاس بۆ کارین خان و هاوڕێکانی که دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساندین له ئەزموونی خۆیان سودمەندمان بکات و به دڵسۆزیان پردی پەوەندی دروستبکات ودەرفەتی ئەوەمان بۆ بڕەخسێنی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان بگەیەنین به گوێی مرۆڤ دۆستان.

زۆر سوپاسی تایبەتیم بۆ کارین خان و هاوکارانی له ڕێکخراوی هاوکاری که ئەرکی له چاپدان و وەرگێڕانی ئەم بەرهەمەیان گرته ئەستۆ وەك به شێك له پرۆژەی بیرەوەری ژنانی نێو تاوانی شومی ئەنفال.

هەندێ پەراوێزی پێویست:

- پاشوێل یان پاشۆڵ: پارچه قوماشیکه مەتریك زیاتر ئەبێت ژنان له کاتی کارکردندا به کاری دێنن و له مل و پشتیان دەیبەستن بۆ کۆکردنەوەی کەواو کراسی کوردی بەکاردێت و له وەرزی بەهاردا له کاتی کنگرکردن و گیا بەهاریەکانی تر و ناو ڕەزو باخدا به کاردێت و ئەوەی کۆی دەکەنەوه له وێی دادەنێن.

- کونەڵان یان کوڵێنان شوێنیکه بۆ هەڵگرتنی ئاوی ساردو دۆو .........هتد له دوو دیواری بەرامبەر بەیەك دروست دەکرێت دیوارەکانی لەگڵ و خشتی گڵه، بەرزیەکەی نزیکەی دوومەتر دەبێت و پانیشی مەتر و نیوێك له بەرزی مەترێکەوه له ناوەڕاستیدا به داری مام ناوەندو قامیش نیوەند گرییەك دروست دەکرێت له نوان هەردوو دوارەکەدا و پۆش و پەڵاش و پونگەی تێدەکریت بۆ فێنکی و بۆ ن خۆشی . به زۆری ڕوەو باکور و باشور دەبێت بۆ ئەوەی خۆری ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوا کاری لێنەکات کونه ئاو مەشکه دۆی له سەر دادەنێن و به چارچەیەکی له خوری و مو چنراو ی تەڕ سەری مەشکەو کونەکان دا ده پۆشن بۆ ئەوەی سارد بێت ئەمه سارد کەرەوەی لادێیه و له سەردەمی بێ کارەبایی و نەبونی به فرگر وه بەکار ئەهات و ئەگەر ماست یان کەره یان میوەیەکیش هەبوایه لەو ێ دا ئەنراو ساردیەکی کونجاوی هەبوو وەك ئاو سارد کەری ئێستا. سەری کۆتایی دوو دیوارەکەش به دار و قامیش دەتەنراو وەك خانوی ئاسایی به قوڕ سواغ ئەدراو باران له شتەکانی نەئەدا.ئەم شوێنه بۆ هاوینان تەواو پێویست و لەبار بوو بۆ لادێ نشینەکان.

- کونه: له پێستی بزن دروست دەکرێت پاش لابردنی موەکەی ئارد و خوێ پێوه ئەکرێت و دواتر به چەند قۆناغ جەوت و تاڵ و خوێ پێوه ئەکرێت وپاش خۆشه ئەبێت بۆ ئاوی سارد خواردنەوه ئاماده ئەبێت و ڕەنگی ڕەشه و دیوی ناوەوەی پێستەکه

دەکەوێتە ڕوی ناوەوە ئاوەکەی تێدەکرێت ،ژنان لەسەر کانی و سەرچاوەکانی تری ئاو پڕی ئاو ئەکەن و بە پشت تا ماڵەوە هەڵی ئەگرن و چارۆکەو پاشوێل و پشتیون یارمەتی پشتیان ئەدات بۆ ئەوەی کونەکە بە پشتیانەوە بگرن و کەمتر تەڕی بگاتە سەر جلەکانیان. ئەم کەرەستە کە کونەی پێدەوترێت ئامرازێکە بۆ ئاو هەڵگرتن و سارد ڕاگرتنی لەسەر کونەلان ،ناوی کونەڵان یان کوڵێنان لەوەوە هاتوە کە ئەو شوێنە لانەی کونەیە.

- مەشکە: مەشکە زیاتر لە پیستی مەڕ دروست دەکرێت وەك کونە خۆشە دەکرێت بەڵام جەوت و تاڵی تێناکرێت بە پێچەوانەوە ڕوی دەرەوەی پێستەکە دەکەوێتە ڕووی ناوەوە ئەمەش بۆ ئەوەیە لە کاتی مەشکە ژەندن کە ماستەکەی تێ ئەکەن کەرەو چەوری لە ڕوی پێستەکە نانیشیت. مەشکەش بۆ هەڵگرتنی دۆش بەکار دێت و دۆیەکە بەساردی و نەترشاوی دەپارێزیت بۆ ماوەیەکی زیاتر ڕەنگەکەشی قاوەی باو دەردەچێت.

- جەوت و تاڵ بەرهەمی دارەبەنن و ئەو کڵاوەیە کە لە گەڵ بەڕو دەڕوێت لە نیشتمانی کوردستان زۆرە.

ناوی شەهیدەکانی دێی کانی عوبێد لە 20-10- 1987

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تیبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1. | باشە محمد بۆیلان | | مێ | |
| 2. | حمدیە رشید محمد | | مێ | |
| 3. | نەمام رشید علی | 1967 | مێ | دوگیان |
| 4. | ئامینە احمد غالب | 1968 | مێ | |
| 5. | زیرەك رشید خورشد | 1986 | نێر | |
| 6. | دارا ڕەشید خورشید | 1985 | نێر | |
| 7. | هیوا رۆستم والی | 1981 | نێر | |
| 8. | غازی نەجمەدین احمد | 1980 | نێر | |
| 9. | ڕەحمە محمد سالح | 1910 | مێ | |
| 10. | گورجی علی کەرەم | 1930 | مێ | |
| 11. | کامەران عزدین فارس | 1969 | نێر | |

ناوی بریندارەکانی هەمان ڕۆژ

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | شوێنی چارەسەر | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1. | مینا علی بابا فارس | 1963 | مێ | کەرکوک | قاچی تەواو نیە |
| 2. | علی بابا فارس | 1930 | نێر | کەرکوک | لە ژیاندا نەماوە |
| 3. | مەنیجە غالب ابراهیم | 1977 | مێ | کەرکوک | کێشەی بیستنی هەیە |
| 4 | گوڵەباخ غالب ابراهیم | 1976 | مێ | تیمارگەی شۆڕش | تائێستا گوێی نابیستە |
| 5 | هونەر غالب ابراهیم | 1978 | نێر | | تا ئێستا گوێی نابیستە |
| 6 | سولتان سالح خدر | | مێ | | لە ژیاندا نەماوە |
| 7 | نەسرەدین احمد ڕەزا | | نێر | | |
| 8 | عزیز نەسرەدین احمد | | نێر | | |
| 9 | جەیران نەسرەدین احمەد | | مێ | | ئەنفال |
| 10 | جەمیلە حیدر غفور | | مێ | | لە ژیاندا نەماوە |
| 11 | تەمینە عزیز جاسم | | مێ | | |
| 12 | تەیبە والی بابا فارس | 1950 | مێ | | ماوە |
| 13 | فاتح مجید امین | 1947 | نێر | ئەنفال | |
| 14 | رفیق عومەر سالح | | نێر | ئەنفال | |
| 15 | نازم فارس ڕەشید | | نێر | ئەنفال | |
| 16 | نوری فارس ڕەشید | | نێر | ئەنفال | |
| 17 | رسول رۆستم والی | 1967 | نێر | ئەنفال | |
| 18 | تەمین فاتیح محمد | | مێ | ئەنفال | |
| 19 | پەروین سابیر سەمین | | مێ | | لە ژیان نەماوە |
| 20 | فایەق قادر حمەخان | 1935 | نێر | | لە زیندان گەڕااوەتەوە |
| 21 | یاسین فایەق قادر | | نێر | | لە ژیان نەماوە |
| 22 | دڵسۆز محمود ابراهیم | 1965 | مێ | | ئەنفال |
| 23 | مەلیحە محمود کەریم | 1972 | مێ | | ئەنفال |
| 24 | محمد هادی حمید | 1956 | نێر | ئەنفال | |
| 25 | سویبە احمد محمد | 1963 | مێ | | |
| 26 | گوڵپەمو محمد رەزا | | مێ | ئەنفال | |
| 27 | لەتیف دەروێش عەلی | 1968 | نێر | | ئەنفال |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 28 | فەریق موسا کەریم | | نێر | |
| 29 | ئامینە فایەق خورشید | 1973 | مێ | ئەنفال |
| 30 | محمود کەریم عەلی | 1940 | نێر | لە زیندان گەڕاوە لە ژیان نەماوە |
| 31 | نەوات عبدالله ڕۆستم | 1960 | مێ | ئەنفال |
| 32 | فەرهاد عەلی بابا | 1971 | نێر | ئەنفال |
| 33 | سەعید خورشید ئەمین | 1950 | نێر | ئەنفال |
| 33 | سەعدە مەجید ئەمین | | مێ | لە ژیان نەماوە |
| 34 | شوکر ڕەحیم | | نێر | پێشمەرگەی شەهید 1991 |

ناوی ئەنفال کراوەکان لە ساڵی 1988

1/خێزانی مینا عەلی بابا فارس

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تیبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ستار محمود عبدالله | 1956 | نێر | ئەنفال |
| 2 | فریاد ستار محمود | 1982 | مێ | لە زیندانی نوگرەسەلمان شەهید بووە |
| 3 | سەراب ستار مەحمود | 1985 | مێ | لە زیندانی نوگرەسەلمان شەهید بووە |
| 4 | هێمن ستار مەحمود | 1984 | نێر | لە زیندانی نوگرەسەلمان شەهید بووە |
| 5 | ئەحمەد ستار مەحمود | 1988 | نێر | لە زیندانی تکریت شەهید بووە |

2/ خێزانی سەبریە کەریم احمەد

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | محەمەد مەجید غەنی | 1958 | نێر | ئەنفال |

3/ خێزانی ڕێژاو بابا یابا

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | علی مەجید غەنی | 1947 | نێر | ئەنفال |
| 2 | حسین علی مەجید | 1971 | نێر | ئەنفال |
| 3 | وشیار علی مەجید | 1984 | نێر | ئەنفال |
| 4 | ئازاد عەلی مەجید | 1988 | نێر | لە ڕێگە شەهید بووە |

4/ خێزانی عاسی عەلی بابا فارس

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | عاسی عەلی بابا فارس | 1962 | نێر | ئەنفال |
| 2 | شەوقی والی بابا فارس | 1964 | مێ | ئەنفال |
| 3 | ڕزگار عاسی عەلی | 1983 | نێر | ئەنفال |
| 4 | شەماڵ عاسی عەلی | 1986 | نێر | ئەنفال |

5/ خێزانی عەلی بابا فارس

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فەرهاد عەلی بابا فارس | 1971 | نێر | ئەنفال |
| 2 | خاوەر عەلی بابا فارس | 1972 | مێ | ئەنفال |

6/ خێزانی ناميق مەحمود کەریم عەلی تەنها خۆی دەرباز بوە لەو خێزانەدا باوکی لەنوگرەسەلمان گەڕایەوەو لە ژیان نەماوە

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | غەزنە احمەد امین | 1952 | مێ | ئەنفال |
| 2 | جیهانگیرمەحمود کەریم | 1971 | نێر | ئەنفال |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 3 | مەلیحە مەحمود کەریم | 1973 | مێ | ئەنفال |
| 4 | سەردار مەحمود کەریم | 1976 | نێر | ئەنفال |
| 5 | کەمال مەحمود کەریم | 1978 | نێر | ئەنفال |
| 6 | جەمال مەحمود کەریم | 1984 | نێر | ئەنفال |

7//خێزانی بە هیە قادر نەجم   دایکیان لە نوگرە سەلمان گەڕاوە    عەلی کەریم پێشتر مردوە

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | جەلال عەلی کەریم | 1970 | نێر | ئەنفال |
| 2 | نەوات علی کریم | | مێ | ئەنفال |
| 3 | ئیکرام عەلی کەریم | 1966 | نێر | ئەنفال |

8/خێزانی محمد عەلی کەریم

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | محەمەد عەلی کەریم | 1952 | نێر | ئەنفال |
| 2 | عەتیە جەبار عبدلله | 1956 | مێ | ئەنفال |
| 3 | شلێر محمد عەلی کەریم | 1979 | مێ | ئەنفال |
| 4 | گەلاوێژ محمد علی کریم | 1980 | مێ | ئەنفال |
| 5 | ئەسکەندەرمحمد عەلی کریم | 1982 | نێر | ئەنفال |
| 6 | گەوهەر محمد عەلی کەریم | 1984 | مێ | ئەنفال |
| 7 | دانا محمد عەلی کەریم | 1986 | نێر | ئەنفال |
| 8 | هاجەر محمد عەلی کەریم | 1987 | مێ | ئەنفال |

9/خێزانی عەبدلله عەلی کەریم

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | عبدلله عەلی کەریم | 1954 | نێر | ئەنفال |
| 2 | نەوات عەبدلله ڕۆستەم | 1960 | مێ | ئەنفال |
| 3 | سەنگەر عەلی کەریم | 1984 | نێر | ئەنفال |
| 4 | پرشنگ عەلی کەریم | 1986 | مێ | ئەنفال |

خیزانی حەسەن مەلا تەنها خوی دەربازبوە/10

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | شەمسە عەلی محمد | 1937 | مێ | ئەنفال |
| 2 | یاسین حەسەن احمەد | 1968 | نێر | ئەنفال |
| 3 | پەسەن حەسەن احمەد | 1967 | مێ | ئەنفال |
| 4 | نەشمیل حەسەن احمەد | 1973 | مێ | ئەنفال |
| 5 | نەجیبە حەسەن احمەد | 1976 | مێ | ئەنفال |
| 6 | عەباس حەسەن احمەد | 1978 | نێر | ئەنفال |
| 7 | چنور حەسەن احمەد | 1979 | مێ | ئەنفال |
| 8 | محەمەد حەسەن احمەد | 1982 | نێر | ئەنفال |
| 9 | ئازاد حەسەن احمەد | 1983 | نێر | ئەنقال |

خێزانی خالید عوبێد/11

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خالید عوبێد محمد | 1962 | نێر | ئەنفال |
| 2 | شیرین سالح حسن | 1967 | مێ | ئەنفال |
| 3 | سەرکەوت خالد عوبێد | 1984 | نێر | ئەنفال |
| 4 | ناسکە خالد عوبێد | 1988 | مێ | ئەنفال |
| 5 | مەعسوم سەعید محمد | 1945 | مێ | ئەنفال/دایکی خالد |

خێزانی سالّح عوبید محمد/12

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سالّح عوبید محمد | 1963 | نێر | ئەنفال |
| 2 | فەرید محمد عەزیز | 1968 | مێ | ئەنفال |
| 3 | جوان سالح عوبێد | 1984 | مێ | ئەفال |
| 4 | ئەستێرە سالح عوبێد | 1986 | مێ | ئەنفال |

خێزانی هیدایەت دەروێش عەلی کە تەنها خۆی دەرباز بووە لە ئەنفال/13

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕێزان قادر احمەد | 1971 | مێ | ئەنفال/هاوسەری هیدایەت |
| 2 | نەورۆز هیدایەت دەروێش | 1984 | مێ | ئەنفال |
| 3 | سەرتیپ هیدایەت دەروێش | 1985 | نێر | ئەنفال |
| 4 | ئاوات هیدایەت دەروێش | 1986 | مێ | ئەنفال |
| 5 | ئەدیبە هیدایەت دەروێش | 1988 | مێ | ئەنفال |

خێزانی جەبار دەروێش عەلی/14

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | جەبار دەروێش عەلی | 1956 | نێر | ئەنفال |
| 2 | دڵسۆز مەحمود ابراهیم | 1965 | مێ | ئەنفال/هاوسەری جەبار |
| 3 | دەشتی جەبار دەروێش | 1983 | نێر | ئەنفال |
| 4 | شۆخان جەبار دەروێش | 1985 | مێ | ئەنفال |
| 5 | لەتیف دەروێش عەلی | 1968 | نێر | ئەنفال/برایی جەبار |

خێزانی بەیان عومەر بابا فارس/15

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕەفعەت عومەر بابا فارس | 1956 | نێر | ئەنفال |

خێزانی فایەق قادر حەمەخان و سەمەن ڕەزا خێزانی /لە نوگرەسەلمان گەڕاوەتەوە./16

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | جمیلە رحیم سالح | 1941 | مێ | ئەنفال |
| 2 | پەروین فایەق قادر | 1966 | مێ | ئەنفال |
| 3 | بەرخە فایەق قادر | 1970 | مێ | ئەنفال |
| 4 | جوانە فایەق قادر | 1974 | مێ | ئەنفال |
| 5 | ئامینە فایەق قادر | 1971 | مێ | ئەنفال |
| 6 | سێوە فایەق قادر | 1969 | مێ | ئەنفال |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 7 | حيدر بەكر فايەق خێزانی | 1983 | نێر | ئەنفال |
| 8 | شیلانه بەکر فایەق | 1985 | مێ | ئەنفال |

خێزانی فاروق قادر حمەخان /17

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فاروق قادر حمەخان | 1953 | نێر | ئەنفال |
| 2 | کامیله قادر حمەخان | 1955 | مێ | ئەنفال |
| 4 | مەهروب احمەد عبدالكريم | 1957 | مێ | ئەنفال |
| 4 | کاوه فاروق قادر حمەخان | 1981 | نێر | ئەنفال |
| 5 | ژیان فاروق قادر حمەخان | 1980 | مێ | ئەنفال |
| 6 | بێخاڵ فاروق قادر حمەخان | 1982 | مێ | ئەنفال |
| 7 | ناسك فاروق قادر حمەخان | 1983 | مێ | ئەنفال |
| 8 | ئایشه فاروق قادر حمەخان | 1984 | مێ | ئەنفال |
| 9 | ئەوین فاروق قادر حمەخان | 1986 | مێ | ئەنفال |

خێزانی فەریق قادر حمەخان/18

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | عەتیه احمەد عبدالكريم | 1952 | مێ | ئەنفال |
| 2 | فاتمه فەریق قادر حمەخان | 1979 | مێ | ئەنفال |
| 3 | لەولاو فەریق قادرحمەخان | 1983 | مێ | ئەنفال |
| 4 | هەناره فەریق قادرحمەخان | 1984 | مێ | ئەنفال |
| 5 | غەریب فەریق قادر حمەخان | 1986 | نێر | ئەنفال |

خێزانی حەسیب عومەر بابا فارس/19

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | حەسیب عومەر بابا فارس | 1954 | نێر | ئەنفال |
| 2 | ناسك سەعید قارەمان | 1960 | مێ | ئەنفال |
| 3 | سوعاد حسیب عومەر بابا فارس | 1981 | مێ | ئەنفال |

4 ڕەمەزان حسیب عومەر بابا فارس 1983 نێر ئەنفال

5 کەژاڵ حسیب عومەر بابا فارس 1985 مێ ئەنفال

6 مازیندەران حسیب عومەر بابا فارس 1987 نێر ئەنفال

خێزانی جەلال عبدالرحمان فرود/20

ژ ناوی سیانی تەمەن ڕەگەز تێبینی

1 جەلال عبدالرحمان فرود نێر ئەنفال

2 مەلیحە ڕۆستەم والی بابا فارس 1966 مێ ئەنفال .دوگیان بوو

3 سەردار عبدالرحمان فرود نێر ئەنفال

خێزانی ڕۆستەم والی بابا فارس وادی /21

ژ ناوی سیانی تەمەن ڕەگەز تێبینی

1 ڕۆستەم والی بابا فارس وادی 1943 نێر ئەنفال

2 تەمینە محمد فاتح 1937 مێ ئەنفال

3 ڕەسوڵ ڕۆستەم والی بابا فارس 1967 نێر ئەنفال

4 ئەختەر ڕۆستەم 1968 مێ ئەنفال

5 شابانوو ڕۆستەم والی بابا فارس 1969 مێ ئەنفال

6 مەهاباد ڕۆستەم والی بابا فارس 1967 مێ ئەنفال

7 لیلی ڕۆستەم والی بابا فارس 1971 مێ ئەنفال

8 هێمن ڕۆستەم والی بابا فارس 1972 نێر ئەنفال

9 شەرمین ڕۆستەم والی بابا فارس 1973 مێ ئەنفال

10 پشتیوان ڕۆستەم والی بابا فارس 1974 نێر ئەنفال

خێزانی سەعید خورشید ئەمین/22

ژ ناوی سیانی تەمەن ڕەگەز تێبینی

1 سەعید خورشید ئەمین 1950 نێر ئەنفال

2 سەلما مجید ئەمین 1955 مێ ئەنفال

3 گورجی سەعید خورشید 1984 مێ ئەنفال

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 4 | دلێر سەعید خورشید | 1977 | نێر | ئەنفال |
| 5 | سوراب سەعید خورشید | 1980 | مێ | ئەنفال |
| 6 | هونەر سەعید خورشید | 1982 | مێ | ئەنفال |

خێزانی فایەق خورشید ئەمین لە نوگرە سەلمان گەڕاوەتەوە/23

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | نەدیمە ڕەشید غەنی | 1949 | مێ | ئەنفال |
| 2 | محەمەد فایەق خورشید | 1967 | نێر | ئەنفال |
| 3 | فەخرەدین فایەق خورشید | 1971 | نێر | ئەنفال |
| 4 | نەسرە دین فایەق خورشید | 1972 | نێر | ئەنفال |
| 5 | کاوە فایەق خورشید | 1982 | نێر | ئەنفال |
| 6 | خەبات فایەق خورشید | 1980 | مێ | ئەنفال |
| 7 | ئامینە فایەق خورشید | 1973 | مێ | ئەنفال |
| 8 | گەلاوێژ فایەق خورشید | | مێ | ئەنفال |
| 9 | مریەم فایەق خورشید | | مێ | ئەنفال |

خێزانی نامیق خورشید ئەمین لە شەڕی ناوخۆ لە ساڵی 1994 شەهید بوو تەواوی خێزانەکەی ئەنفالە/24

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | لیلی مجید ئەمین | 1950 | مێ | ئەنفال |
| 2 | زەینەب نامیق خورشید ئەمین | 1972 | مێ | ئەنفال |
| 3 | تەلعەت نامیق خورشید ئەمین | 1973 | نێر | ئەنفال |
| 4 | ئەحمەد نامیق خورشید ئەمین | 1975 | نێر | ئەنفال |
| 5 | صدیق نامیق خورشید ئەمین | 1977 | نێر | ئەنفال |
| 6 | سۆران نامیق خورشید ئەمین | 1978 | نێر | ئەنفال |
| 7 | گۆران نامیق خورشید ئەمین | 1980 | نێر | ئەنفال |
| 8 | سیروان نامیق خورشید ئەمین | 1982 | نێر | ئەنفال |
| 9 | سوراب نامیق خورشید ئەمین | 1984 | مێ | ئەنفال |
| 10 | زریان نامیق خورشید ئەمین | 1986 | مێ | ئەنفال |

25/خێزانی فاتیح مەجید ئەمین

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فاتیح مەجید ئەمین | 1947 | نێر | ئەنفال |
| 2 | جیهان حسین خەلیل | | مێ | ئەنفال |
| 3 | سەمین فاتیح مەجید ئەمین | 1975 | نێر | ئەنفال |
| 4 | جەمیل فاتیح مەجید ئەمین | 1976 | نێر | ئەنفال |
| 5 | سەیران فاتیح مەجید ئەمین | 1978 | مێ | ئەنفال |
| 6 | ژیان فاتیح مەجید ئەمین | 1981 | مێ | ئەنفال |
| 7 | تابان فاتیح مەجید ئەمین | 1983 | مێ | ئەنفال |

26/خێزانی ناصح مەجید ئەمین

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ناصح مەجید ئەمین | 1950 | نێر | ئەنفال |
| 2 | سەبری خورشید ئەمین | 1956 | مێ | ئەنفال |
| 3 | کازم ناصح مەجید | 1974 | نێر | ئەنفال |
| 4 | جاسم ناصح مەجید | 1976 | نێر | ئەنفال |
| 5 | گوڵەباخ ناصح مەجید | 1977 | مێ | ئەنفال |
| 6 | ئامینە ناصح مەجید | 1979 | مێ | ئەنفال |

27/خێزانی فەیزوڵا مەجید ئەمین

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فەیزوڵا مەجید ئەمین | 1954 | نێر | ئەنفال |
| 2 | فکری خورشید ئەمین | 1958 | مێ | ئەنفال |

28/ خێزانی مەجید ئەمین

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فازڵ مەجید ئەمین | | نێر | ئەنفال |

29/ خێزانی هادی حەمید محەمەد

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هادی حەمید محەمەد | 1922 | نێر | ئەنفال |
| 2 | حمدیە ئەحمەد حەسەن محەمەد | 1933 | مێ | ئەنفال |
| 3 | ئایشە هادی حەمید | 1967 | مێ | ئەنفال |
| 4 | زوبێدە هادی حەمید | 1969 | مێ | ئەنفال |
| 5 | زەینەب هادی حەمید | 1972 | مێ | ئەنفال |
| 6 | نەجیبە هادی حەمید | 1982 | مێ | ئەنفال |
| 7 | مەهدی  هادی حمید | 1979 | نێر | ئەنفال |
| 8 | محمد هادی حمید | 1956 | نێر | ئەنفال |
| 9 | ئاوات هادی حمید | 1976 | مێ | ئەنفال |

30/ هاشم هادی  حمید محمد

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تیبنی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هاشم هادی حمید | 1954 | نێر | ئەنفال |
| 2 | ئەمنە محمد عزیز | 1967 | مێ | ئەنفال |
| 3 | هوشیار هاشم هادی | 1987 | نێر | ئەنفال |

31/ خێزانی  محەمەد ابراهیم محمەد – دایکی  تەمینە عەزیز جاسم لەنوگرەسەلمان گەڕاوە

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | محەمەد ابراهیم محەمەد | 1954 | نێر | ئەنفال |
| 2 | ئامینە ئەحمەد محمەد | 1960 | مێ | ئەنفال |
| 3 | شیرین محەمەد ابراهیم | 1976 | مێ | ئەنفال |
| 4 | مریەم محەمەد ابراهیم | 1978 | مێ | ئەنفال |
| 5 | نەورۆز محەمەد ابراهیم | 1980 | مێ | ئەنفال |
| 6 | کەتان محەمەد ابراهیم | 1982 | مێ | ئەنفال |
| 7 | کامەران محەمەد ابراهیم | 1984 | نێر | ئەنفال |

خێزانی سابیر سەمین حەلیم /32

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەسیە ابراهیم | 1950 | مێ | ئەنفال | |
| 2 | نەسرین سابیر سەمین | | 1967 | مێ | ئەنفال |
| 3 | محمد سابیر سەمین | 1971 | نێر | ئەنفال | |
| 4 | پێشڕەو سابیر سەمین | | 1988 | نێر | ئەنفال |
| 5 | سامان سابیر سەمین | 1974 | نێر | ئەنفال | |
| 6 | چیمەن سابیر سەمین | 1975 | نێر | ئەنفال | |

خێزانی قاسم نەجمەدین احمەد خۆی دەرباز بووە/33

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | گوڵپەمو محمد ڕەزا | | مێ | ئەنفال-دایکی قاسم |
| 2 | غازی نەجمەدین | | نێر | ئەنفال |

فارس ڕەشید محمد لە نوگرە سەلمان گەڕاوەتەوە تەنها خۆی دەرباز بوە لە بەر بەتەمەنی مێژوی لە دایك بوونیانی نە ئەزانی/34

| ژ | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | تێبینی | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ماهی ڕەزا خدر | | مێ | ئەنفال | |
| 2 | نەسرین فارس ڕەشید | | | مێ | ئەنفال |
| 3 | شێرکۆ فارس ڕەشید | | نێر | ئەنفال | |
| 4 | نازم فارس ڕەشید | | نێر | ئەنفال | |
| 5 | نوری فارس ڕەشید | | نێر | ئەنفال | |
| 6 | شەکەر فارس ڕەشید | | نێر | ئەنفال | |